# کـفـری (سەڵاحـیـە)

## لـە بـەڵگەنامـەکانـی عوسـمانیدا

١١٨١-١٣٣٥ کۆچی

١٧٦٧-١٩١٧ زایینی

**بـەرگـی چـوارده**

بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان

خـانـەی ئـەرشیـف و بـەڵگـەنـامـەکـان

٢٠٢٢


ئامادە و پێـشکەشکردنی: **د. نـەوزاد یـەحیا باجـگر**

وەرگێـڕان: **ئاشـتی رەحـمان**

# پێرست


| زنجیره | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ١ | پێشەکی | ٧ |
| ٢ | چەند ڕونکردنەوەیەك لە بارەی بەڵگەکان | ٨ |
| ٣ | شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی | ١٠ |
| ٤ | کۆد و ووشەی ڕەسەنی کۆدەکان | ١٦ |
| ٥ | بەڵگەکان | ٢١ |


هەواڵنامەی کتێب




• ناوی کتێب • **کـفـری (سەڵاحیـە)** لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا
بەرگی چوارەم ١١٨١-١٣٣٥ کۆچی/ ١٧٦٧-١٩١٧ زایینی
• ئامادە و پێشکەشکردنی • د. نەوزاد یەحیا سەعید باجگر
• وەرگێڕان (زمانی عوسمانی) • ئاشتی رەحمان
• بەڕێوبەری هونەری • بورهان سابیر
• دیزاینی ناوەرۆک • سومەییە مورادی
• بڵاوکراوەی • زانکۆی جیهان | خانەی ئەرشیف و بەڵگەنامەکان
• تیراژ • ١٠٠٠ دانە
• چاپ • یەکەم ٢٠٢٢ هەولێر
ISBN 978-9922-9909-1-0

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (٥٧٧)ی ساڵی٢٠٢٢ی وەزارەتی رۆشنبیری

بۆ داونلۆدکردنی کتێبەکان: Download Books
www.NawzadBajger.net
www.NawzadBajger.org
chairman@cihanuniversity.edu.iq

تەواوی مافی
ئەم کتێبە پارێزراوە
بۆ زانکۆی جیهان

هەواڵنامەی کتێب

ئەم وشە و بیروبۆچوونانەی کە لەم پەرتوکەدا نووسراوەتەوە سەرچاوەکەی بەڵگەکانە و ئێمە لێی بەرپرس نین، لەبەر ئەمانەتی زانستیش لەکاتی وەرگێڕانی دەستکاری نەکراوە.

# پێشەکی

بە خوێندنەوە و چاوخشاندن بە بەڵگەنامەکانی سەرۆکایەتی ئەرشیفی عوسمانی دەتوانین بڵێین؛ لە رووی سیاسییەوە کفری یا ئەسکی کفری یاخود سەڵاحیە سێ ناوی جیاواز بۆ شوێنێکی ستراتیژی نێوان عوسمانیەکان و ئێرانیەکان بەکارهاتووە، هەروەها وەکو ناوچەکانی تری عیراق هەمیشە شوێنی ناکۆکی نێوان ئەم دوو وڵاتە زلهێزە بووە، بە تایبەتی بۆ ئێران، چونکە سەر رێگا بووە بۆ چوونە کەربەلا و نەجەف، گەشتیارانی ئێران بە کفری تێپەریون، تا بگەنە ئەم دوو شارە، جگە لەمە شوێنی کاروانانی بازرگانی بووە بۆ بەغداد و بەشەکانی تری عیراق، کە زۆربەی کات هەم گەشتیارانی ئێران هەم کاروانەکانی بازرگانی تووشی چەتەی عەشیرەتەکان بوونەتەوە، کەلوپەل و پارەوپولیان تاڵان کراوە، بۆیە حکوومەتی عوسمانی دەستپێشخەری و ئامادەکاری کردووە بۆ پاراستنی رێگاکان و قەزاکە، هەروەها دوورخستنەوەی چەتە و ئاژاوەگێران.

هەرچی لایەنی ئیداریە ئەوا وەکو ویلایەت و سانجەق و قەزا و ناحیە و گوندەکان بە گشتی کێشەی فەرمانبەرانی هەبووە، بۆ نموونە کەسێك ئەرکی وەرگرتووە کە شایەنی ئەرکەکە نەبووە و لە رووی توانا و لێهاتوو و زانیارییەوە کەموکوری هەبووە، ئەمەش کاری کردۆتە سەر ئەرکەکەی و ئەرکە ئیداریەکە کێشە و گرفتی تێکەوتووە و کەموکوری دروست کردووە، یا ئەوەتا بە پێچەوانەوە ئەم فەرمانبەرە لێهاتوو و پر ئەزموون بووە، بەڵام لەلایەن چەتە و دانیشتوان و عەشیرەتەوە تەگەرە خراوەتە بەردەمی کە نەتوانێ لە کارەکەی بەردەوام بێت، یاخود فەرمانبەرەکە خودی خۆی سەرپێچی کردووە و لە رێنماییەکان دەرچووە و یاسای پێشیل کردووە، بۆیە لەلایەن پەیوەندیدارانەوە دراوەتە دادگا و لە کارەکەی دوور خراوەتەوە واتە سزا دراوە، بەڵام ئەم سزایە هەندێك جار جێبەجێ نەکراوە و هەندێك جاریش ناوبراو گەڕێندراوەتەوە سەر کارەکەی، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بۆتە هۆکار تا کێشە و کەموکوریەکان کۆتایی نەیەت، بێگومان هەشیانە زۆر بە دڵسۆزی ئەرکەکەی جێبەجێ کردووە، لەلایەن حکوومەتەوە پاداشت کراوە بە وەرگرتنی پلە و نیشان.

جگە لە پاداشت و سزا، چەندین ئیمتیاز هەبووە بە یاسا و رێنمایی دەوڵەت رێکخراوە و جێبەجێ کراوە، فەرمانبەرانی دەوڵەت لە هەر پلەوپایەیەك بووبن، لە کاتی خانەنشین، دوورخستنەوە و دابران مووچە بۆ خێزانەکەیان براوەتەوە، تەنانەت لە کاتی وەرگرتنی ئەرکێك جیا لە ئەرکەکەی خۆی، ئەوا جگە لە مووچەکەی بۆ ئەم ئەرکەی کە پێی سپێردراوە، خەرجی رێگا و رۆژانەی بۆ براوەتەوە، بەڵام تا چەند بریار و فەرمانەکان جێبەجێ کراوە، ئەمەیان جێگای پرسیارە، چونکە نووسراوە فەرمیەکان ئاماژەیان بە جێبەجێ کردنی کردووە، بەڵام نووسراوی تر نییە ئاماژە بە خەرج کردنەکەی کرابێت، هەروەك چۆن لە هەندێك نووسراوەکاندا واتە بەڵگەنامەکان کە ئاماژە بە جێبەجێ نەکردن و دواکەوتنی جێبەجێ کردنەکەی دراوە.

لە رووی پیشەش دانیشتوانەکەی بە جوتیاری و بەخێوکردنی ئاژەڵ خەریك بوون، واتە لە چینێکی هەژار و دەستکورت پێك هاتبوون، هەر کاتێك ئافاتی ئاسمانی و زەوی روویدا بێت ئەوا زیانی بە کشتوکاڵی ناوچەکە گەیاندووە و حکوومەت بۆ قەرەبووکردنەوەی دانیشتوان ئامادەکاری کردووە و گەنم و زەخیرەی تری بەسەریان دابەش کردووە جگە لە پارە، لەلایەکی تر حکوومەت لەم کشتوکاڵەدا داهاتی دە یەکی وەرگرتووە، لەگەڵ ئەمەش وەکو ناوچەکانی تری عیراق کێشەوگرفتی وەرگرتنی باجی دە یەك و باجەکانی تری هەبووە.

ئەمانە بەشێکن لە زانیاری نێو بەڵگەکاندا کە ئاماژەمان پێکرد، چەندین بابەتی جۆراوجۆریش لە نێو بەڵگەنامەکاندا هەیە، لەگەڵ خوێندنەوەیان خوێنەر ئاشنای دەبێت، ئاواتەخوازین توێژەران و خوێنەران سوود لەم پەرتوکە ببینن، ئەم سوود وەرگرتنەش پاداشت کردنی ئێمە و زانکۆکەمانە.

د. نەوزاد یەحیا باجگر
سەرۆکی دەستەی ئەمینداریەتی کەمپەکانی زانکۆی جیهان

# چەند روونکردنەوەیەك لە بارەی بەڵگەكان

١ • لە بەڵگەکاندا هەڵەی ساڵ، مانگ و رۆژ کراوە؛ لە بارەی مێژووی ناو بەڵگەکان ئەوا مێژووی کۆچی و رومی بەکارهاتووە، لە هەندێک بەڵگەشدا مێژووی رومی یا کۆچیەکەی نووسراوەتەوە، بە تایبەتی لە ساڵە رومیەکە هەڵەی تێدا کراوە.

٢ • هەڵەی ناوی تێدایە، بۆ نموونە ناوی کەسێتی، شوێن و عەشیرەت بە هەڵە نووسراوەتەوە، ئەم نووسەرەی نووسراوەکەی نووسیوەتەوە کوردییەکەی باش نەبووە، بە شێوازی سەر زاری خۆی ووشەکەی نووسیوەتەوە، یاخود لە بارەی ناوچە و شوێنەکانەوە شارەزاییەکی ئەوە تۆی نەبووە، زانیاری لە شێوەزاری ناوچەکەش نەبووە، بۆیە بە هەڵە نووسیویەتیەوە، لە کاتی وەرگێرانیش هەروەکو خۆی نووسراوەتەوە، دەستکاری نەکراوە.

٣ • لە بارەی وەرگێرانی بەڵگەکان، هەروەکو خۆی وەرگێردراوە؛ یەک ووشە زیاد یاخود یەک ووشە کەمی نەکردووە، تەنانەت هەوڵ دراوە لە کاتی وەرگێرانەکە دەستکاری دەستەواژە و ووشەکان نەکرێت، چونکە ئەگەر بە گوێرەی زمانەوانی کوردی دەستکاری دەستەواژە و ووشەکان بکرابوایە، ئەوا دەبووایە دەستکارییەکی زۆری دەستەواژەکان بکرێت، هۆکاری دەستکاری نەکردنەکەش بۆ ئەوە بووە تا بەڵگەکان رەسەنایەتی خۆیان لە دەست نەدەن، لە هەمان کاتدا خوێنەر و مێژوونووسان لە شێوازی نووسینی بەڵگە و شێوەزاری ئەم سەردەمەی نووسەران ئاشنا بن، کە ئەم بەڵگانە بە چ شێوازێک نووسراونەتەوە، جگە لەمەش کاری نووسەر و مێژوونووسانە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە زانیاری ناو بەڵگەکان، روون کردنەوە و شی کردنەوە بۆ بابەتی ناو بەڵگەکەکان بکەن.

٤ • لە هەندێک بەڵگەدا بۆشایی هەیە، ئەوانیش بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن؛ هۆکاری ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی نووسینەوەی نووسراوەکە هەندێک ووشەی نهێنی هەبووە، نەویستراوە ئاشکرا بێت، بۆیە نووسەرەکە بۆشایی بەجێ هێشتووە، تەنیا ئەوەی نووسراوەکەی گەیشتۆتە دەستی لەم بۆشاییە تێگەیشتووە و زانیویەتی نووسەر یاخود لایەنی پەیوەندیدار مەبەستی چییە.

٥ • لە چەند شوێنێکی کەمیش بۆشایی بە خاڵ هەیە (...) مەبەستیش لەم بۆشاییە بە خاڵانە ئەوەیە، کە ئەم ووشەیە نەخوێندراوەتەوە، زۆر جار ووشە هەیە خوێندنەوەی زۆر ئەستەمە، کە نووسەرەکە بە شێوەیەک یاخود بە خەتێک نووسیویەتی ناتوانرێ بخوێندرێتەوە، بۆ ئەوەی لە خوێندنەوەی هەڵە و لە ووشەی هەڵە دوورەپەرێز بین، بۆ ووشەکە بۆشایی بە خاڵ دانراوە.

٦ • هەندێک ووشە یاخود راسترە بڵێین زاراوە هەیە لەم سەردەمە بەکار هاتووە و مانای تایبەتی خۆی هەیە؛ ئەم مانایە نادەن کە ئێمە رۆژانە بەکاری دەهێنین و لێی تێدەگەین، جگە لەمەش وەرگێرانی ئەم ووشانە بۆ کوردییەکەی لە نرخ و ماناکەی تێک دەدات و لە هەمان ئەم ئاستە نابێت، واتە مانای پر بە پێستی خۆی لە دەست دەدات، بۆیە نەکراوەتە کوردی و هەروەکو خۆی دانراوە، بەڵام بۆ ئەوەی خوێنەر و مێژوونووسان لە پێناسەی زاراوەکان ئاشنا بن، لە (شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی) پێناسە کراوە و روون کراوەتەوە، لە هەمان کاتیشدا زاراوە هەیە، کە زانراوە لە ماناکەی ناگۆردێت، وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی.

٧ • بەڵگە هەیە لە چەندین لاپەڕە پێک هاتووە، ئەم چەند لاپەڕەیەش باسی یەک بابەتی دیاری کراو دەکات، بۆیە تەنیا یەک لاپەڕە وەرگێردراوە، چونکە هەموو لاپەڕەکان هەمان بابەت باس دەکەن، جیاوازیەکی ئەوەتۆیان تێدا نییە، بەڵام ئەگەر ئەم چەند لاپەڕەیە باسی چەند بابەتێکیان کردبێت، یاخود هەر هەمان بابەت بەڵام بە شێوازی جیاواز و هەر لاپەڕەیەک بە شێوازێکی جیاواز باسی بابەتەکەی کردبێت، لێرەدا مووی وەرگێردراوە.

٨ • دووبارە بوونەوەی بەڵگە، هەندێک بابەتی دیاریکراو دووبارە بوونەوەی بەڵگەی تێدایە؛ وەکو ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد، بابەتەکە لە چەند لاپەڕەیەک پێک هاتووە، لە جیاتی ئەوەی هەمووی کۆبکرێتەوە و هەمان ژمارەی بدرێتی، کەچی بە پێچەوانەوە هەمان بابەت ژمارەی جیاجیایان دراوەتێ، لێرەدا بە ناچاری هەمان بابەت کە لە ژمارەی جیاجیا پێک هاتووە، وەرگێردراوە، چونکە ژمارەیان جیایە و هەمان ژمارەی نەدراوەتێ.

٩ • لە کاتی نووسینەوەی رووداوەکان و زانیاری لە بارەی ناوچەکانەوە، بە گشتی باسی بابەتەکان کراوە، بۆ نموونە شوێنی عەرەب نشینیش باسکراوە؛ لێرەدا تەنیا ئەوەی پەیوەندی بە کورد و ناوچەکانی کوردییەوە هەیە وەرگێردراوە.

١٠ • لە نێو بەڵگەکاندا دەستەواژەی دووبارە و رستەی دووبارە بەرچاو دەکەوێت، لێرەدا نووسەر لە کاتی نووسینەوەی نووسراوەکەدا هەمان زانیاری یاخود دەستەواژەی دووبارە کردۆتەوە و هەمان زانیاری نووسیوەتەوە.

١١ • لە بارەی ساڵی بەڵگەکان، بۆ ڕیزبەندی بەڵگەکان ساڵی کۆچی و زایینی بەکار هاتووە، پشت بە مانگ و رۆژەکەی نەبەستراوە؛ جگە لەمانەش ساڵی ناو بەڵگەکان بە گوێرەی زانیاری ناو بەڵگەکە و ئەوەی سەر بەرگەکەی گۆرانکاری بەسەر دادێت، واتە نووسەر ئەم ساڵەی نووسیوەتەوە کە بەڵگەکەی تێدا نووسیوەتەوە، کە گەیشتۆتە لای پاشاش ئەم ساڵەی نووسیوەتەوە، کە نووسراوەکەی بینیوە، هەندێک جاریش ساڵی جێبەجێ کردنەکەی لەسەر نووسراوە، واتە لە یەک بەڵگەدا چەند ساڵێکی جیاواز بەرچاو دەکەوێت.

١٢ • هەندێك ساڵ کە لە ناو بەڵگەکاندا ئاماژەی پێکراوە، بە کورتکراوی نووسراوەتەوە، بۆ نموونە دەڵێت ساڵی (٢٧) لێرەدا مەبەستی ساڵی (١٢٢٧)ە، کە ١٢٠٠ ەکەی فڕێ داوە، یا ئەگەر نووسرابێت ساڵی (٣٣٦) ئەوا لێرە مەبەستی ساڵی (١٣٣٦)ە، کە ١٠٠٠ ەکەی فڕێ داوە.

وەرگێر

## شیکردنەوەی زاراوەکانی عوسمانی

| | |
|---|---|
| ئاڵای (الای) | ئاڵای بە مانای کۆمەڵ و قەڵەباڵغ دێت، لە زاراوەی سەربازیش ووشەیەکە، لە سێ چوار تابور پێک دێت، هەروەها هەر ئاڵایەک سانجەقێکی لە ژێر دەستدایە. |
| ئەعیان (اعیان) | بۆ بەدواداچوونی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی میللەت، ئەنجوومەنێکی تر هەبووە و ئەم ئەرکەیان پێ سپێردراوە، لە ساڵانی ١٨٧٧ و ١٩٠٨ ئەندامەکانی لەلایەن حکوومەتەوە هەڵبژێردراوە. |
| ئەنبار | شوێنێکە بۆ هەڵگرتنی زەخیرە و کەلوپەل بەکارهاتووە. |
| ئەنجوومەنی واڵا (مجلسی والا) | ئەم ئەنجوومەنە لە ساڵی ١٨٣٧ دامەزرا، داواکاری نێوان دەوڵەت و خەڵکی جێبەجێ دەکرد، لە ساڵی ١٨٦٧ هەڵوەشایەوە و لە شوێن ئەو شورای دەوڵەت دامەزرا. |
| ئستەبڵی عامیرە (اصطبل عامره) | تەوێلەی کۆشکی پاشا. |
| ئۆچاقلق (اوجاقلق) | ئەم زەوییانە جیاکرابوونەوە و داهاتەکانیان بۆ پارێزگارانی قەڵا و کۆگای چەک بوو. |
| ئۆن باشی (اونباشی) | ئەم سەربازە قومانداانیەتی ١٠ کەسی کردووە. |
| ئیستدعانامە (استدعانامه) | ئەم نووسراوەیە وەکو داواکاری بۆ دەوڵەت دەنووسرێت، بەڵام مۆر و پولی لەسەرە . |
| ئیستعلامنامە (استعلامنامه) | ئیستعلام نووسراوی بە زانیاری بووە، هەرچی ئیستعلامنامەیە نووسراوی بە بەڵگە بووە. |
| ئیستیناف (استیناف) | دووبارە دەست پێکردنەوە، ئەم بڕیارەی کە لە دادگای سەرەتایی دەدرا، بۆ ئەوەی بڕیارەکە هەڵبوەشێنرێتەوە سەردانی دادگایەکی سەرووتر، واتە لە ئەم بەرزتر دەکرا، تا بڕیارەکە هەڵبوەشێننەوە. |
| بابی عالی | بنکەی سەدری ئەعزەم،دیوانی هومایۆن لەگەڵ نەزارەتی ناوەخۆ و دەرەوە و فەرمانگەی شورای دەوڵەت دەگرێتەوە. |
| باش کاتیب (باش کاتب) | نووسەری یەکەم یاخود سەرۆکی نووسەران، لە فەرمانگە فەرمییەکاندا ئەرکەکەشی نووسینی نووسراو بووە. |
| باش کیتابەت (باش کتابت) | کیتابەت واتە پیشەی نووسین، باش کیتابەت یەکسانە بە باش کاتیب، واتە سەرۆکی نووسین. |
| باشبوغ | قوماندانی سەربازی ڕێک نەخراو یاخود نارێک. |
| باش مودیرەت (باش مدیرت) | باش بە مانای سەرۆك یاخود یەکەم دێت. مودیرەت واتە بەڕێوەبردنی کاروبارەکان؛ هەرچی باش مودیرەتە بە مانای بەڕێوەبەرایەتی یەکەم یاخود بەرپرسی یەکەمی بەڕێوەبەرایەتی دێت. |
| بەرائەتی شەریفە | واتە پاکانەی ئەستۆ و خۆبەرێکردن، لە سەردەمی عوسمانی بۆ وەرگرتنی زەوی کشتوکاڵی یاخود دامەزراندن، دەبوایە لەلایەن پاشاوە یاخود دەوڵەت بەرائەتی شەریفە واتە پاکانەی ئەستۆ وەربگیرێت. |
| برادەر زادە | برادەر زادە منداڵی خوشک و برا، هەروەها برازا، پورزا، خاڵۆزا دەکات. |
| برادەری | واتە برا. |

هەواڵنامەی کتێب

| | |
|---|---|
| بلۆک (بلوک) | دەستەی سەربازی. |
| بلۆک باشی (بلوک باش) | سەرۆک یاخود بەرپرسی بلۆک. |
| بینباشی (بیکباشی) | بین بە مانای هەزار دێت، باش واتە سەر، بینباشی، ئەم ئەفسەرەیە یاخود قۆماندانەیە تابورێک بەڕێوە دەبات لە هەزار سەرباز پێک هاتووە. |
| پلەی حەرەمەین (درجه حرمین) | بەم کەسە ووتراوە کە تۆبەی کردووە و حەرامی لە خۆی قەدەغەکردووە، زیاتر لە کاتی حەج کردن دەچووە پلەی حەرەم و خراپە و کاری بەدی لە خۆی حەرام دەکرد. لەلایەکی تر لە سەردەمی کۆندا چینی زاناکان دەگرێتەوە، کە لە دوای پایەی میسر لە پێش پلەوپایەی ئیستەنبۆڵ پلەیەکی بەرزە. |
| تابور | لەشکری سەربازی، کەرتی سوپا. |
| تاتار | نامەی گواستۆتەوە بۆ ناوچەکانی تری دەوڵەت، جولەی زۆر خێرا بووە، جگە لە ناوی تاتار ئەوەی ئەم کارەی کردووە ناوی (ساعی، پۆستە، قاسد، برید)یشی پێ ووتراوە، لە کاتی خۆیدا تاکی تاتار بە خێرا ڕۆیشتن بەناوبانگ بووە، بۆیە پێیان ووتراوە تاتار. |
| تەحسیلدار (تحصیلدار) | ئەم فەرمانبەرەیە باج و باجی داهات و بەروبوومی داهات کۆدەکاتەوە. |
| تەرسانە (ترسانه) | تەرسانە یاخود تەرسخانە واتە کارگەی دەریایی، ئەم شوێنە بووە کاروباری کەشتییە جەنگیەکان و کاروباری دەریایی تێدا جێبەجێ دەکرا، یەکسانە بە تەرسانەی عامیرە (ترسانه عامره). |
| تەغار (تغار) | ٤ ربە ١ تەغارە. |
| تەنزیمات (تنظیمات) | لە رووی زاراوەدا بە مانای رێکخستن و رێکوپێکی و خستنە سەر رێگا دێت، لە سەردەمی عەبدولمەجید لە ٣ قاسمی ١٨٣٩ لە گوڵخانە خوێندرایەوە، بە ناوی رەشنووسی هومایۆنی گوڵخانە بە فەرمانێکی پاشا هەژمار کرا، لەلایەن رەشید پاشای گەورەش وەکو چاکسازی راگەیەندرا، تا ساڵی ١٨٧٧ی جەنگی رووس بەردەوام بوو، دواتر سنووردار کرا؛ ناوە راستەقینەکەی تەنزیماتی خێرخوازی (تنظیمات خیریه) بوو. |
| تیمار | ئەم زەوییە کشتوکاڵیە داهاتی ساڵانەی لە نێوان ٣٠٠٠-٢٠٠٠٠ ئاقچە بووە، ئەم جۆرە زەوییەش بەم سەربازانە دراوە، کە بەشداری شەڕیان کردووە یاخود بەم کەسانە دراوە کە لە بواری ئایینەوە ئەرکیان پێ سپێردرا بوو، بەم داهاتەش بژێوی ژیانی خۆیان پێ دابین کردووە، واتە لە جیاتی مووچە پێیان دەدرا. |
| پارە | وشەیەکی فارسیە، ١ قوروش ٤٠ پارەیە، ١ پارەش دەکاتە ٣ ئاقچە. |
| پۆست نشین | بەشێخی تەکیە ووتراوە پۆست نشین، لە هەمان کاتدا بە کەسێك ووتراوە کە پلەیەکی هەبووە و کارەکەی بەڕێوە بردووە. |
| حەرەم (حرم) | ئەم شوێنەیە، هەموو کەسێك ناتوانێ بە بێ مۆڵەت بچێتە ژوورەوە، بە تایبەتی ئەم شوێنانەی کە تایبەتن بە ئافرەت و ژووری ئافرەت. |
| جەبەخانە (جبه‌خانه) | ئەم کۆگایە بووە هەموو جۆرە چەک و باروت و کەلوپەلی چەکی ئاگری تێدا پارێزراوە. |
| جەلیلە (جلیله) | جەلیلە بە مانای ناوداری گەورە یاخود شکۆدار دێت، کە نووسراو بۆ فەرمانگەی وەزیر و موشیر دەکرا، بەم شێوەیە رێزیان لێ دەگیرا، لە پلەی ئەوان نزمتر پێیان دەوترا بەهییە یا عالییە. |
| خاخام | زانا و بەرپرسی یەهودیەکان، واتە کاهین. |
| خەلافەتپەناهی (خلافتپناهی) | خەلیفە شوێن گرەوەی کەسێک، کە لە دوای پێغەمبەر وەکو وەکیلی پێغەمبەر کاری کردووە، ئەم ئەرکە لە ئیسلام داهێنرا، پەناهی واتە پەیوەندی، خەلافەت پەناهی واتە شتێک کە پەیوەندی بە خەلیفەوە هەیە و لەلای ئەو دەردەچێت. |

| | |
|---|---|
| خەیل (خیل) | تاقم، خەڵکێکی زۆر، بە تاقمی سوارەش دێت. |
| خولعە (خلعە) | ئەم جلە چەند جۆرێکی هەبووە، جلی رێز لێنان، جلی پەشیمانی یاخود جلی مردن، ئەم جلەش لەلایەن پاشاوە وەکو پاداشت یاخود رێزلێنان بە کەسێک دەدرا. |
| داعی | ئەم کەسە ئەرکی دوعا کردن و نزا کردن بووە. |
| دەرسەعادەت | ئیستەنبوڵ پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی. |
| دەفتەردار (دفتردار) | سەرۆکی ژمێریاری، بەرپرس لە کاروباری دارایی. |
| دەفتەر خاقانی (دفتر خاقانی) | دەفتەر خانەشی پێ ووتراوە، فەرمانگەیەك بوو، کاروباری پارەی دەوڵەت و موڵك و زەوی و زاری بەرێوە دەبرد، بۆ نموونە تاپۆ. |
| دزدار | پارێزگاری قەڵا. |
| دوخان | تووتن. |
| دوخانچی | تووتنچی؛ ئەو کەسە کاری تووتنی کردووە. |
| ژورنال | ژورنال دەفتەری رووداوەکان، یاخود دەفتەری رۆژانە. |
| رایج | رایج بەهاکەی تری، واتە نرخەکەی تری یاخود بەهای رابردووی. |
| رەدیف (ردیف) | بەم سەربازانە وتراوە رەدیف، کە لە دواوەی سەربازی رێکخراو دەوەستان و لە کاتی پێویستیش چەکیان پێ دەدرا. |
| رەژی (رژی) | فەرمانگەی تووتن. |
| روزهزر و روزقاسم | (Hıdırellez) لە دونیای تورک وەرزێکە جەژنی بۆ ساز دەکرێت، روزی هزر (Ruz-ı Hızır) واتە (رۆژی هزر) کە بە ناوی رۆژی خدری لەز (Hıdırellez) ناو نراوە، بە پێی داستانی ئەم سەردەمە، لەم رۆژەدا لە سەر رووی زەوی پێغەمبەر خدر و ئیلیاس بەیەک گەیشتوون، تاوەکو یارمەتی هەژار و لێقەوماوان بدەن. لە تورکیاش جەژن بۆ ئەم بۆنەیە دەگێردرێت. بە پێی رۆژژمێری زایینی رۆژی خدری لەز لە ٦ مایس، لە کۆنیش بە پێی رۆژژمێری رومی رۆژی ٢٣ نیسان هەژمار دەکرێت. ماوەی نێوان ٦ مایس تا ٨ تشرینی دووەم بە ناوی رۆژەکانی هزر وەرزی هاوین و ماوەی نێوان ٨ تشرینی دووەم تا ٦ مایس بە ناوی رۆژەکانی قاسم وەرزی زستان پێک دەهێنن. بەم شێوەیە رۆژی ٦ مایس تەواو بوونی وەرزی زستان و دەست پێکردنی وەرزی هاوین دەکات. |
| رسوم (رسوم) | باج و باجی گومرگ. |
| رسومات (رسومات) | باجەکانی گومرگ. |
| ریاسەتپەناهی (ریاستپناهی) | پەیوەستە بە سەرۆکایەتیەوە، کە پەیوەستە بە کارەکانی پاشا. |
| ریال | ریال پارەی زیوی ئاسیاویە، دەکاتە ٢٥ قوروش. |
| ریکابی هومایۆنی شاهانە (رکاب هومایونی شاهانە) | سەربازە سوارەکانی پاشا. |

| | |
|---|---|
| ریکابی هومایۆنی قەپوچی باشی | بەرپرسی یاخود سەرۆکی دەرگای سەربازە سوارەکانی پاشا. |
| زەربخانەی عامیرە (ضربخانە العامرە) | ئەم شوێنە پارەی دەوڵەتی تێدا دروست دەکرا. |
| سالیانە | ئەم باجەیە ساڵی جارێك وەردەگیرێت، لە پێش تەنزیمات بەشێك لە فەرمانبەران و بەکارهێنراوان بەرامبەر بە ئەرکەکەیان، ساڵی جارێك کرێیان پێ دراوە. |
| سەدارەت (صدارت) | شوێنی کاری سەدری ئەعزەم و پلەکەیەتی. |
| سەدارەتپەناهی | پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، واتە ئاماژەیە بۆ سەدری ئەعزەم. |
| سەدری ئەعزەم (صدر اعظم) | پلەکەی وەکو سەرۆک وەزیرانی ئێستا بووە، یاخود وەکیلی پاشا بووە. |
| سەر عەسکەر (سر عسکر) | سەر وشەیەکی فارسیە بە واتای سەر دێت، سەر عەسکەر بە واتاکانی ئێستا بە مانای سوپا سالار، سەر لەشکر، سەرکردەی سوپا، قوماندان دێت. |
| سەر کاتیب (سر کاتب) | سەرۆک یاخود یەکەم نووسەر. |
| سەعادەت (سعادت) | واتە خۆشی. |
| سەفەربەرلیك (سفربرلك) | بەم کەسانە ووتراوە کە خۆیان ئامادە کردووە، تا بچنە شەر یاخود بۆ چوونە شەر لە ئامادەباشی دابوونە. |
| سەلاملك (سلاملك) | لە کۆشکە گەورەکاندا بەم ژوورە دەوترا کە بۆ پێشوازی کردن لە میوانان تەرخان کرابوو. |
| سوریچی | ئەم پیاوەیە سەرپەرشتی ئاژەڵە بارهەڵگرەکان یاخود بارگیرەکان دەکات، واتە کرێچیە، وەکو خزمەت بەکرێ گیراوە، تا بارگیرەکان بە رێگا ببات. |
| سیپاهی (سپاهی) | ئەم سەربازە سوارەیە خاوەنی زەوی کشتوکاڵییە، لە لەشکری عوسمانی کۆندا چینێک سەربازی سوارە هەبوو، لە بەرامبەر ئەم دە یەکە (عشر) کە لە زەوی کشتوکاڵی وەریاندەگرت لەگەڵ ئەم ئاژەڵانەی کە خۆیان بەخێویان دەکرد، بەشداری جەنگیان دەکرد، بەڵام کەلوپەلی جەنگی لەلایەن دەوڵەتەوە پێی دەدرا. |
| سیپاهیدار (سپاهدار) | گەورەترین سەرباز، سەر عەسکەر. |
| سیلاحشۆر (سلاحشور) | واتە پیاوی چەکدار، ئەم پیاوانە بوونە لە چەك هەڵگرتن و بەکارهێنانی شارەزاییەکی تەواویان هەبووە، لە جەنگدا بە چەك شەڕیان کردووە. |
| شاهنشاه | گەورەترین پاشا یا شا، واتە پاشای پاشایان یاخود شای شایان. |
| شەهبەندەر (شهبندر) | بە واتای باڵیۆز دێت، لە سەردەمی مەحمودی دووەم، بۆ پاراستنی بازرگانە موسڵمانەکانی ناوەخۆ، لە نێوان خۆیان کەسێکیان هەڵدەبژارد، تا هەر ناکۆکی و لێك تێنەگەیشتنێك هەبێت چارەسەری بکات. |
| شورای دەوڵەت بە زمانی عوسمانی (شورای دولت) | پێش ئەم دامەزراوەیە، ئەنجوومەنی والا کارەکانی ئەنجام دەدا، دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی والا، لە ساڵی ١٨٦٨ شورای دەوڵەت دامەزرا، جۆری کارەکەی لە کاری کارگێڕی پێک دەهات، ئەرکەکەشی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە کارگێڕییەکان و دەرکردنی یاسای گونجاو بوو، ئەم دامەزراوەیە تا ساڵی ١٩٢٢ بەردەوام بوو. |

| | |
|---|---|
| چاوش | وشەیەکی تورکیە، لە رووی سەربازییەوە سەربازی پلە بچووکە، ئەمڕۆش بە پلەی پاسەوان دێت. |
| چەڵتوک (چلتوك) | برنج. |
| ڤۆیڤۆدە | لە سەردەمی عوسمانیەکاندا فەرمانبەرێک بووە سەر بە خەزینە، ئەم داهاتانەی رێک دەخست کە لەلایەن خانم، ئەفەندی، سەدری ئەعزەم، وەزیر، بەگی بەگان و بەگی سانجەقەکانەوە دەهات، هەروەها ئەمانە ئەرکی پاراستنی ئاسایش و رێکخستنی شوێنە تایبەتیەکانیان پێ درا بوو، لە بەرێوەبردندا پیاوی بەهێز بوون، بۆیە ناوە ناوە کێشەیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی دروست دەکرد. |
| عولوفە (علوفە) | ئەم زاراوەیە بەم سەربازانە دەوترا، کە سێ مانگ جارێک مووچەیان وەردەگرت. |
| فەریق (فریق) | واتە تاقم، تیپ، دوو لایەن، کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر، بە پلەی سەربازیش دێت، لە چینی سەربازی لە دوای موشیر دەهات، ئەویش گەورەترین پلەی سەربازی بوو. |
| فرقە | دەستە، کۆمەڵ. |
| قەپوچوقدار (قپوچوقدار) | ئەم فەرمانبەرانە بوون کە لە بابی عالی ویلایەت، لە خزمەتی قەپوکەتهودا دابوون و هەندێک داواکاری والییان جێبەجێ دەکرد. |
| قەپوچی باشی | بەرێوەبەری ئەم چینەیە، کە لە بەردەم دەرگای کۆشک وەستاون. |
| قەپوکەتهودا (قپوکتهودا) | قەپوکەتهودا خزمەتکاری بەر دەرگا بوو. |
| قەساس (قصاص) | سزای شەرعی بکوژی کوژراو و برینداركاری بریندارکراوەکەیە، بۆ میراتی کوژراو داوای قەساس دەکەن. |
| قپوچی باشی (قپوچی باشی) | قەپوچی بە دەرگای فەرمانگە و شوێنە فەرمییەکانی دەوڵەت دەوترا، کە خەڵک بۆ ئیشوکارەکانیان لەم دەرگایە دەچوونە ژوورەوە و دەهاتنە دەرەوە، بێگومان ئەم دەرگایانەش بەرپرس و سەرۆکیان هەبووە، جگە لەمە قەپوچی باشیش پلەیەک بووە، دراوەتە فەرمانبەرانی دەوڵەت، بۆ نموونە ریکابی هومایۆنی قەپوچی باشی (رکاب هومایونی قپوچی باشی). |
| قۆڵ ئاغا (قول اغا) | بە واتای قۆڵ، لێرەش قۆڵی ئاغا یەکسانە بە ئەفسەری قۆڵی تابور، یا خود یاریدەدەری بینباشی، قۆڵی راست و چەپی ئاغا. |
| قولی | قول؛ ئەم پیاوەیە بۆ ئەرك جێبەجێ کردن دەکردرێت، هەرچی قولی؛ ئەم فەرمانبەرەیە بۆ چاودێری کردنی سەربازانی دوژمن و سەرپەرشتی کردنی زەوی و زار ئەرکی پێدەدرێت. |
| قوماندان | قوماندان سەرۆک یاخود بەرپرسی ئەفسەر دەکات، وەکو قوماندانی تابور، قوماندانی لەشکر، قوماندانی ئالای، قوماندانی ژاندارمە. |
| قۆناغ (قوناغ) | قۆناغ واتە مەنزل، لەسەر رێگا بۆ گەشتیاران و کاروانچیان دروست دەکرا، تا تێدا بحەسێنەوە و بخەون، هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی دووری شوێنێک دەیانووت سێ قۆناغ یاخود چوار قۆناغ دوورە، واتە چەند قۆناغ لە نێوان ئەم دوو ناوچەیە هەبوایە هەژمار دەکرا، جگە لەمە بە کۆشکی پاشا و گەورەکان دەوترا قۆناغ یا قۆناق. فەرمانگەی حکوومەتیش پێی وتراوە قۆناغ وەکو قۆناغی حکومەت، کە هۆبەیەک لە هۆبەکانی فەرمانگەی فەرمی حکومەت پێی دەوترا قۆناغی حکومەت. |
| قیە | دەکاتە گرانی ٤٠٠ درهەم، بۆ دە یەکیش بە واتای کیلۆ دێت، کە ١٠٠٠ گرام دەکات. |
| کەتهودا (کتهودا) | واتە خزمەتکار ئەوانەی پلەکەیان لە فەرمانبەر نزمتر بوو، پێیان دەوترا خزمەتکار. |
| کەلەك (کلك) | ئەم پارچە دارانەن کە بە ئاو ئەستوور کراون و لە پاڵ یەکتر بە داو بەیەکتریەوە بەستراونەتەوە و تەختەیەکیان لێ پێکهێنراوە، لە رووبارەکانی جەزیرە بە تایبەتی لە دیجلە بۆ گواستنەوەی مرۆڤ و کەلوپەل بەکار هاتووە، ئەم کەلەکە بە گوێرەی گەورەییەکەی بۆ بەرێوەبردنی ٢ تا ٦ پیاوی پێویستە. دوای تەواو بوونی گەشتەکە بە تایبەتی لە سەر رووباری دیجلە تا دەگاتە بەغداد بەشی دارەکانی کەلەکەکە زۆر جار بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشرا، هەروەها قازانجی راستەقینەی کەلەکچیەکان ئەم کرێیە بووە، کە لە کاروانچیەکان وەریاندەگرت. ئەم کەلەکچیانە لەسەر رووباری دیجلە تا خوارەوە کەرستەی بیناکاری و دانەوێلە و باری گرانیشیان بار دەکرد. لە جەنگی جیهانی یەکەم سەربازیشیان پێ گوازراوەتەوە. |

| | |
|---|---|
| کیل | کیل، بۆ پێوانی دانەوێڵە بەکارهاتووە. |
| گاردیان | فەرمانبەری گرتووخانە. |
| مەشروتیەت(مشروطیت) | مەشروت واتە مەرجدار کە پەیوەستە بە مەرجەکانەوە، مەشروتەش لەلایەن یەکەم خاوەنیەوە بە مەرجی نەفرۆشتن بۆ میراتگرەکانی بەجێی هێشتووە، ئەویش وەکو خانوو، زەوی کشتوکاڵی، نەخۆشخانە، مزگەوت، هەرچی مەشروتیەتە ئەوا ئەم حوکمدارە دەگرێتەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی سەرۆکایەتیە. |
| مەمالیکی مەحروسەی شاهانە (ممالیکی محروسە شاهانە) | وڵاتی عوسمانی. |
| مەمالیك(ممالك) | وڵاتەکان، مەملەکەتەکان، خاکی وڵاتێك. |
| مەملوک (مملوک) | کەسێک پارەی هەبێت، یاخود بەندە، کۆیلە. |
| مەنزل | لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبیە، بە زۆر مانا دێت، ئەوەی لە زمانی عوسمانیدا پێویستە بە مانای کۆشک، شوێنی کوشک، سەرە ڕێگای یەک ڕۆژ دێت، یاخود بە مانای دووری نێوان دوو کۆشک دەکات، تاتارەکان لە کاتی بردنی پۆستە بۆ ناوچەکانی تر، لەم مەنزیلانە هاتوونەتە خوارەوە و حەساونەتەوە، هەروەها ئەسپیان گۆڕیوەتەوە، یاخود شەویان لەوێ بەسەر بردووە. |
| موشیر (مشیر) | بە مانای ئاماژە پێکردن دێت، لەلایەکی تر لە چینی سەربازی یەکسانە بە وەزارەت، کە گەورەترین پلەی سەربازییە، بۆ نموونە موشیری لەشکر، موشیری تۆپخانە. |
| موعەجەلە (معجلە) | موڵکی میریە و لە وەقف دیارە، هەر لە وەقف مامەڵەی بۆ دەکرێت، کە پارەکەی پێش وەختە دەدرێت. واتە بە شێوەی بەگایەتی و وەرگرتنی پارەی پێشەکی لەلایەن ئاوقافەوە دەبێت. |
| موقاتەعە (مقاطعە) | ئەم زەویيانە بوونەن، کە خاوەنداریەتی بۆ دەوڵەت یاخود وەقفەکان بووە، بە شێوەی ڕێککەوتن و بە کرێ دراوەتە کەسی تایبەت و دامەزراوەکان، جگە لەمەش بڕی پارەکە دیاری دەکرا و ئەم پارەیەش راستەوخۆ دەچووە خەزینەی دەوڵەت. |
| میعمارباشی (معمارباشی) (سەرۆکی بیناسازی) | سەرۆکی بیناسازی، کاری سەرپەرشتیکردنی بیناسازی، هەروەها لە پیشەکەی خەریکی دابەشکردن و ڕێکخستنی کارەکەی بووە. |
| نازر (ناظر) | لە بینین هاتووە، واتە سەیرکردن، کە لە هەموو شوێنێک ئامادە و سەیرکەرە، ئەرکەکەشی بەڕێوەبردن و بەڕێکردنی کاروبارەکانە، وەکو نازری دارایی. |
| نەزارەت (نظارت) | لە زاراوەی بینین هاتووە؛ واتە چاودێری کردن و بینینی دەورووبەر. لەلایەکی تر بە مانای سەرۆکایەتی و بەڕێوەبردنی کاروبارەکان دێت. لەم سەردەمەدا بە مانای وەزارەت دێت. |
| هومایۆن (همایون) | پاشا. |
| وەکالەتپەناهی (وکالتپناهی) | پیشەی سەدری ئەعزەم، ئەم کارەیە کە پەیوەندی بە سەدری ئەعزەمەوە هەیە، یەکسانە بە سەرۆکی بریکار. |
| یوزباشی | لە بنەڕەتدا بە مانای ١٠٠ کەس دێت، لە رووی سەربازییەوە ئەم ئەفسەرە دەگرێتەوە کە قۆماندانیەتی بلۆکێک دەکات لە ١٠٠ سەرباز پێکهاتوون، بۆ نموونە یوزباشی سوارە، یوزباشی پیادە، یوزباشی ژاندارمە، یوزباشی رەدیف. |
| یوک | یوک بە مانای بار دێت، هەڵگرتنی بار ئینجا چ لەلایەن مرۆڤەوە بێت یاخود ئاژەڵ وەکو بارگیر و ئەسپ و گوێدرێژ، لەلایەکی تر بە مانایەکی تریش دێت، کە یەک یوک دەکاتە بڕی ٥٠٠ هەزار قوروش. |

## کۆد و ووشەی رەسەنی کۆدەکان

| | | |
|---|---|---|
| A.AMD. | Bab-i Âsafî<br>Âmedî Kalemi | بابی عەسافی |
| A.DVN. | Sadaret<br>Divan Kalemi Evrakı | سەدارەت، کاغەزەکانی دیوانی قەڵەم |
| A.E.I. ABDÜLHAMİD. | Ali Emiri Tasnifi I. Abdülhamid | پۆلینکردنی میری عەلی عەبدولحەمیدی یەکەم |
| A.E.III. OSMAN. | Ali Emiri Tasnifi III. Osman | پۆلینکردنی میری عەلی عوسمانی سێیەم |
| A.E.III.AHMED. | Ali Emiri Tasnifi III. Ahmed | پۆلینکردنی میری عەلی ئەحمەدی سێیەم |
| A.E.III.MUSTAFA. | Ali Emiri III. Mustafa | پۆلینکردنی میری عەلی مستەفای سێیەم |
| A.MKT. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi | سەدارەت، قەڵەمی تۆمار |
| A.MKT.DV. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Deavî | سەدارەت، دیوانی قەڵەمی تۆمار |
| A.MKT.MHM. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Mühimme | سەدارەت، قەڵەمی تۆمارە گرنگەکان |
| A.MKT.MİTM. | B.E.O. Sadaret Evrakı | بابی عالی کاغەزەکانی سەدارەت |
| A.MKT.MVL. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Meclis-i Vala | سەدارەت، قەڵەمی تۆماری ئەنجوومەنی والا |

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| A.MKT.NZD. | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Nezaret Ve Devair | سەدارەت، قەڵەمی تۆماری نەزارەت و دیوان |
| A.MKT.UM . | Sadaret<br>Mektubi Kalemi Umum Vilayet | سەدارەت، قەڵەمی تۆماری گشت ویلایەتەکان |
| BEO. | Babıali Evrak Odası | کاغەزەکانی ژووری بابی عالی |
| C.AS. | Cevdet<br>Tasnifi Askeriye | جەودەت، پۆلینکردنی سەربازی |
| C.EV. | Cevdet<br>Evkaf | جەودەت، ئاوقاف |
| C.NF. | Cevdet<br>Nafia | جەودەت، نافیە |
| C.T. | Cevdet<br>Timar | جەودەت، تیمار |
| DH.EUM.EMN. | Dâhiliye Nezareti<br>Emniyet-i Umumiye Müdüriyet Şubesi | نەزارەتی ناوەخۆ، یەکەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی |
| DH.EUM.MKT. | Dâhiliye Nezareti<br>Emniyet-i Umumiye Müdüriyeti Posta Mecmuası | نەزارەتی ناوەخۆ، بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵەی پۆستەی ئەمنیەتی گشتی |
| DH.I.UM.EK. | Dâhiliye Nezareti<br>İrade-iUmummiye Ekleri | نەزارەتی ناوەخۆ، پاشکۆی فەرمانی گشتی |
| DH.ID. | Dâhiliye Nezareti İrade | نەزارەتی ناوەخۆ، فەرمان |


| | | |
|---|---|---|
| DH.MB.HPS. | Dâhiliye Nezareti<br>Meban-i Emiriye-Hapishâneler | نەزارەتی ناوەخۆ، بینایەکانی میری-گرتووخانەکان |
| DH.MB.HPS.M. | Dâhiliye Nezareti<br>Meban-i Emiriye Hapishâneler Müdüriyeti | نەزارەتی ناوەخۆ، بەڕێوەبەرایەتی گرتووخانەکانی بینایەی میری |
| DH.MKT. | Dâhiliye Nezareti<br>Mektubi Kalemi | نەزارەتی ناوەخۆ، قەڵەمی تۆمار |
| DH.ŞFR. | Dâhiliye Nezareti<br>Şifre Kalemi | نەزارەتی ناوەخۆ، قەڵەمی شیفرە |
| DH.SN.THR. | Dâhiliye Nezareti<br>Sicill-i Nüfus idare-i umumiyesi tahrirât Kalemi | نەزارەتی ناوەخۆ، تۆماری ناسنامە، فەرمانی گشتی قەڵەمی تۆمارکردن |
| DH.TMIK. M. | Dâhiliye Nezareti<br>Tesr-i Muamelat Ve Islahat Komisyonu Muamela | نەزارەتی ناوەخۆ، مامەڵەی قۆمیسیۆنی چاکسازی و مامەڵەی بەپەلە |
| DH.TMIK.S. | Dâhiliye Nezareti<br>Tesrî-i Muamelat ve Islahat Komisyonu | نەزارەتی ناوەخۆ، قۆمیسیۆنی چاکسازی و مامەڵەی بەپەلە |
| DH.UMVM. | Dâhiliye Nezareti<br>Umur-i Mahalliyye Ve Vilayat Müdürlüğü Kataloğu | نەزارەتی ناوەخۆ، کاروباری دارایی و کەتەلۆگی بەڕێوەبەرایەتی ویلایەت |
| HR.MKT. | Hariciye Nezareti<br>Mektubi Kalemi Evrakı | نەزارەتی دەرەوە، کاغەزەکانی قەڵەمی تۆمار |

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| HR.SYS. | Hariciye Nezareti<br>Tahrirat-ı Hariciye Odası | نەزارەتی دەرەوە، ژووری<br>تۆماری دەرەوە |
| I.AS. | Irade Askeri | فەرمانی سەربازی |
| İ.DH. | Irade Dâhiliye | فەرمانی ناوەخۆ |
| I.DUIT. | Irade Dosya Usulü Iradeler Tasnifi | ڕێگاکانی فەرمانی دۆسیە،<br>پۆلینکردنی فەرمان |
| I.HB. | Irade Harbiye | فەرمانی جەنگی |
| I.HUS. | Irade Hususi | فەرمانی تایبەتی |
| İ.ML. | Irade Maliye | فەرمانی دارایی |
| İ.MMS. | Irade Meclis-i Mahsus | فەرمانی ئەنجوومەنی تایبەت |
| I.MVL. | Irade Meclis-i Vâlâ | فەرمانی ئەنجوومەنی والا |
| I. ŞD. | Irade Şura-yı Devlet | فەرمانی شورای دەوڵەت |
| İ.TAL. | Irade Taltifat | فەرمانی ڕێزگرتن و بەخشین |
| İE.EV. | Ibnulemin Tasnifi Evkaf (Vakıf) | پۆلینکردنی وەقفی<br>ئیبنولئەمین |
| MF.MKT. | Maarif Mektubi Kalemi | قەڵەمی تۆماری مەعاریف |
| MV. | Meclis-i Vükela<br>Meclis-i Vükela Matbataları | ئەنجوومەنی بریکارەکان،<br>چاپکراوەکانی ئەنجوومەنی<br>بریکارەکان |

| | | |
|---|---|---|
| MVL. | Meclisi Vâlâ | ئەنجوومەنی والا |
| MVL. | Meclis-i Vâlâ<br>Meclis-i Vâlâ Evrakı | ئەنجوومەنی والا، کاغەزەکانی ئەنجوومەنی والا |
| Ş.D. | Şura-yı Devlet Evrak | کاغەزەکانی شورای دەوڵەت |
| Y.A.HUS. | Yıldız<br>Sadâret Hususi | ئەستێرە، تایبەت بە سەدارەت |
| Y.MTV. | Yıldız<br>Mütenevvi Maruzât Evrakı | ئەستێرە، کاغەزی داواکاریە وون بووەکان |
| Y.PRK. AZJ | Yıldız<br>Perakende, Arzuhâl ve Jurnaller Kataloğu | ئەستێرە، نارێك، کەتەلۆگی داواکاری و ژورنال |
| Y.PRK.ASK. | Yıldız<br>Tasnifi Perakende Evrakı Askeri Maruzat | ئەستێرە، پۆلینکردنی نارێکی کاغەزەکانی داواکاری سەربازی |
| Y.PRK.DH. | Evrakı Dâhiliye Nezareti Maruzatı | کاغەزەکانی داواکاری نەزارەتی ناوەخۆ |
| Y.PRK.PT. | Yıldız<br>Perakende Posta ve Telgraf | ئەستێرە، پۆستە و تەلەگرافی نارێك |
| Y.PRK.SH. | Yıldız<br>Tasnifi Perakende Evrakı Sıhhıye Nezareti Maruzatı | ئەستێرە، پۆلینکردنی کاغەزی داواکاریە نارێکەکانی نەزارەتی تەندروستی |
| Y.PRK.UM. | Evrakı Umum Vilayetler Tahriratı | کاغەزی گشتی، تۆماری ویلایەتەکان |

هەواڵنامەی کتێب



AE.SMST.III.00079.05873.001

| AE.SMST.III | 00079.05873 | 16 جەمادی یەکەم 1181 (10 تشرینی یەکەم 1767) |
| --- | --- | --- |

راگەیەندراوی بەندەمانە

لە دانیشتوانی بەغداد مەلا عەلی لە گەنجە خوێنەرەکانی قورئانی پیرۆزە، لە شوێنێك بە ناوی نبشاری گوندی کفری ساڵانە لە فەدانێکی کشتوکاڵ تەنیا باجی خەمس میری وەرگیراوە، باجی تەکالیفی میری و ساڵیانە و عەواریز و رسومات بوردراوە، نووسراو لەلایەن ئەفسەری کفری بۆ دیوانی بەغداد بەرز کراوەتەوە، بەڵام تا ئێستا بە بریاری جەنابی عومەر پاشا وەزیری بەغداد، مەلا عەلی لە یەك فەدان تەنیا خەمس میری وەردەگیرێت، باجی عەواریز و تەکالیف و رسومات بوردراوە، دوای تۆمارکردنی لە دەفتەری خەزینەی بەغداد لە کۆتایی زیلحیجە ١١٧٧ بە نووسراوی بە مۆر و واژووی دیوان لە خەزینەی بەغداد تۆمار کراوە، بە گوێرەی ئەم نووسراوەی دیوان کە لە خەزینەی بەغداد دەرچووە، پاکانەی دراوەتی، لە پەراوێزی سەرۆکی ژمێریاری نووسراوەتەوە و پاکانەی وەرگرتووە، لەم بابەتە فەرمان بۆ جەنابی سوڵتانی پایەبەرزە.





İ.MVL.00314

هەواڵنامەی کتێب

| İ.MVL | 00314.013182 | 7 زیلحیجە 1270 (31 ئۆغستۆس 1854) |
|---|---|---|

لـە راپۆرتێکـی نەزارەتـی دارایـی شـکۆدار کـە هاوپێچـە لەگـەڵ مەزبەتـەی ئەنجوومەنـی ژمێریـاری روون بۆتـەوە، بـە گوێـرەی شـوێنی جوگرافـی و بەرژەوەنـدی و گرنگـی قەزاکانـی کفـری، قەرەتەپـە، زەنگئابـاد و توزخورماتـوی سـەر بـە ئەیالەتـی شـارەزوور بـە یەکـتری ببەسـترێنەوە و یـەك قائیمقامیـان بـۆ دابنرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ئەندامـی ئەنجوومەنـی کەرکـووك نەفتچـی عومـەر بـەگ بـە مووچـەی ٣٠٠٠٠٠٠ قـوروش بـە قائیمقـام و قەڵەمـی کاتیبـی ئەیالـەت محەمـەد ئەفەنـدی بـە مووچـەی ٤٥٠ قـوروش و مەحمـود ئەفەنـدی بـە ٣٥٠ قـوروش بـە کاتیبـی دارایـی دابمەزرێـن، بـە گوێـرەی پێویسـت و بـە شـێوەیەکی گونجـاو و بـە بـرە مووچەیەکـی گونجاویـش کاتیبێکـی فارسـی و کاتیبێکـی عەرەبـی دابمەزرێـن، هەروەهـا بـۆ کاروبـاری ئەمنیـەت و کۆکردنـەوەی داهـات بـە مووچـەی ١٠٠ قـوروش چاوشـێك و ١٨ نەفـەری زەبتیـەی پیـادە بـە مووچـەی ٥٠ قـوروش دابمەزرێـت، جگـە لەمـە قـەزای کفـری بکرێتـە مەرکـەزی لیـوا و بـۆ ئەمـەش ئەنجوومەنێـك دابمەزرێـت، لەلایەکـی تـر بـۆ پاراسـتنی ئـەم قەزایانـە لـە ٥٠٠ نەفـەر سـەرباز، تەنیـا ١٠٠ نەفـەری بـەکار دەهێنرێـن، بـۆ ڕێکخسـتنی ئاقچـەی ئەمانـە مەزبەتـە هاتـووە، لـە ئەنجوومەنـی ژمێریـاری پەسـەند کـراوە، بـە گوێـرەی وێنـەی ئاماژەکـە ئـەم قەزایانـە لـە نێـوان ئەیالەتەکانـی شـارەزوور و بەغـداد دەکەونـە سـەر شـەقام، دەوروبـەری لـە عەشـیرەت و قەبیلـە پێـك هاتـوون، بـۆ پاراسـتنی ئەمانـە و پاراسـتنی ئەمنیـەت و ئاسایشـی ناوچەکـە و ڕێکخسـتنی کاروبـاری مولکیـە و دارایـی خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە، لـە رووی قائیمقامیەتـەوە کارگێریەکـەی لـە ناوەخـۆ دەبێـت، ئـەم فەرمانبەرانـەی کـە دادەمەزرێـن، بـۆ شـوێنگرەوەی ئـەم خەرجیـە، تـا ئێسـتا سـەرچاوەکەی دیـاری نەکـراوە، بـەڵام بـە دەستپێشـخەری جەنابـی ملوکانـە بـە ڕێکخسـتنی مولکیـەی ئەیالەتـی شـارەزوور گشـت خەرجیـەکان لـە مولکـدارەوە دەبێـت، قائیمقـام، کاتیـب و گشـت فەرمانبـەران دادەمەزرێـن و لـە مەرکـەزی لیـوا شـارۆچکەی کفـری ناوهاتـوو دەبـن، بـەڵام ناوهێنانـی بـە نـاوی کفـری ناوەشـێتەوە، بۆیـە لـە نـاوی قـەزاکان نـاوی زەنگئابـاد هەڵبژێردرێـت و بکرێتـە سـانجەقی زەنگئابـاد، بابەتەکـە حەواڵـەی نەزارەتـی ناوهاتـوو کـراوە و لـە ئەیالەتـی ناوهاتـوو مەزبەتـەی ناوهاتـوو راگەیـە نـدراوە، بـە بریارنامـەی سـەدری ئەعـزەم لـە ئەنجوومەنـی واڵا نـووسراو کـراوە، لـەم بابەتـەدا پەیوەندیـداری وەکالـەت بـە فەرمانـی پاشـا جێبەجـێ دەکرێـت، بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە.





| ML.MSF | 11700.00002 | 28 زیلحیجە 1271 (11 ئەیلوول 1855) |
| --- | --- | --- |
| لە لیوای کفری سەر بە ئەیالەتی شارەزوور بە هەژمارکردنی ئۆغستۆسی ١٢٧١ بە گوێرەی یاسا ١٩ نەفەری زەبتیەی پیادە مافی وەرگرتنی پارەیان هەیە، برەکەی دەکاتە ٩٥٤ قوروش، ئەم برە پارەیەش لە سندوقی دارایی ئەیالەتی ناوهاتوو دەدرێت، دەفتەری ئیجمالی بە مۆریش رێکخراوە و پێشکەش کراوە. | | |




ML.MSF.d.12220

| ML.MSF.D | 12220.00002 | 7 رەمەزان 1272 (12 مایس 1856) |
|---|---|---|
| لـە قـەزای کفـری نەفـەری زەبتیـەی پیـادە بـەکار هاتـووە، لـە سـەرەتای نیسـانی ١٢٧٢ تـا کۆتاییەکـەی بـە مـاوەی مانگێـك لەلایـەن فەرمانبـەری ئامـار زانیـاری دەفتـەری خـولاوە لەگـەڵ دەفتـەری ئامـار بەراوردکـراوە، پـارەی ٢٠ نەفـەر بۆتـە ٩٤٢ قـوروش، لـە ئامارەکـەدا هەژمـار کـراوە، بـرە پـارەی ناوهاتـوو لـە سـندوقی دارایـی ئەیالەتـی شـارەزوور رێکخـراوە، لەسـەر دابیـن کردنـە، بـۆ ئـەم کارە دەفتـەری ئیجمالـی بـە مـۆر رێکخـراوە و پێشـکەش کـراوە. چاوش بەگ | | |





| ML.MSF.D | 12427.00001 | 9 زیلحیجه 1272 (11 ئۆغستۆس 1856) |
|---|---|---|
| ئـەم نەفەرانـەی لـە قـەزای کفـری سـەر بـە ئەیالەتـی شـارەزوور ئەرکیـان جێبەجـێ کـردووە، لـە سـەرەتایی تەممـووزی ١٢٧٢ تـا کۆتاییەکـەی پـارەی ١٨ نەفـەر ٤١٠ قـوروش دیـاری کـراوە، لـە سـندوقی دارایـی ئەیالەتـی ناوهاتـوو رێکخـراوە و دابیـن دەکرێـت، بـۆ ئـەم کارە دەفتـەری ئیجمالـی بـە مـۆر پێشـکەش کـراوە. مۆری ئەحمەد چاوش بەگ | | |




ML.MSF.d.12758

| ML.MSF.D | 12758.00001 | 15 جەمادی یەکەم 1273 (11 کانوونی دووەم 1857) |
|---|---|---|
| لـە قـەزای کفـری سـەربازی زەبتیـەی پیـادە بـە پلـەی دەرگاوان ئەرکیـان هەبـووە، بـە ئامـاری فەرمانبـەری ئامـار کـە لـە مـاوەی مانگێـك ئەنجـام دراوە، دەرکەوتـووە لـە سـەرەتایی کانوونـی یەکـەم ۱۲۷۲ تـا کۆتاییەکـەی پـارەی ۱۸ نەفـەر بـە ۹۵۰ قـوروش دیـاری کـراوە، لـە دەفتـەری ئامـار نووسراوەتـەوە و بـەراورد کـراوە، پارەکـەش لـە سـندوقی دارایـی ئەیالەتـی شـارەزوور ڕێکخـراوە، ئـەم کارە لـە دەفتـەری ئیجمالـی مۆرکـراو پێشـکەش کـراوە. بەندە چاوشی زەبتیە | | |





| ML.MSF.D | 13092.00001 | 19 ڕەمەزان 1273 (13 مایس 1857) |
|---|---|---|
| لـە قـەزای کفـری نەفـەری زەبتیـە بـە پلـەی دەرگاوان ئەرکیـان هەبـووە، لـە سـەرەتای مایـس ١٢٧٣ تـا کۆتاییەکـەی بـە مـاوەی مانگێـك ئامـار لەلایـەن فەرمانبـەری ئامـار ئەنجـام دراوە، بـە گوێـرەی ئامارەکـە ٩٥٠ قـوروش مووچەکەیانـە و مافـی وەرگرتنیـان هەیـە، لـە قەڵـەم هەژمـار کـراوە، بـڕە پـارەی ناوهاتـوو لـە سـندوقی دارایـی ئەیالەتـی شـارەزوور ڕێکخـراوە و دابیـن کـراوە، لـەم کارەدا پارچەیـەك ئیجمالـی بـە مـۆر پێشـکەش کـراوە.<br>چاوشی زەبتیە | | |



A.] MKT.MHM.00179.00016.001


هەواڵنامەی کتێب

| A.MKT.MHM | 00179.00016 | 15 شەعبان 1276 (8 مارت 1860) |
|---|---|---|
| لایەنی والآی جەنابی سەر عەسکەریمان<br>ژمارەی سەربازە وەرگیراوەکانی قەزاکانی کەرکووك و کفری لەگەڵ سانجەقی سلێمانی کە ناویان هاتووە رەوانی لەشکرەکان کراون، هەروەها باج و زەکاتەکانی سەرمەڕی عەشیرەتی جاف بە ئاقچە وەرگیراوە، جگە لەمە چۆنیەتی کۆتایی هێنان بە چەتەگەری عەشیرەتی هەمەوەند، گشت ئەم زانیارییانە، بە نووسراوی جەنابی پاشای موتەسەرفی شارەزوور رەوان کراوە، بۆ جێبەجێ کردن دراوەتە ئەفەندیمان. | | |


OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT.MHM
١٨٠ 3


A.}MKT.MHM.00180.00003.001

<table>
<tr><th>A.MKT.MHM</th><th>00180.00003</th><th>26 شەعبان 1276 (19 مارت 1860)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ موتەسەرفی شارەزوور<br>ژمارەی سـەربازە وەرگیراوەکانـی قەزاکانـی کەرکـووك و کفـری لەگـەڵ سـانجەقی سـلێمانی کـە ناویـان هاتـووە رەوانـەی لەشـکرەکان کـراون، هەروەهـا بـاج و زەکاتەکانـی سـەرمەڕی عەشـیرەتی جـاف بـە ئاقچـە وەرگیـراوە، جگـە لەمـە چۆنیەتـی کۆتایـی هێنـان بـە چەتەگـەری عەشـیرەتی هەمەوەنـد، گشـت ئـەم زانیارییانـە، هاوپێـچ بـە جەنابـی پاشـای سـەر عەسـکەر ڕاگەیەنـدراوە، بـۆ جێبەجـێ کـردن دراوەتـە سـەروو.<br><br>پەراوێز بۆ لایەنی والای سەر عەسکەریمان<br>ئامـاژە دراوەتـە پەیوەندیدارانـی سـەربازی، بـۆ باشـتر کردنـی بابەتەکـە، نـووسراو دراوەتـە موتەسـەرفی ناوهاتـوو، جگـە لـە بابـی عالـی نـووسراو دراوەتـە واڵای سـەر عەسـکەریمان، فەرمـان بـۆ ئەفەندیمانـە.</td></tr>
</table>




ML.MSF.d. 14693

<table>
<tr><td>ML.MSF.D</td><td>14693.00001</td><td>24 زیلحیجه 1276 (13 تەمموز 1860)</td></tr>
<tr><td colspan="3">لـە شـارۆچکەی کفـری سـەر بـە سـانجەقی زەنگئابـاد نەفـەری زەبتیـەی پیـادی بـە پلـەی دەرگاوان بـەکار هاتـوون، بە گوێـرەی ئامـاری فەرمانبـەری ئامـار کـە لـە مـاوەی مانگێـك ئەنجـام دراوە و لـە دەفتـەری ئاماریـش نووسراوەتـەوە، دەرکەوتـووە لـە سـەرەتای تەممـوز ١٢٧٥ تا کۆتاییەکـەی، ١٨ نەفەر مافی وەرگرتنی ٩٥٠ قوروشـیان هەیە، لە سـندوقی دارایـی لیـوای ناوهاتـوو ڕێکخـراوە و دابیـن کـراوە، بـۆ ئـەم کارە لـە دەفتەری ئیجـمال تۆمار کـراوە و پێشـکەش کراوە.<br>مۆری ڕەشید چاوش بەگ چاوشی نەفەرەکانی ناوهاتوو</td></tr>
</table>




ML.MSF.d.15603

| ML.MSF.D | 15603.00002 | 29 جەمادی یەكەم 1277 (13 كانوونی یەكەم 1860) |
|---|---|---|
| لە شارۆچكەی كفری سەر بە سانجەقی زەنگئاباد نەفەری زەبتیەی پیادە بە پلەی دەرگەوان بەكار هاتوون، بە گوێرەی ئاماری فەرمانبەری ئامار كە لە ماوەی مانگێك ئەنجامی داوە، لە دەفتەری ئاماریش تۆمار كراوە، دەركەوتووە لە سەرەتایی كانوونی دووەم ١٢٧٦ تا كۆتاییەكەی، ١٨ نەفەر مافی وەرگرتنی پارەیان هەیە، كە بری ٩٥٠ قوروش دەكات، لە سندوقی دارایی لیوای ناوهاتوو رێكخراوە و دابین دەكرێت، لە دەفتەری ئیجمال رێكخراوە و پێشكەش كراوە.<br>مۆری بەندە مەحمود چاوشی نەفەرەكانی ناوهاتوو | | |




ML.MSF.d.15644

| | | |
|---|---|---|
| ML.MSF.D | 15644.00001 | 2 شەعبان 1277 (13 شوبات 1861) |
| لـە شـارۆچکەی کفـری سـەر بـە سـانجەقی زەنگئابـاد زەبتیـەی پیـادە بـە پلـەی دەرگـەوان بـە کارهاتـوون، بـە گوێـرەی ئـەم ئامـارەی لەلایـەن فەرمانبـەری ئامـار ئەنجـام دراوە، دەرکەوتـووە لـە سـەرەتای شـوبات ١٢٧٦ تـا کۆتاییەکـەی، تەنیـا ٧ نەفـەر ڕۆیشـتوون و ٧ نەفـەر لـە شـوێنیان دانـراوان، لـە دەفتـەری ئاماریـش نووسراوەتـەوە، کـە ١٨ نەفـەر مافـی پـارە وەرگرتنیـان هەیـە، دەکاتـە ٩٥٠ قـوروش، لـە سـندوقی دارایـی لیـوای ناوهاتـوو ڕێکخـراوە و دابیـن دەکرێـت، بـۆ ئـەم کارە دەفتـەری ئیجـمال ڕێکخـراوە و پێشـکەش کـراوە. بەندە چاوشی نەفەرەکانی ناوهاتوو | | |




| MVL | 00760.00073 | 15 جەمادی کۆتایی 1278 (18 کانوونی یەکەم 1861) |
|---|---|---|

مەزبەتە
٣٠١
لــە مێــژووی ٧ جەمــادی کۆتایــی ١٢٧٨ پارچەیــەك راپــۆرت لــە نەزارەتــی دارایــی شــکۆدار بــۆ ئەنجوومەنــی والا رەوان کــراوە، تێــدا هاتــووە پــردی چیمــەن لــە شــەقامی بەغــداد لــە نێــوان کفــری و قەرەتەپــەی ســەر بــە قائیمقامیەتــی زەنگابــاد هەیــە، بــە پۆســتە راگەیەنــدراوە ئــەم پــردە وێــران بــووە و خەڵکــی بــێ دەســەڵات و هــەژار لــە کاتــی پەرینــەوە زەحمەتــی دەکێشــن، فەرمانبەرێکــی تایبــەت دابمەزرێــت، تــا هەڵســێت بــە نۆژەنکردنــەوە و رێکخســتنی خەرجیەکــەی، خەرجیەکەشــی لــە ١١,٢٧٥ قــوروش ١٢٠٠ قــوروش کــەم کراوەتــەوە، ئــەوەی ماوەتــەوە ١٠٠٠٠ قوروشــە، لــە ســندوقی دارایــی دابیــن کــراوە، بــەم راگەیەنــدراوە کارەکــە جێبەجــێ دەکرێــت، ســەبارەت بــە وەقفــی پــردی ناوهاتــووش لــە تۆمــارەکان دەرکەوتــووە ئــەم پــردە وەقفــی نەبــووە و نییــە، بــەڵام لــە بــرە پــارەی دیاریکــراو بــە گوێــرەی نیــزام تەنیــا ٤٠٠٠ قــوروش گونجــاوە خــەرج بکرێــت، ئەگەرچــی بەبــێ مۆڵــەت خــەرج کردنــی ٤٠٠٠ قــوروش بــۆ خەرجــی نۆژەنکردنــەوەی شــار جێــگای قەبــوڵ نییــە، بــەڵام بــە گوێــرەی راپۆرتەکــە پــردی ناوهاتــوو لەســەر شــەقامە، هــەروەك لــە پۆســتەکە باســکراوە دواکەوتنــی نۆژەنکردنــەوەی ئاســتەنگی بــۆ هــەژار و بــێ دەســەڵاتداران دروســت دەکات، لــە داهاتــووش بــە تەواوەتــی وێــران دەبێــت، بۆیــە بــە پەلــە نــۆژەن بکرێتــەوە، بــە مەزبەتــەش رەزامەنــدی نیشــان دراوە، کــە ئــەوەی لەگــەڵ نیــزام گونجــاوە ٤٠٠٠ قوروشــە، بــۆ هەژمــاری ٦٠٠٠ قوروشــەکەش نــووسراو بــۆ نەزارەتــی ناوهاتــوو کــراوە.




| 12 ڕەجەب 1278 (13 کانوونی دووەم 1862) | 16179.00002 | ML.MSF.D |
| --- | --- | --- |
| لـە شـارۆچکەی کفـری سـەر بـە سـانجەقی زەنگئابـاد نەفـەری زەبتیـەی پیـادە بـە پلـەی دەرگـەوان بەکارهاتـوون، مووچـەی ١٨ نەفـەری زەبتیـەی پیـادە لـە کانوونـی دووەم ١٢٧٧ وە هەژمـار کـراوە، بـری پارەکـە لە ٩٥٠ قـوروش پێك دێـت، لـە سـندوقی دارایی لیـوای ناوهاتوو ڕێکخـراوە و دابین دەکرێت، لـە دەفتەری ئیجمال تۆمار و پێشـکەش کراوە.<br>بەندە وەلی تۆفیق چاوشی نەفەری ناوهاتوو | | |



ML.MSF.d.16203


| ML.MSF.D | 16203.00002 | 12 رەجەب 1278 (13 کانوونی دووەم 1862) |
|---|---|---|
| لـە شـارچکەی کفـری سـەر بـە سـانجەقی زەنگئابـاد نەفـەری زەبتیـەی پیـادە بـە پلـەی دەرگـەوان بـۆ پاراسـتنی مەملەکـەت و ئەنجامدانـی کاروبـاری کۆکردنـەوەی داهـات بەکارهاتـوون، بـە بریـاری قائیمقامـی ئەیالەتـی شـارەزوور جەنابـی پاشـای ئەفەندیـمان لـە ١٨ کانوونـی دووەمـەوە ٥ نەفـەر سـوارە ناویـان تۆمـار کـراوە، دەرکەوتـووە مافـی وەرگرتنـی پـارەی ١٢ رۆژیـان هەیـە، کـە دەکاتـە ١٣٩ قـوروش، لـە سـندوقی دارایـی لیـوای ناوهاتـوو رێکخـراوە و دابیـن دەکرێـت، لـە دەفتـەری ئیجـمال رێکخـراوە و پێشـکەش کـراوە. بەندە وەلی تۆفیق چاوشی نەفەری ناوهاتوو | | |



ML.MSF.d. 16273

هەواڵنامەی کتێب

| ML.MSF.D | 16273.00002 | 12 ڕەمەزان 1278 (13 مارت 1862) |
| --- | --- | --- |
| لـە شـارۆچکەی کفـری سـەر بـە سـانجەقی زەنگئابـاد نەفـەری زەبتیـەی پیـادە بە پلـەی دەرگـەوان بـەکار هاتـوون، بە هەژمارکردنـی مانگـی مـارت ١٢٧٨ لەلایـەن فەرمانبـەری ئامـار بـۆ مـاوەی مانگێـك ئامـار ئەنجـام دراوە، لـە دەفتـەری ئاماریـش نووسراوەتـەوە، ١٥ نەفـەر مافـی وەرگرتنـی پارەیـان هەیە، کە ٨٥٠ قوروشـە، بـڕە پارەی ناوهاتوو لە سـندوقی دارایـی لیـوای ناوهاتـوو ڕێکخـراوە و دابیـن دەکرێـت، لـە دەفتـەری ئیجمالیـش نووسراوەتـەوە و پێشـکەش کـراوە, بەندە وەلی تۆفیق چاوشی نەفەری ناوهاتوو | | |



ML.MSF.d.16274

<table>
<tr><th>ML.MSF.D</th><th>16274.00002</th><th>12 ڕەمەزان 1278 (13 مارت 1862)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بۆ جەنابی عالی لە پەیوەندیداری سەدارەت<br>لە شارۆچکەی کفری سەر بە سانجەقی زەنگئاباد نەفەری سوارە بە پلەی دەرگەوان بەکار هاتوون، لە سەرەتای مارت ١٢٧٨ تا کۆتاییەکەی بۆ ماوەی مانگێك ئامار لەلایەن فەرمانبەری ئامارەوە ئەنجام دراوە، لە دەفتەری ئاماریش تۆمار کراوە، کە مافی ٥ نەفەر دەکاتە ٣٥٠ قوروش، برە پارەی ناوهاتوو لە سندوقی دارایی لیوای ناوهاتوو ڕێکخراوە و دابین دەکرێت، لە دەفتەری ئیجمال تۆمار کراوە و پێشکەش کراوە.<br>بەندە وەلی تۆفیق چاوشی نەفەری ناوهاتوو</td></tr>
</table>




MVL.00762.00068.003

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><th>MVL</th><th>00762.00068</th><th>4 موحەررەم 1279 (2 تەمموز 1862)</th></tr>
<tr><td colspan="3">ئەنجوومەنی لیوای موتەسەرفیەتی شارەزوور<br>بۆ پایەی جەنابی سەدارەتی پایەبەرز<br>ئۆنباشـی سـەربازی نیزامیـەی جەنابـی شـاهانە محەمـەد بەغـدادی لـە پلـەی ئۆنباشـی دەرچـووە، حەسـەن کـوڕی ئیبراهیـم دانیشـتووی شـارۆچکەی کفـری سـەر بـە ئەیالەتـی شـارەزوور بـە شـەو هێرشـی کردۆتـە سـەر محەمـەد بەغـدادی، لـە ئەنجـام خێـزان و دوو منداڵـی ناوبـراوی کوشـتوە، ناوبـراو داواکاری بـەرز کردۆتـەوە، حەسـەن و هاووەڵانـی دۆزراونەتـەوە و لەگـەڵ میراتگـری کـوژراو کۆبوونەتـەوە، بڕیارەکـە بـە ئیعـلام و مەزبەتـە ڕاگەیەنـدراوە و کۆتایـی بـە فەرمانەکـە هێنـراوە، فەرماننامـەی سـەدری ئەعـزەم لـە مێـژووی ١٠ جەمـادی یەکـەم ١٢٧٨ ڕەوان کـراوە و وێنەیەکـی مەزبەتـە بـۆ سـانجەقی زەنگئابـاد نێـردراوە، لەلایـەن برایەکانـی مـردووی ناوبـراو چۆنیەتـی کوشـتنەکە بـاس کـراوە، بۆیـە لەسـەر محەمـەد سـاغ بۆتـەوە، لەگـەڵ حەسـەن دادگایـی کـراوە، بـەڵام لەسـەری هیـچ شـتێك سـاغ نەبۆتـەوە، لـە ڕاسـتییدا دادگاییکردنـی ئەمانـە لـە ئەنجوومـەن جێبەجـێ دەکـرا، بـەڵام لەسـەر حەسـەن هیـچ شـتێك سـاغ نەبۆتـەوە، لـەم بابەتـەدا ئـەم ئیعلامـەی کـە ڕێکخـراوە وێنەیەکـی پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا بڕیـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بـە دەسـتەوەیە.</td></tr>
</table>





| ML.MSF.D | 17022.00002 | 25 زیلحیجە 1279 (13 حوزەیران 1863) |
|---|---|---|
| لـە شـارۆچکەی کفـری سـەر بـە سـانجەقی زەنگئاباد نەفـەری زەبتیەی سـوارە بە پلـەی دەرگـەوان ئەرکیان پێـدراوە، بە گوێـرەی ئامـاری فەرمانبـەری ئامـار لـە سـەرەتای حوزەیـران ١٢٧٩ تـا کۆتاییەکـەی، ١٠ نەفـەر مافـی وەرگرتنـی پارەیان هەیە، لە سـندوقی دارایی لیوای ناوهاتوو تۆمار کراوە و دابین دەکرێت، لە دەفتەری ئیجمال تۆمار و پێشـکەش کراوە. بەندە بەڕێوەبەری گومرگ | | |




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>MVL</td><td>00768.00064</td><td>27 رەجەب 1280 (7 کانوونی دووەم 1864)</td></tr>
<tr><td colspan="3">مەزبەتە<br>٥٣٢<br>حەبیبە لە دەوڵەمەندەکان و میللەتی یەهودی شارۆچکەی کفری سەر بە سانجەقی زەنگئاباد بە مردووی دۆزراوەتەوە و دەرکەوتووە مێردەکەی بە ناوی بارمیە بکوژەکەیەتی، لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە و لەلایەن جەنابی پاشای والی بەغداد نووسراو دراوەتە ئەنجوومەنی والا، لە فەرمانگەی دادگاکان خوێندنەوەی بۆ کراوە، لەگەڵ مەزبەتەی ئەنجوومەنی گەورەی بەغداد و ئەنجوومەنی شارەزوور ئیستنتاق نامە خوێندنەوەی بۆ کراوە، بە گوێرەی گێرانەوەی بارمیە لە بابەتی کوشتنەکە نەگەیشتۆتە ئاستێك جێگای بڕوا کردن بێت، بەڵام ناوبراو لە کاتی کوشتنەکە لە خانەکەی بە شپرزەیی دەرچووە و لە پشتی برینی خەنجەر هەبووە و چۆتە خانەی خاڵی، لە دراوسێکانی دوو کەس بینیویەتی، هەروەها کوڕەکەی تەمەن ٤-٥ ساڵ لە کاتی کوشتنی کوڕە خاڵ و خێزانەکەی بینیویەتی، خودی خۆی رایگەیاندووە و هەواڵی داوە، کەچی بە گوێرەی گێرانەوەی مێردەکەی کە چۆتە ماڵەکەوە بینیویەتی خێزانەکەی کوژراوە و خۆی فڕێ داوەتە سەری و جلی بە خوێن بووە، ئەم جۆرە قسانەی بە پیلان و خۆدەرباز کردن بینراوە، بەڵام لەم بابەتەدا چەسپێنراوە کە ئەم کوشتنە کوشتنی بە ئەنقەست نەبووە، بۆیە لە یاسای سزا بە ماددەی ١٧٤ ناوبراو بە ١٥ ساڵ زیندانی بە سزای سەوڵ لێدان زیندانی دەکرێت، لە مێژووی ١٣ شەوال ١٢٧٩ بە ماددەی ١٩ زیندانیەکە بۆ ماوەی ١٥ ساڵ لە بەغداد جێبەجێ دەکرێت، لە والی ناوهاتوو وەڵامنامە بۆ سەدری ئەعزەم رەوان کراوە.</td></tr>
</table>





MVL_00773.00038.001

| MVL | 00773.00038 | 9 سەفەر 1281 (14 تەمموز 1864) |
|---|---|---|
| پایەی سەدارەتی پایەبەرز<br>راگەیەندراوی بەندەمانە<br>لە سانجەقی شارەزوور قائیمقامی زەنگئاباد محەمەد بەگ کوڕی کازم بەگ دانیشتووی شارۆچکەی کفری و سەربازی سەیارەی ئۆنباشی کوژراوە، بکوژەکەی قادر ئاغای فەرمانبەر و میراتگری کوژراو لەسەر داواکاری شەرعی، مەزبەتە لە ئەنجوومەنی گەورەی بەغداد رێکخراوە، لەگەڵ مەزبەتەکانی خۆچێی و ئیستینتاقنامە و ئیعلامی شەرع بەیەکەوە پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا فەرمانی پاشا دراوەتە پەیوەندیداری سەدارەت، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە. | | |





هەواڵنامەی کتێب

| ML.MSF.D | 17467.00001 | 10 ڕەبیعی یەکەم 1281 (13 ئۆغستۆس 1864) |
|---|---|---|
| لـە شـارۆچکەی کفـری سـەر بـە سـانجەقی زەنگئابـاد نەفەری پیـادە بە پلـەی دەرگـەوان بـە کار هاتوون، بـە گوێرەی ئامـاری فەرمانبـەری ئامـار لـە سـەرەتای ئۆغسـتۆس ١٢٨٠ تـا کۆتاییەکـەی، یـەك نەفـەر ڕۆیشـتووە و یـەك نەفـەر لـە شـوێنی دانراوەتـەوە، لـە دەفتـەری ئاماریـش تۆمـار کـراوە، کـە بـڕە پـارەی ئەوانـەی مافـی وەرگرتنیـان هەیـە، ٩٢٥ قوروشـە، لـە سـندوقی دارایـی لیـوای ناوهاتـوو ڕێکخـراوە و دابین دەکرێـت، لە دەفتـەری ئیجمال تۆمـار کراوە. بەندە بەڕێوەبەری گومرگ | | |




ML.MSF.d. 17792

| ML.MSF.D | 17792.00008 | 17 زیلحیجه 1281 (13 مایس 1865) |
|---|---|---|
| بـە گوێـرەی ئامـار لـە شـارۆچکەی کفـری سـەر بـە سـانجەقی زەنگئابـاد نەفـەری زەبتیـەی پیادە لە سـاڵی سـەرەتای مایـس ١٢٨١ تـا کۆتاییەکـەی، ١٥ نەفـەر لـە دەفتـەری ئامـار تۆمار کراوە، مافـی ئەم ١٥ نەفـەرە ٩٥٠ قـوروش دەکات، لـە سـندوقی دارایـی لیـوای ناوهاتـوو ڕێکخـراوە و دابین دەکرێـت، لە دەفتەری ئیجمالیـش تۆمار و پێشـکەش کراوە. بەندە بەڕێوەبەری گومرگ | | |





هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>ML.MSF.D</td><td>18039.00003</td><td>25 شەعبان 1282 (13 کانوونی دووەم 1866)</td></tr>
<tr><td colspan="3">لـە شـارۆچکەی کفـری سـەر بـە سـانجەقی زەنگئابـاد نەفـەری زەبتیـەی پیـادە بـە پلـەی دەرگـەوان بـەکار هاتـوون، بـە گوێـرەی ئامـاری فەرمانبـەری ئامـار کـە لـە مـاوەی مانگێـك ئەنجامـی داوە، لـە سـەرەتای کانوونـی دووەم ١٢٨١ تـا کۆتاییەکـەی ١٥ نەفـەر مافـی وەرگرتنـی پارەیـان هەیـە و لـە دەفتـەری ئاماریـش تۆمـار کـراوە، بـری پارەکـە دەکاتـە ٩٥٠ قـوروش، لـە سـندوقی دارایـی لیـوای ناوهاتـوو ڕێکخـراوە و دابیـن دەکرێـت، لـە دەفتـەری ئیجمالیـش تۆمـار و پێشـکەش کـراوە.<br>بەندە بەڕێوەبەری گومرگ</td></tr>
</table>



İ.MVL.00570


| 26 زیلحیجه 1283 (1 مایس 1867) | 00570.025608 | İ.MVL |
|---|---|---|
| جەنابی بەڕێزی ئەفەندم<br>بـە تێروانیـن لـە مەزبەتـەی ڕاگەیەنـدراوی ئەنجوومەنـی واڵا، بـە فەرمانـی پاشـا لـە شـارۆچکەی کفـری سـەر بـە ئەیالەتـی شـارەزوور، بنکـەی قائیمقامـی زەنگئابـاد بـە ٢٠٠٠٠ قـوروش دروسـت دەکرێـت، ئـەو بـڕەی بـۆ دروسـت کردنـی قۆناغـی حکوومـەت دانرابـوو ٣١٠٠٠ قـوروش بـوو، بۆیـە لـە موعەجەلـەی بـاغ و باخچـە خـەرج بکرێـت، هەروەهـا داهاتـی سـاڵی ١٢٨٠-١٢٨١ ی بـاغ و باخچەکانـی ناوهاتـوو ٢٥٠٠ قـوروش دەکات، لـە کاتـی هێنانـە خـوارەوە بۆتـە ٢٨٠٠٠ قـوروش، ئـەم خەرجیـە لـە پەسـەند کـردن دایـە، ئەگەرچـی بـۆ قەبـوڵ کـردن و هەژمـار کردنـی بـڕە پـارەی ناوهاتـوو نـووسراوی نەزارەتـی دارایـی شـکۆدار ڕەوانـی خەزینـە کـراوە، بـەڵام جەنابـی پاشـا بـە فەرمـان و بریـار چ بفەرمووێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـە ڕاگەیاندنـی نـووسراو کـراوە ئەفەنـدم. | | |


OSMANLI ARŞİVİ
HR.MKT
607 | 69

هەواڵنامەی کتێب


HR.MKT 00607.00069.001

| HR.MKT | 00607.00069 | 6 زیلحیجە 1284 (30 مارت 1868) |
|---|---|---|
| نەزارەتی دارایی شکۆدار فەرموویەتی و نووسراوی سەدری ئەعزەم بۆ وەکالەتی نەزارەتی تەلەگراف بەرز کراوەتەوە<br><br>لەلایەنی بەغداد دروست کردنی هێڵی تەلەگراف لە نێوان خانەقین و کفری کۆتایی پێ هاتووە، هەروەها بۆ ئەم سێ چاوشەی کە دامەزراوە و نیشتەجێ کراون، لە ٦ کانوونی دووەم ١٢٨٣ ەوە هەر یەکە ٣٠٠ و بۆ ١٠ چاوشەکەی هێڵی تەلەگرافی نێوان ریزە و باتوم لە سەرەتای کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا بە سەرپەرشتی باش چاوشێك ٤٧٣ قوروش و بۆ تۆماری موسڵ ١٦٦ قوروش مووچە دابین دەکرێت، لەسەر راپۆرتی بریکاری نەزارەت، جەنابی شاهەنشا بە فەرمانی پاشا رەزامەندی نیشان داوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی. | | |




İ.DH.00609

<table>
<tr><td>İ.DH</td><td>00609.042469</td><td>5 موحەررەم 1287 (7 نیسان 1870)</td></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی بەڕێزی ئەفەندم<br>نرخی کرێی تەلەگراف هاتۆتە خوارەوە، بەم ڕاگەیەندراوەش نووسینی تەلەگراف زیادی کردووە، لە پلانی عیراقیدا ئەم هێلەی هەیە بەش ناکات، لە حاڵی حازر لە سەڵاحیە تا دیاربەکر تێلێك زیاد بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە نرخی ئەم کەلوپەلانەی کە پێویستە لە ئەوروپا بهێنرێن، دوای هەژمار ٧٨ هەزار فرانك بووە، ئەم ئاقچەیە لە خەزینەی شکۆدار ڕێك دەخرێت، نووسراوی نەزارەتی نافیعەی شکۆدار لەگەڵ هاوپێچ پێشکەش کراوە، ئەم بابەتە دراوەتە نەزارەتی دارایی شکۆداریش، بڕیار و فەرمانی جەنابی پاشا چی بێت جێبەجێ دەکرێت، بە ڕاگەیاندنی نووسراو کراوە ئەفەندم.</td></tr>
</table>





HR.MKT.00693.00088.002

هەواڵنامەی کتێب


| 22 ڕەبیعی یەکەم 1287 (22 حوزەیران 1870) | 00693.00088 | HR.MKT |
|---|---|---|

پایەی سەدارەتی پیرۆزی شکۆدار
ڕاگەیەندراوی بەندەیە
لـە عەشـیرەتەکانی ئێـران و عەشـیرەتەکانی لای ئێمەیـە، لـە لایەکـەی ئەودیـو پارێزگاریـان لـێ دەکرێـت، چەندیـن جـار داوای ڕەت کردنـەوە و ڕادەسـتکردنیان کـراوە، ئـەم چەتانـە زیـان بـە سـنوور دەگەیەنـن، لەلایـەن خانەقیـن زیانەکانیـان زۆرە، دەفتـەری زیانیـان لـە مەندەلـی و عەمـمارە و سـانجەق و قـەزاکان تـا سـاڵی ١٢٨٤ لـە داواکاری مێـژووی ٦ ڕەبیعـی یەکـەم ١٢٨٧ نووسراوەتـەوە، دانیشـتوانی سـانجەقی مونتەفیـك و قەزاکانـی مەندەلـی و خۆراسـان و سـەڵاحیە و خانەقیـن سـاڵانی ڕابـردوو و سـاڵی ١٢٨٤ تـا ١٢٨٦ دووچـاری زیانـی چەتەکانـی ئێـران بوونەتـەوە، بـڕ و ئاسـتی زیانـەکان و ژمـارەی کـوژراوان بەشـێوەی مەزبەتـەی خۆچێـی لـە دەفتـەر تۆمـار کـراوە و هاتـووە، ئـەم دەفتـەرە کراوەتـە ٧ کۆپـی و ڕاگەیەنـدراوە، لەگـەڵ ئەمـەش بـڕی پـارەی زیانـەکان نووسراوەتـەوە، کـە ٣٠ هـەزار کیسـەیە، هەرچـی کـوژراوی نێـر و مێیـە، زیاتـرە لـە ٢٠٠ کـەس، لـەم بابەتـەدا بڕیـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بـە دەسـتەوەیە.


تلغرافنامه
OSMANLI ARŞİVİ
A.} MKT.UM
1221 96 1

A.}MKT.UM.01221.00096.001


<table>
<tr><td>A.MKT.UM</td><td>01221.00096</td><td>18 ره‌جه‌ب 1289 (21 ئه‌یلوول 1872)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ته‌له‌گرافنامه<br>بۆ جه‌نابی پایه‌به‌رزی سه‌داره‌تی شكۆدار<br>لـه‌ مێـژووی ١٤ ره‌جـه‌ب ١٢٨٩ لـه‌ بـاره‌ی شـێخ عـارف بـه‌ ته‌له‌گرافنامـه‌ وه‌ڵام هاتـووه‌، بـه‌ڵام تـا ئێسـتا فه‌رماننامـه‌ی سـه‌دری ئه‌عـزه‌م نه‌هاتـووه‌، كه‌چـی تـكای ناوبـراو قه‌بـوڵ كـراوه‌، بۆیـه‌ چه‌نـد رۆژ پێـش ئێسـتا له‌گـه‌ڵ چه‌نـد سـه‌د خانه‌یـه‌ك به‌یه‌كـه‌وه‌ هاتۆتـه‌ سـه‌ڵاحیه‌، تێـدا نیشـته‌جێ كـراون، ئـه‌م زه‌وییـه‌ كشـتوكاڵیانه‌ی كـه‌ بـه‌ خۆرایـی ده‌درێتـه‌ ناوبـراو بـه‌ مه‌رجـی كشـتوكاڵ كـردن پێـی ده‌درێـت، بـۆ وه‌رگرتنـی داهاتـی ٢٠٠٠ دۆنـم زه‌وی میـری، بدرێتـه‌ خـۆی و خێزانه‌كـه‌ی، دوای تـكا كـردن و قه‌بـوڵ كردنـی تكاكـه‌ی بـه‌ هیـچ شـێوه‌یه‌ك ناكرێـت ئـه‌م زه‌وییـه‌ به‌جـێ بهێڵێـت و جێگـه‌ی قه‌بـوڵ نییـه‌، بـۆ ئه‌مـه‌ش كار بكرێـت.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

A.]MKT.UM.01370.00006.001

| A.MKT.UM | 01370.00006 | 4 سەفەر 1291 (23 مارت 1874) |
| --- | --- | --- |
| ماوەی کارگێڕی عوسمان نوری ئەفەندی قائیمقامی پێشووی سەڵاحیە هەژمار کراوە، بۆ رۆژێکیش بێت هیچ شتێکی لەسەر ناوی نەبووە، ئەمەش لە مەزبەتەی مێژووی ٤ زیلحیجە ١٢٩٠ی موتەسەرفی شارەزوور روون بۆتەوە، هەروەها لەلایەن کەفیلەکەی سەنەدی کەفالەتەکەی رەوان کراوەتەوە، مەزبەتەی ناوهاتوو لە ژمێریاری هەڵگیراوە، جگە لەمە پاکانەکەی راگەیەندراوە، بۆ ئەم کارە مەزبەتەکە رێکخراوە، دراوەتە دەستی ناوبراو. | | |




HR.MKT 00919.00021.002

<table>
<tr><th>HR.MKT</th><th>00919.00021</th><th>28 موحەررەم 1293 (24 شوبات 1876)</th></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>بـەم دواییـە لـە سـنووری بەغـداد سـەرپێچی کـراوە، لـەلای ئێمـە ئیسـماعیل ئەفەنـدی قائیمقامـی سـەڵاحیە و لـەلای ئێرانیـش میـرزا عەلـی دامـەزراون، بـە هاوبەشـی لێکۆڵینـەوە کـراوە، بـەڵام لـە کاتـی لێکۆڵینـەوە دیـد و تێروانینیـان جیـاواز بـووە، بۆیـە ناکۆکـی کەوتۆتـە نێوانیانـەوە، لێـرە لەگـەڵ وەزیـری دەرەوەی دەوڵـەت گفتوگـۆی لەسـەر کـراوە، رووداوەکـە لـە دەوروبـەری گونـدی بێـواز روویـداوە، سـەربازانی زەبتیـەی قەرەقۆڵخانـە هێرشـیان کردۆتـە سـەر ئەسـپەکانی ئێـران، بـۆ ئـەم بابەتەش بریـار دراوە لێکۆڵینـەوە لەسـەر داواکاری عوسـمانیەك و ئێرانیەك بکرێـت، بـۆ ئەمـەش ئیسـماعیل ئەفەنـدی وەزیـری کاروبـاری دەرەوە لێکۆڵینـەوە لەسـەر ئـەم بابەتـە دەکات، بـەڵام بـە تێروانیـن لـە ناوچەکـە هـزری ناوبـراو لـە نییەتـی خـراپ دوور نابێـت، بـەم راگەیەنـدراوە گۆرینـەوەی بەبـاش زانـراوە، ویلایەتـی بەغـدادی شـکۆداریش بـۆ نەهێشـتنی رووبەڕووبوونـەوە رەزامەنـدی نیشـان داوە، بـە تێروانیـن لـەم بابەتـەدا هیـچ رێگریـەك نەمـاوە بـۆ ئەنجامدانـی لێکۆڵینـەوە، بـە رەزامەنـدی خـوا بـەم نزیکانـە دەسـت بـە کار دەبێـت، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.</td></tr>
</table>





HR.MKT.00925.00020.001

هەواڵنامەی کتێب

| HR.MKT | 00925.00020 | 14 جەمادی یەکەم 1293 (7 حوزەیران 1876) |
|---|---|---|

تەلەگرافنامەی سەدری ئەعزەم بۆ ویلایەتی بەغداد
وەڵامـی دوو تەلەگرافـی مێـژووی ١٦ مایـس ١٢٩٢، لەبـەر جموجۆڵـی پزیشـکی کەرەنتینـەی سـەڵاحیە، پێشـووتر لایەنـی پایەبـەرز ئامادەکاری کـردووە، بـە پشـت بەسـتن بـە مەرکـەزی ویلایەتـی شـکۆدار بـە گونجـاو زانـراوە بـە فەرمانـی لێکۆڵینـەوە دادگایـی کردنیـان ئەنجـام بدرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە چاوەڕێـی هاتنـی فەرمـان دەکرێـت.





A.}MKT.UM.01486.00014.001

| A.MKT.UM | 01486.00014 | 13 جەمادی کۆتایی 1293 (6 تەمموز 1876) |
|---|---|---|

پێشەوا جەنابی سەدری ئەعزەم لە پەیوەندیدارانی سەدارەت
ڕاگەیەندراوی بەندەمانە


لە ترسی ئەم عیلەت و نەخۆشیەی لە بەغداد هەیە، ئەم ڕێبوارانەی لە بەغدادەوە دێن، لە سەڵاحیە لە شوێنێك بە ناوی کفری لە ژێر خێمەدا چاوەڕێ دەکەن و دەخرێنە کەرەنتینەوە، بەڵام بەهۆی کاریگەری پلەی گەرمی سکاڵایان بەرز کردۆتەوە، لە دەرەوەی شاریش خانەیەك بدۆزرێتەوە و بکرێتە خانەی پاراستن، ئەمە بە شێوەیەکی کاتی بەکرێ بگیردرێت و بکرێتە پاراستن خانە، چونکە ئەم شوێنە گەرمانە بە گوێرەی وەرز کەرەنتینە لە ژێر خێمەکان زیانی زۆرترە لە سودەکەی، بۆیە پێویستە هەرچی زووە خانەیەك بە کرێ بگیردرێت و بکرێتە پاراستن خانە، بۆ ئەوەی لە ویلایەتی بەغداد فەرمان بە تەلەگرافنامە دەربچێت، مەزبەتە لە ئەنجوومەنی کاروباری تەندروستی بۆ جەنابی سەدارەت بەرز کراوەتەوە، بۆ جێبەجێ کردنیش فەرمان و بڕیاری عالی دەربچێت، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوە.



ŞD.02427.00037.003

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>ŞD</td><td>02427.00037</td><td>2 شەعبان 1296 (22 تەمموز 1879)</td></tr>
<tr><td colspan="3">وێنەی ئەم تەلەگرافنامەیە کە لە ویلایەتی موسڵی شکۆدار هاتووە<br><br>مەجید بەگ قائیمقامی سەڵاحیە زانیاری لە دەورووبەری سلێمانی هەیە و لەبەر ئەوەی شارەزا و لە خو و ڕەوشتی هەمەوەندەکانی دانیشتوی قەزای بایزان ئاشنا و شارەزایە، بۆیە هەر ئێستا ناوبراو لە قائیمقامیەتی ناوهاتوو دامەزرێت، خوێندنەوە بۆ بابەتەکە کراوە و لەگەڵ عەبدولرەحمان بەگ قائیمقامی بایزان گۆڕینەوەی پێ بکرێت، بەڵام مووچەی قائیمقامی سەڵاحیە لە مووچەی قائیمقامی بایزان زیاترە، مەجید بەگ کە ئەرکەکەی دەگوازێتەوە بایزان لە ڕووی مووچەوە زیانی پێ دەگات، بۆیە بە مووچەکەی خۆی بگوازرێتەوە و عەبدولرەحمان بەگیش بە مووچەی قائیمقامی بایزان بگوازرێتەوە سەڵاحیە، کارەکە جێبەجێ بکرێت.</td></tr>
</table>





<table>
<tr><td>ŞD</td><td>01459.00018</td><td>17 جەمادی یەکەم 1299 (6 نیسان 1882)</td></tr>
<tr><td colspan="3">باش کاتیبی شکۆدار<br>رسـوماتی مەروماڵاتـی سـاڵی ١٢٩٤ی قـەزای سـەڵاحیە دزراوە، ئەحمـەد ئەفەنـدی فەرمانبـەری مەرومـاڵات لێکۆڵینـەوەی ئەنجـام داوە، بـەڵام فەرمـان دەرچـووە کـە بـە گشـتی دادگاییەکـە بگوازرێتـەوە ئێـرە، ئەوراقەکانـی تایبـەت بـەم بابەتـە لـە ویلایەتـی موسـڵ نێـردراوە، بـەڵام لـەم بارەیـەوە تـا ئێسـتا فەرمانـی سـەروو نەهاتـووە، بۆیـە بـە بریـاری ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایـەت رادەگەیەندرێـت و رەزامەنـدی نیشـان دەدرێـت.</td></tr>
</table>





ŞD.01459.00022.001

<table dir="rtl">
<tr><td>ŞD</td><td>01459.00022</td><td>2 رەجەب 1299 (20 مایس 1882)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی ناوەخۆ<br>ئەحمەد ئەفەندی لێکۆڵینەوەی لەسەر تاڵانکردنی رەسمی مەروماڵاتی ساڵی ١٢٩٤ ی قەزای سەڵاحیە کردووە، بەڵام بە فەرمانی عالی فەرمان دراوە لێکۆڵینەوەکە و بە گشتی دادگاییکردنەکان بگوازرێتەوە ویلایەت، بۆیە چەند مانگ پێش ئێستا ئەوراقەکان لە ویلایەتی موسڵ گوازراوەتەوە ئێرە، بە تەلەگرافی ٢٥ مارت لە باش وەکالەت رەزامەندی دراوە و لە ١٥ نیسان دووبارە بۆتەوە، بەڵام وەڵام نەدراوەتەوە، لە بارەی ئەمانەوە بۆ جێبەجێ کردنی مامەڵەکە رەزامەندی دراوە.</td></tr>
</table>





<table>
<tr><td>İ.DH</td><td>00888.070674</td><td>15 شەعبان 1300 (21 حوزەیران 1883)</td></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>ئاغـای بلۆکـی شەشـەمی سـوارە لـە تابـوری قـەزای سـەڵاحیەی سـەر بـە ئـاڵای زەبتیـەی شـارەزووری ویلایەتـی موسـڵ حوسـێن ئاغـا لـە دەسـتگیر کردنـی چەتـەکان خزمەتـی باشـی کـردووە و لێهاتوویـی و بوێـری بیـنراوە، بۆیـە لـە پلـەی پێنجـەم نیشـانی مەجیـدی پـێ بدرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە فەرمانگـەی ژاندارمـە مەزبەتـە ڕێکخـراوە، لەگـەڵ نـووسراوی سـەر عەسـکەر ڕاگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا جەنابـی پاشـا بـە فەرمانـی پاشـا چ بفەرمووێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـە ڕاگەیاندنـی نـووسراو کـراوە ئەفەنـدم.</td></tr>
</table>


هەواڵنامەی کتێب

Y.MTV.00023.00079.001


<table>
<tr><th>Y.MTV</th><th>00023.00079</th><th>24 زیلحیجە 1303 (23 ئەیلوول 1886)</th></tr>
<tr><td colspan="3">پایەی سەر عەسکەر<br>قەڵەمی مەکتوب<br>تایبەتی<br>هـەواڵ هاتـووە ئـەم سـەرتیپەی کـە لـە کۆشـکی شـیرینە بـە هاندانـی جوامێـر هەمەوەنـد، لـەلای ئێمـە بـە نیـازی سـەرپێچین، بەهـۆی سـەرپێچی هەمەوەنـدەکان، بـۆ لێـدان و دوورخستنەوەشـیان ئامـادەکاری پێویسـت ئەنجـام بدرێـت و بـە قوماندانیەتـی میـری لیـوا محەمەد پاشـا لـە ئـاڵای ٣٢ی سـوارە رەوانی سـەڵاحیە و خانەقیـن دەکرێت، تەلەگرافنامــە لــە موشــیرەتی شــکۆداری لەشــکری شەشــەمی هومایــۆن هاتــووە، وێنــەی هاوپێــچ بــۆ ســەدری ئەعـزەم بـەرز کراوەتـەوە، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بـە دەسـتەوەیە.<br>عەلی رزا سەرعەسکەر</td></tr>
</table>



İ.DH.00980

| İ.DH | 00980.077416 | 13 جەمادی یەکەم 1303 (17 شوبات 1886) |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
فەرمی
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ نـووسراوی شـارۆچکەکانی دهـۆك و سـەڵاحیە و هەولێـر لەگـەڵ ناحیەکانـی مـزوری و عەشـائیری سـەبعە کۆتایـی هاتـووە، بۆ هـەر یەك لەم شـوێنانە مانگانە بە مووچـەی ٣٠٠ قوروش کاتبێـك دابمەزرێت، لـە مێـژووی دەسـت بـە کار بوونیانـەوە ئـەم مووچـەی کە پێیـان دەدرێت لـە بودجـەی ١٣٠١ دەبێت و بۆ سـاڵەکانی داهاتـووش لـە موازەنەکەیـان زیـاد دەکرێـت، بـۆ رەزامەنـدی وەرگرتنیـش نـووسراوی ئەمانەتـی بـاج ئامـاژەی پێکـردووە، لەگـەڵ راپۆرتـی نەزارەتـی دارایـی شـکۆدار بەیەکـەوە راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا جەنابـی پاشـا بـە فەرمـان و بریـار چ بفەرمووێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـە راگەیاندنـی نـووسراو کـراوە ئەفەنـدم.
سەدری ئەعزەم





DH.MKT.01349.00100.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 01349.00100 | 7 ڕەمەزان 1303 (9 حوزەیران 1886) |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵی بەرز

لـە شـارۆچکەی سـەڵاحیە تـا خاڵـی قەرەتەپـەی ویلایـەت لـە کاتـی گەرانـەوەی پۆسـتەچی لەلایـەن نەفـەری سـەربازی زەبتیـەی سـوارە هاوبەشـی دەکرێـن، بـەڵام بـە ڕێکـەوت تووشـی چەتـەکان بوونەتـەوە و تەقەیـان لـێ کـراوە، لـە ئەنجـام یەکێـك لـەم نەفەرانـە کـوژراوە، جگـە لەمـە چەنـد چەکێـك کەوتۆتـە دەسـت چەتـەکان، بۆیـە بـە پێویسـت زانـراوە چاودێـری ئەمانـە بکرێـت و دوو بلۆکـی سـەربازی شـاهانە لـەم نێوەنـدە جێگیـر بکرێـن، لـە موشـیرەتی لەشـکری شەشـەمی هومایۆنـی شـکۆدار ڕاگەیەنـدراوە و بـە نـووسراو لـە لایەنـی واڵای سەرعەسـکەر ئاماژەی پێکـراوە، کـە ئەمجـارە چەتـەکان چاودێریەکـی چریـان بخرێتـە سـەر و دەسـتگیر بکرێـن، ئەنجامەکەشـی ڕابگەیەندرێـت.



DH.MKT 01363.00063.001


| DH.MKT | 01363.00063 | 6 زیلحیجە 1303 (5 ئەیلوول 1886) |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵی بەرز و لایەنی جەنابی عالی پەیوەندیداری سەدارەت و نەزارەتی پۆستە و تەلەگرافی عالی


ئــەم کاروانــەی کــە لــە ســەڵاحیە بەڕێکەوتــوون، بــە دووری کاتژمێرێــك و نیــو لــە ناوچــەی داقــوق تووشــی چەتەکانــی هەمەوەنــد بوونەتــەوە، بەهــۆی نەبوونــی ئەمنیــەت، تەلەگرافنامــەی ســەرۆکی بەڕێوەبەرایەتــی تەلەگــراف و پۆســتەی بەغــداد بەڕێکەوتــووە، لــە خورماتــو بــە ٥-٦ ئەســپ ســوار بــۆ ســەڵاحیە هێــنراوە، بــۆ جێبەجــێ کردنــی لــە نەزارەتــی تەلەگرافــی عالــی بــە نــووسراو ئامــاژەی پێکــراوە، ئەگەرچــی نــووسراوە بــە هــەر شــێوەیەك بێــت پێویســتە چەتــەکان دەســتگیر بکرێــن و زیانەکانیــان لــە ویلایــەت دوور بخرێتــەوە، بــەڵام جێــگای داخــە کــە تــا ئێســتا دەســتگیر نەکــراون، بۆیــە هــەر ئێســتا بــە چاودێــری کردنیــان کێشــەکە کۆتایــی پــێ بهێنرێــت.

بۆ سەدارەت
وێنەیەکــی تەلەگرافنامــەی ناوهاتــوو هاوپێــچ بــۆ پەیوەندیدارانــی ســەدارەت ڕەوان کــراوە، بــە چاودێــری کردنــی چەتەکانــی ناوهاتــوو بــە هــەر شــێوەیەك بێــت دەســتگیر بکرێــن، ڕێنمایــی پێویســت دراوەتــە ویلایەتــی موســڵ.

هاوپێچ بۆ نەزارەتی تەلەگراف
نــووسراوی عالــی بــۆ ئــەم بابەتــە و هاوپێچــی مــاددەکان بــە چاودێــری کردنــی چەتەکانــی ناوهاتــوو دەســتگیر بکرێــن، بــۆ ئــەم مەبەســتەش ڕێنمایــی پێویســت دراوەتــە ویلایەتــی موســڵ.



Y.PRK.BŞK 11/67

| Y.PRK.BŞK | 00011.00067 | 5 شەعبان 1304 (29 نیسان 1887) |
|---|---|---|
| بـۆ موقاتەعـەی قەرەتەپـەی قـەزای سـەڵاحیە سـەر بـە سـانجەقی شـارەزوور لەگـەڵ دەورووبـەر و پاشـکۆکانی ٢٠٠٠ لیـرە داواکـراوە، لەسـەر ئـەم پۆسـتەی بـۆ جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـەرز کراوەتــەوە، بریـار و فەرمـان لەسـەر لێکۆڵینــەوەی دراوە، بــە موتەسـەرفی شـارەزوور و نەزارەتـی خەزینـەی تایبەتـی شـاهانە راگەیەنـدراوە، بـە تێروانیـن لـە وەڵامـی نەزارەتـی ناوهاتـوو موقاتەعـەی ناوهاتـوو خراوەتـە سـەر ئەملاکـی تایبەتـی جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت، روون بۆتـەوە، سـەنەدەکەی لـە مێـژووی ١٢ کانوونـی یەکـەم ١٣٠٣ پێشکەشـی جەنابـی سـەروو کـراوە، راگەیەنـدراوە. | | |



Y.PRK.HH.00019.00040.001


| Y.PRK.HH | 00019.00040 | 4 شەعبان 1305 (16 نیسان 1888) |
| --- | --- | --- |
| کۆشکی یڵدزی هومایۆن<br>فەرمانگەی باش کیتابەت<br>سەبارەت بە بەستنەوە و نەبەستنەوەی موقاتەعەی قەرەتەپە و پاشکۆکانی و دەوروبەری قەزای سەڵاحیە سەر بە سانجەقی شارەزوور بە ئەملاکی هومایۆنی جەنابی پاشا، بە پەلە ئاماژەی پێ بکرێت، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بە دەستەوەیە.<br>سورەیا سەرکاتیبی جەنابی شەهریار | | |



Y.MTV.00028.00062.001


| Y.MTV | 00028.00062 | 20 سەفەر 1305 (7 تشرینی دووەم 1887) |
|---|---|---|

خەزینەی تایبەتی شاهانە
ژمارە ٥٠٠
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لـە موقاتەعـەی سـەڵاحیەی ویلایەتـی موسـڵ کـە ئەملاکـی تایبەتـی جەنابـی پاشـایە، عەشـیرەتە سـەیارەکانی هەمەوەنـد و جـاف نیشـتەجێن، ماوەیەکـی زۆرە سـەرپێچی و هێرشـەکانیان پەرشـوبڵاوبۆتەوە، بۆیـە ئەمجـارە دانیشـتوانەکەی دەگەڕێنـەوە شـوێنەکانیان، بـەڵام ئەمانـە پێویسـتیان بـە ٢٥٠٠٠ قیـە گەنـم و بـە تەخمینـی ٥،٤٧٠ قیـە جۆیـە، هەروەهـا ئـەم زەخیرانـەی کـە لـە ئەنبـاری موقاتەعـەی سـەڵاحیە بوونـی هەیـە، بـۆ سـاڵی داهاتـوو لە وەرزی خەرمـان بەسـەر دانیشـتوانی ناوهاتـوو دابـەش بکرێـت، بـۆ ئەمـەش لـە وەکالەتـی سـەرۆکایەتی ئەملاکـی هومایۆنـی موسـڵ لـە مێـژووی ١٧ تشرینی یەکـەم ١٣٠٣ نێـردراوە و راگەیەنـدراوە، بە گوێـرەی ئاماژەکە بە تەخمینی وەکـو قەرەبووکردنـەوە زەخیـرەکان بە سـەر دانیشـتوان دابەش بکرێـت، بریـار و فەرمانی هومایۆنـی جەنابی تاجدار چ بفەرمووێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بـە دەسـتەوەیە.
نازری خەزینەی تایبەت



Y.PRK.ASK.00043.00100.001

<table>
<tr><th>Y.PRK.ASK</th><th>00043.00100</th><th>26 رەبیعی كۆتایی 1305 (11 تشرینی دووەم 1888)</th></tr>
<tr><td colspan="3">پایەی سەر عەسكەر<br>قەڵەمی مەكتوب<br>تایبەتی<br>بەهـۆی بابەتێكـی كوشـتن لەوانەیـە لـە نێـوان قەبیلـەی تاڵەبانیـەكان و باجەلانیـەكان رووبەروبوونـەوە رووبـدات، بـۆ جێگیـر كردنـی ئاسـایش و رێگەگرتـن لـە رووداونـی هـەر رووداوێـك ئـەوا میـری لیـوا محەمـەد فـازڵ پاشـا و بینباشـی شـامل ئەفەنـدی ژمارەیەكـی بـاش لـە سـەربازی ئێسـتر سـوارەی شـاهانە، لـە خاڵـی گونجـاوی قەزاكانـی خانەقیـن و سـەڵاحیە بسـورێنەوە، لـە ١٩ رەبیعـی كۆتایـی ١٣٠٥ بـە فەرمانـی پاشـا رەزامەنـدی دەرچـووە و بـە تەلەگـراف موشـیرەتی لەشـكری شەشـەمی هومایۆنـی شـكۆدار ئـاگادار كراوەتـەوە، ئەمجـارە لـە وەڵامـدا تەلەگرافنامـە هاتـووە، محەمـەد پاشـاش ئـاگادار كراوەتـەوە، لـە وەرزی زسـتاندا قاچەكانـی ئـازاری هەبـووە و بەهـۆی ئـازاری پێشـووتری بارودۆخـی خـراپ بـووە، ماوەیـەك پێش ئێسـتاش لەسـەر ئـاژەڵ كەوتۆتـە خـوارەوە و بە تیماركردنـی خەریـك بـووە، بۆیـە بـە هاتنـی ئـەم هەواڵـە ناتوانرێـت ناوبـراو رەوان بكرێت، بەڵام بە بینباشـی شـامل ئەفەنـدی راگەیەنـدراوە كـە بـە ٢٠٠ ئێسـتر سـوارەوە هـەر ئێسـتا بـەرێ بكەوێـت، ئـاگاداری پێویسـتیش دراوەتـە قوماندانـی فرقـەی ١٢، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم كەسـەیە كـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە.<br>سەر عەسكەر عەلی رز</td></tr>
</table>



İ.DH.01076

هەواڵنامەی کتێب

| İ.DH | 01076.084431 | 30 جەمادی یەکەم 1305 (13 شوبات 1888) |
|---|---|---|


بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
قەڵەمی مەکتوب
١٤٦٢
نەزارەتی ناوەی شکۆدار
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لەســەر ئــەم تۆمەتــەی دراوەتــە پــاڵ محەمــەد کــوڕی مســتەفا هاووڵاتــی عوســمانی و دانیشــتوی گونــدی ســەر قەلعــەی ســەر بــە ســەڵاحیە و ئــەوی تــر لەگــەڵ ...... لــە کارگێــری دیوانــی عورفــی جەنگــی خۆچێیــی دادگایــی کــراون، بــە ســەرکردایەتی جەنابــی ئیســماعیل حەقــی پاشــا دیوانــی جەنگــی ڕێکخــراوە، لەلایــەن ناوبــراوەوە مەزبەتــە ڕەوان کــراوە و پەســەند کــراوە، لێــرە لــە کارگێــری دیوانــی عورفــی جەنگــی بریــار دراوە، بــۆ جێبەجــێ کردنــی نــووسراو بــۆ لایەنــی واڵای ســەر عەســکەر ڕەوان کــراوە، لــەم بابەتــەدا خوێندنــەوە کــراوە، هیممــەت بکرێــت لــە ئامــاژە پێکردنــی، نــووسراو کــراوە ئەفەنــدم.
سەدری ئەعزەم



DH.MKT.01498.00054.001

| DH.MKT | 01498.00054 | 19 ڕەجەب 1305 (1 نیسان 1888) |
| --- | --- | --- |


ویلایەتی بەغدادی شکۆدار
لەلایـەن جەنابـی ئیسـماعیل حەقی پاشـا نـووسراو بـۆ واڵای سـەر عەسـکەر ڕەوان کراوە، لـە نـووسراوەکان هاوپێچی نـووسراوی ژمـارە ١٢٠ بـە سـەرۆکایەتی وەزیـری ناوهاتـوو، دیوانـی جەنگـی عورفـی پەسـەند کـراوە، مەزبەتـەی لێکۆڵینـەوەی هۆبـەی بـاڵای دیوانـی جەنگـی عورفـی ڕوون بۆتـەوە، کەلوپـەل و مەڕومالاَتـی دانیشـتووی گونـدی سـەر قەلعـەی سـەڵاحیە و هاووڵاتـی دەوڵەتـی عالـی محەمـەد کـوڕی مسـتەفا و دەسـەتباز دزییـان لـەم کەسـانە کـردووە، کـە ناویـان تۆمـار کـراوە، بـە بڕیار بری هەشـت یەك خـەرج دەکرێـت و بەڵێنـی داوە بیدات، بە یاسـانامەی سـزای مولکیـە پشـت بەسـتن بـە مـاددەی ٢٢٢ و لـە مێـژووی دەسـتگیر کـردن یـەك سـاڵ جێبەجـێ دەکرێـت، بـۆ تـەواو کردنـی ئـەم ماوەیـەی ماوەتـەوە بـۆ گرتووخانـەی سـەڵاحیە بگوازرێتـەوە، هەروەهـا لەسـەر هاوەڵەکـەی بـە نـاوی حەسـەن هیـچ بەڵگەیـەك نەدۆزراوەتـەوە، بۆیـە بڕیار لەسـەر ئـازاد کردنـی دراوە، بـەڵام لـە بـارەی سـزای دیاریکـراوی محەمـەد و دەسـتباز بـە گوێـرەی مـاددەی ٢٢٢ گونجـاو نییـە، بەڵکو سـزاکە بـە مـاددەی ٢٢٤ گونجاوە، بـە مـاددەی باسـکراو بڕیـار دراوە یـەك سـاڵ زیندانـی بکرێـت و لـە بـارەی حەسـەنیش لەبـەر ئـەوەی بەڵگـەی لەسـەر نییـە، ئـازاد دەکرێـت، بـۆ جێبەجـێ کردنـی کارەکـەش مەزبەتـە بـە ووتـەی دیوانـی جەنگـی عورفـی ڕەوان کـراوە، لەسـەر نـووسراوی سـەر عەسـکەری ناوهاتـووش دوای وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی، پەیوەندیـداری سـەدارەت جەنابـی پاشـا بـە فەرمانـی پاشـا ڕەزامەنـدی نیشـان داوە، کارەکـە بـە سـەر عەسـکەری ناوهاتـوو ڕاگەیەنـدراوە، بـە فەرمانـی عالـی نـووسراو بـۆ بڕیارەکـە کـراوە، بـە دەرچوونـی فەرمانـی پاشـا کارەکـە جێبەجـێ دەکرێـت.


OSMANLI ARŞİVİ
DH. MKT
1527 68

هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.01527.00068.001


| DH.MKT | 01527.00068 | 23 جەمادی یەکەم 1305 (6 شوبات 1888) |
|---|---|---|
| نەزارەتی پۆستە و تەلەگرافی عالی<br>عیـزەت ئەفەنـدی فەرمانبـەری تەلەگرافـی قـەزای سـەڵاحیە لـە ئەرکەکەیـدا خزمەتـی باشـی کـردووە، بۆیـە داواکاری پێشکەشـی پەیوەندیـداری سـەدارەت کـردووە و داوای پاداشـتی کـردووە، داواکاریەکـە لـە ٢٨ مـارت ١٣٠٤ حەواڵـەی نەزارەتـی عالـی کـراوە، بـەڵام ئەمجـارە داواکاری بـۆ بابـی عالـی ڕەوان کـردووە، کارەکـە جێبەجـێ بکرێت. | | |


OSMANLI ARŞİVİ
ŞD

ŞD.00889.00007.002

| ŞD | 00889.00007 | 17 سەفەر 1306 (23 تشرینی یەکەم 1888) |
|---|---|---|


فەرمانگەی خانەنشینی مولکیە
ژمارە ٢٧٩٧
خەلیـل ئەفەنـدی بەڕێوەبـەری دارایـی قـەزای سـەڵاحیە مـردووە، لەلایـەن خێزانەکـەی زەریفـە خانـم داواکاری بـەرز کراوەتـەوە داوای برینـەوەی مووچـە دەکات، بـە مەزبەتـە لـە ویلایەتـی مەعمورەتولعەزیـزە داواکاریەکـە ڕەوان کـراوە، لەگـەڵ ئەمـەش خشـتەی مـاوەی خزمـەت و لەسـەر نـووسراوی پەیوەسـت بـەم بابەتـە لـە ژمێریـاری پەراوێـز ڕێکخـراوە، بـە کۆکراوەیـی ووردبینـی بـۆ کـراوە. لـە پۆسـتەی ناوهاتـوو ناوبـراوی مـردوو لـە مێـژووی ئەرکەکانـی لەگـەڵ بـری مووچەکانـی لـە مێـژووی ١٥ شـوبات ١٢٩٧ کـە مردنیەتـی و بڕیارنامـەی فەرمانبەرانـی مولکیـە مامەڵەکـە لەسـەر جێبەجـێ کردنـە، بـۆ دابیـن کردنیشـی نـووسراو بـۆ سـندوقی کـراوە، لـەم بابەتـەدا بڕیـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە.



İ.DH.01105


| İ.DH | 01105.086570 | 29 سەفەر 1306 (4 تشرینی دووەم 1888) |
|---|---|---|

کۆشکی یڵدزی هومایۆن
فەرمانگەی باش کیتابەت
راگەیەندراوی بەندەمانە
عەزیز ئەفەندی قائیمقامی قەزای سەلاحیەی سەر بە ویلایەتی موسڵ وەکو پاداشت لە پلەی سێیەم بۆ نمرەی دووەم بەرز کراوەتەوە، بۆ ئەمەش فەرمانی پاشای جەنابی پاشا دەرچووە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.
جەنابی شەهریاری سەر کاتیب سورەیا




DH.MKT.01651.00118.001

<table dir="rtl">
<tr><td>DH.MKT</td><td>01651.00118</td><td>30 جەمادى يەكەم 1306 (1 شوبات 1889)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتى تەندروستى شكۆدار<br>نەخۆشـى كۆلێـرا لـە بەغـداد بڵاوبۆتـەوە، بـۆ ئـەوەى بـەرەو لايەنـى باكـوور تەشـەنە نـەكات و بڵاونەبێتـەوە، لـە سـەڵاحيە كەرەنتينـە دانـراوە، لـە ويلايەتەكانـى موسـڵ و دياربەكـر و حەلـەب و سـوريا خانـەى پاراسـتنى يـەدەگ دامەزرێـت، قۆميسـيۆن لـە سـەرۆكايەتى والـى بەغـداد پێـك هێـنراوە و تەلەگرافنامـە هاتـووە، ئامـاژە بـە يەدەگـى خانـەى پاراسـتن كـراوە، بـۆ جێبەجـێ كردنـى هيممـەت بكرێـت.</td></tr>
</table>




| 11 رەمەزان 1307 (1 مایس 1890) | 00076.00041 | HH.İ |
|---|---|---|

خەزینەی تایبەتی شاهانە
ژمارە ١٠٦
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لە ئەملاکی تایبەتی جەنابی پاشای ویلایەتی موسڵ ئەم پردەی دەکەوێتە سەر دەریاچەی چمنەی نێوان سەڵاحیە و قەرەتەپە بە تێپەربوونی کات وێران بووە، دوا دەرخستە لەگەڵ دەفتەر نەخشەکەی رەوان کراوە، بە راگەیاندنی خەرجیەکەی کە دەکاتە ١٣٦٠٧ قوروش لە داهاتی ئەملاکی همایۆن خەرج دەکرێت، بۆ نۆژەنکردنەوەی پردی ناوهاتوو مەزبەتە لە قۆمیسیۆنی ئەملاکی همایۆنی موسڵ هاتووە و لەگەڵ هاوپێچ بەیەکەوە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بارەیەوە بریار و فەرمانی همایۆن جەنابی سێبەری خوا لەسەر زەوی چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.
نازری خەزینەی تایبەت



Y_A__HUS_00256.00108.002

<table>
<tr><th>Y.A.HUS</th><th>00256.00108</th><th>26 ڕەجەب 1309 (25 شوبات 1892)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەتی پیرۆز<br>ژووری تەلەگراف<br>وێنەی ئەم تەلەگرافنامەیەی کە لە ١٣ شوبات ١٣٠٧ لە موشیرەتی لەشکری چواری هومایۆن بۆ سەدری ئەعززەم ڕەوان کراوە ئەم تەلەگرافنامەیە لەلایەن عەبدولحەمید ئەفەندی لە موسڵ وەرگیراوە، ئەمجارە ڕێنمایی و ئامۆژگاری پێویست دراوەتە ناوبراو، ڕاگەیەندراوە فەرمان.<br>زەکی موشیری لەشکری چوارەم<br><br>لەسەر هەندێك گفتوگۆی مەحمود جاف لەگەڵ بانگخوازانی، برادەرزادەکەی ڕەوانی تەلەگرافخانەی سەڵاحیە کردووە، بە گوێرەی هەواڵی ناوبراو مەحمود و بانگخوازانی ئامادەکاریان کردووە بێنە دەرسەعادەت، بەڵام متمانە بە ڕێگاکە ناکەن تا ئێرە بێن، بۆیە لە ڕێگا گەڕاونەتەوە، من بە هۆی ئەوەی دەروونم تەواو نەبووە توانام نەبووە بگەڕێمەوە، سەبارەت بە هاتنی ناوبراو، لەلایەن هیچ کەسێك جولەی نەشیاو ئەنجام نەدرێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئامۆژگاری و متمانە دراوەتە لایەنی پەیوەندیدار، بە ئاگادار کردنەوەی ناوبراو زانیاری ڕاگەیەندراوە.</td></tr>
</table>




Y__A__HUS_00256.00108.001

هەواڵنامەی کتێب


| Y.A.HUS | 00256.00108 | 28 رەجەب 1309 (27 شوبات 1892) |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
دیوانی هومایۆنی ئێستا
٥
لــە تەلەگرافخانــەی ســەڵاحیە حەمیــد ئەفەنــدی لەگــەڵ بــرادەرزادەی مەحمــود جــاف پەیوەنــدی کــردووە و رایگەیانــدووە، خــۆی و مەحمــود دێنــە دەرســەعادەت، بــەڵام بەهــۆی مەزاجیــەوە لــە توانــای نابێــت بێتــە دەرسـەعادەت، ناوبـراو بـۆ ئـەوەی جولـە بـکات بـۆ دەرسـەعادەت، بە چ جۆرێـك ئـاگاداری و متمانەی پـێ دەدرێت، لـەم بارەیـەوە لەلایـەن ناوبـراوەوە تەلەگرافنامــە هاتــووە، وێنەیەکــی گوازراوەتــەوە، تەلەگرافنامــەی موشــیرەتی شــکۆداری لەشــکری چوارەمــی هومایــۆن بــەرز کراوەتــەوە، هەروەهــا حەمیــد ئەفەنــدی لــە موســڵ چۆتــە سـەڵاحیە، لـە فەرمانگـەی پێشـوو ئامـۆژگاری پێویسـت کـراوە، بـە نـووسراو موشـیرەتی ناوبـراو ئـاگادار کراوەتـەوە.
سەدری ئەعزەم و یاوەری




DH.MKT.01652.00142.001

| DH.MKT | 01652.00142 | 4 موحەررەم 1307 (31 ئۆغستۆس 1889) |
| --- | --- | --- |
| جەنابی ملوکانەی باش کیتابەتی مابەینی هومایۆن<br>لــە بــارەی کۆڵێــراوە لــە ویلایەتــی بەغــداد دوو پارچــە تەلەگرافنامــە وەرگیــراوە، وێنەکانــی لــە بــاڵادا هەیــە، بــەڵام لەبــەر ئــەوەی هێڵــی تەلەگــراف نییــە، بۆیــە وەرگرتنــی هــەواڵ و رووداوەکانــی ناحیــەی ســەبارەی ســەر بــە نەجەفــی ئــەشرەف پێویســتی بــە درێژکردنــەوەی هێــڵ و ئــەم نەخۆشــیە گەیشــتۆتە شــارۆچکەی مەندەلــی، بۆیــە لــە ســەڵاحیە خانــەی پاراســتن رێــك بخرێــت، نــووسراوی نەزارەتــی تەلەگــراف و تەندروســتی رەوان کــراوە. | | |





DH.MKT.01664.00066.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 01664.00066 | 12 سەفەر 1307 (8 تشرینی یەکەم 1889) |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵی پایەبەرز و نەزارەتی خەزینەی تایبەتی شاهانەی شکۆدار
پزیشـکی کەرەنتینـە کـە بـۆ سـەڵاحیە رەوان کـراو شـەو و رۆژ بـە خواردنـەوە خەریکـە، هەروەهـا ئـەم پزیشـکەی لـە سـلێمانی دامـەزراوە هێشـتا لـە خانەکـەی خـۆی نەهاتۆتـە دەرەوە، بەمـەش ئامـادەکاری تەندروسـتی ئەنجـام نـەدراوە، لەسـەر نـووسراوی نەزارەتـی خەزینـەی تایبەتـی و دوای پـرس، پزیشـکی کەرەنتینـەی سـەڵاحیە بەهـۆی کەموکـوری و هەسـت نەکـردن بـە بەرپرسـیارێتی، پزیشـکی کەرەنتینـە بـە نـاوی موسـیو غوتـە رەوان کـراوە، لـە سـلێمانیش پزیشـکێکی سـەربازی ئەرکەکـەی پـێ دراوە، لـە وەڵامـدا روون کردنـەوە لـە ویلایەتـی موسـڵ ئامـاژەی پێکـراوە، بـە سـەروو راگەیەنـدراوە، لـەم وەڵامـەی کـە لـە نەزارەتـی تەندروسـتی هاتـووە لـە سـەڵاحیە ئەوانـەی دەسـتیان لـە کار کێشـاوەتەوە، کەسـێکی شـیاو و گونجـاو لـە شـوێنیان دامەزرێـت، پزیشـکی سـلێمانیش ماوەیـەك بـێ کەیـف بـووە، بۆیـە ئەرکەکـەی ئەنجـام نـەداوە، بـەڵام ئێسـتا هاتۆتـەوە هـۆش خـۆی و پێویسـتە لـە ئەرکـدا ووردبیـن و چاوکـراوە بێـت.



OSMANLI ARŞİVİ
DH.MKT

DH.MKT.01671.00025.001

| DH.MKT | 01671.00025 | 25 سەفەر 1307 (21 تشرینی یەکەم 1889) |
| --- | --- | --- |
| ویلایەتی موسڵی پایەبەرز<br>تۆمـاری هەشـت یەکـی فەرمانگـەی ناسـنامەی سـانجەقی شـارەزوور لەگـەڵ خەرجـی بـەرگ کردنـی تۆمارەکانـی قـەزای سـەڵاحیە دەکاتـە ۱۹۸ قـوروش، لەگـەڵ ئـەم دەفتەرانـەی لەشـکری هومایـۆن رەوانـی دەکات، وێنـەی رێکخسـتنی خەرجـی بـەرگ کردنـی دەفتـەرەکان، لـە مێـژووی ۱۹ ئۆغسـتۆس ۱۳۰۵ نـووسراوی پایەبـەرز حەواڵـەی نەزارەتـی ژمێریـاری کـراوە، بـڕە پـارەی ناوهاتـوو بەشـێکی لـە نـاو موازەنـە تۆمـار کـراوە، خەرجیەکـە لـە کۆتایـی سـاڵ دەبینرێـت، رێکخسـتن و خـەرج کردنـی بـە پێویسـت زانـراوە و رەوانـی لەشـکری هومایـۆن دەکرێت، لـە بارەی بـڕی خەرجـی بـەرگ کردنـی دەفتەرەکانـی ناوهاتـوو نـووسراو بـۆ واڵا کـراوە، لـە راگەیاندنـی هیممـەت بکرێـت. | | |



| DH.MKT | 01725.00076 | 6 شەوال 1307 (26 مایس 1890) |
| --- | --- | --- |
| وەڵامی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت بریار و وەڵامی پەیوەندیداری سەدارەت، وەرەقەی کەسێتی وەرگێراوی ناوبراو بەرز کراوەتەوە، بۆ جێبەجێ کردنی بریار و فەرمان. لە بارەی دامەزراندنی عەبدوڵلا بەگ لە قائیمقامیەتی سەڵاحیە. | | |




DH.MKT.01740.00108.001

| DH.MKT | 01740.00108 | 21 زیلقەعدە 1307 (9 تەمموز 1890) |
| --- | --- | --- |

ویلایەتی موسڵی پایەبەرز


بـە پلـەی قەپوچـی باشـی لـە قائیمقامیەتـی قـەزای سـەڵاحیە دامـەزراوە، سـەرەتا بـە تەلەگرافنامـە ڕاگەیەنـدراوە کـە عەبدوڵـڵا بـەگ لەوێیـە، دوای گەیشـتنی تەلەگرافنامـەی ناوهاتـوو، لـە مێـژووی دەسـت بـە کار بوونـی ناوبـراو و بـە گوێـرەی تۆمـارەکان مانگانـە ٧٥٠ قـوروش مووچـەی بـۆ دابیـن دەکرێـت، هەروەهـا پشـت بەسـتن بـە تۆمـار و ڕێکخسـتنی تۆمـار مێـژووی ناوهاتـوو ڕابگەیەندرێـت و بـە بڕیارنامـە مانگانـە ئـەم مووچەیـەی کـە وەریدەگرێـت نیـوەی بـۆ نەزارەتـی سـندوقی خانەنشـینی دەگێردرێتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لـە ژمێریـاری نـووسراوی بـۆ کـراوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی کارەکـە.




ŞD.02163.00024.007


| ŞD | 02163.00024 | 10 جەمادی یەکەم 1307 (2 کانوونی دووەم 1890) |
|---|---|---|

لایەنی والای بریکاری قائیمقامی سەڵاحیە
بەهـۆی ئـەم بابەتانـەی کـە خراوەتـە پاڵیـەوە بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە بابەتەکـە بینباشـی رەفعـەت بـەگ هاتـووە، بـۆ خەرجـی رێـگای ناوبـراو ٦٠ لیـرە پـارەی پـێ بدرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش نـووسراو بـۆ قۆمیسـیۆن کـراوە، کاتیبـی هۆبـە زەکـی ئەفەنـدی هاتـووە لـە پێـش نائیبـی ئەفەنـدی ووتویەتـی ئەگـەر پێـی نەدرێـت ئـەوا زوڵمـی لـێ دەکرێـت، هێشـتا قۆمیسـیۆنیش بیرۆکەیەکـی نییـە، رەفعـەت بەگیش وەکو سـەربازێك لە شـوێنێکی بچووکـی وەکو سـەڵاحیە هـەر شـتێك بیـەوێ بیـکات، بـۆ خـۆی دەبێـت، بـۆ پاراسـتنی نەفسـم و ناموسـم و کەسـایەتیم ٢٥ لیـرە بۆ ناوبـراو بنێردرێـت، بـۆ چۆنیەتـی کارەکـەش زانیاریـم بـۆ قۆمیسـیۆن نـاردووە، زانیـاری رابگەیەندرێـت ئەفەنـدم.




DH.MKT.01761.00069.001

<table>
<tr><th>DH.MKT</th><th>01761.00069</th><th>2 سەفەر 1308 (17 ئەیلوول 1890)</th></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵی پایەبەرز<br>لەبەر ئەوەی دوورخستنەوەی پێچەوانەی یاسایە، لەلایەن عەزیز ئەفەندی قائیمقامی پێشووی سەڵاحیە تەلەگرافنامە ڕەوان کراوە، دوای ئەوەی داوای زانیاری کراوە لە مێژووی ٢٢ مایس ١٣٠٦ بە تەلەگرافنامە وەڵام لە واڵا هاتووە، دەرکەوتووە لە ئەملاکی هومایۆنی ناوبراو نزیکەی ١٣٠٠ لیرە بردراوە، لە کارگێری ئەملاکی هومایۆن لێکۆڵینەوە کراوە، ئەم ئەوراقانەی پەیوەستە بەم بابەتە، لە کارگێری ناوهاتوو ڕەوان کراوە، هەرچی زووە بۆ مامەڵەی یاسایی نووسراو بکرێت، ئەگەرچی نووسراو کراوە، بەڵام ئەمجارە ئەم تەلەگرافنامەی کە لەلایەن ناوبراوەوە هاتووە، وەڵام نەدراوەتەوە، بەمەش غەدری لێکراوە، بە پەلە کارەکە چارەسەر بکرێت و ئەنجامەکەی ڕابگەیەندرێت.</td></tr>
</table>




DH.MKT.01791.00049.001

| DH.MKT | 01791.00049 | 1 جەمادی یەکەم 1308 (13 کانوونی یەکەم 1890) |
| --- | --- | --- |
| جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت<br>بەهــۆی دڵســۆزی ســەید موحســێن ئەفەنــدی خانەدانــی قــەزای ســەڵاحیەی ســەر بــە ســانجەقی شــارەزوور، بــە پلــەی ســێیەم ڕێــزی لــێ بگیرێــت، بــۆ ئــەم مەبەســتە هاوپێچــی نــووسراوی ویلایەتــی موســڵ نێــردراوە، لــەم بابەتــەدا کارەکــە دەگەڕێتــەوە بــۆ جەنابــی پەیوەندیــداری وەکالــەت. | | |



HH.İ. 00080 00085.002




HH.İ. 00080 00085.001

| HH.İ | 00080.00085 | 27 ڕەبیعی یەکەم 1309 (31 تشرینی یەکەم 1891) |
| --- | --- | --- |


نەزارەتی خەزینەی تایبەتی شکۆدار
ئـەم سـاڵە هێرشـی کوللـە زیانـی بـە کشـتوکاڵی سـەڵاحیە گەیانـدووە و لەنـاوی بـردووە، تاوەکـو دانیشـتوانی ئـەم گوندانـەی کـە دەکەونـە نـاو موقاتەعاتەکانـی قەرەتەپـە و بەیـات و ئەسـکی کفـری و مخنـت ئابـاد زیانیـان پـێ نـەگات و نەبێتـە هەرەشـە بـۆ سـاڵی داهاتـوو، ١٠٠ هـەزار قیـە گەنـم و ١٠٠ هـەزار قیـە جـۆ لـە وەرزی خەرمـان هەنـگاو بـە هەنـگاو وەکـو قەرەبـوو دەدرێتـەوە خەڵکەکـە، ئەمـەش بـە تەلەگرافنامـە ئامـاژەی پێکـراوە و بـە بڕیـاری قۆمیسـیۆن ڕاگەیەنـدراوە.
نەزیف سەرۆکی قۆمیسیۆن

| HH.İ | 00080.00085 | 7 ڕەبیعی کۆتایی 1309 (10 تشرینی دووەم 1891) |
| --- | --- | --- |

خەزینەی تایبەتی شاهانە
ژمارە ٦٧٤
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
ئـەم سـاڵە سـەڵاحیە سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ بەهـۆی هێرشـی کوللـەوە کشـتوکاڵەکەی زیانـی پێگەیشـتووە و لەناوچـووە، بـۆ ئـەوەی کشـتوکاڵی دانیشـتوی گوندەکانـی موقاتەعـەی قەرەتەپـە و بەیـان و ئەسـکی کفـری و مخنـت ئابـاد کـە لـە ئەملاکـی تایبەتـی پاشـایە نەوەسـتێت، سـاڵی داهاتـوو لـە وەرزی خەرمـان قەرەبـوو وەردەگـرن، بـە بـاش زانـراوە ١٠٠ هـەزار قیـە گەنـم و ١٠٠ هـەزار قیـە جـۆ بەسـەریان دابـەش بکرێـت، لـە قۆمیسـیۆنی ئەملاکـی همایۆنـی موسـڵ تەلەگرافنامـە لـە مێـژووی ١٩ تشرینـی یەکـەم١٣٠٧ ڕاگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، دابـەش کردنـی زەخیـرەی ناوهاتـوو دەبێتـە هـۆکاری دابیـن کردنـی پێداویسـتییەکانی کشـتوکاڵ، بـە تێروانیـن لـە بەرژەوەندییـەکان بڕیـار و فەرمانـی همایـۆن هـەر چییـەك بێـت جێبەجـێ دەکرێـت، لـەم بابەتـەدا بڕیـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە.
نازری خەزینەی تایبەتی




| I.MMS | 00129.005529 | 7 شەعبان 1309 (7 مارت 1892) |
| --- | --- | --- |
| بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>دیوانی هومایۆنی ئێستا<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>لە ویلایەتی موسڵ بۆ ئەوەی ناحیەی توزخورماتو سەر بە سانجەقی شارەزوور لە مەرکەزی لیوا جیابکرێتەوە و ببەسترێتەوە بە قەزای سەڵاحیە، مەزبەتە لە فەرمانگەی ناوەخۆی ئەنجوومەنی تایبەتی بریکارەکانی شورای دەوڵەت پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا جەنابی ملوکانە بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت ئەو جێبەجێ دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستە نووسراو کراوە ئەفەندم.<br>سەدری ئەعزەم و یاوەری | | |




هەواڵنامەی کتێب

Y.A.HUS.00261.00089.002

<table>
<tr><td>Y.A.HUS</td><td>00261.00089</td><td>8 زیلقەعدە 1309 (4 حوزەیران 1892)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەتی پیرۆز<br>ژووری تەلەگراف<br>تەلەگرافنامـە لـە جەنابـی پاشـای پەیوەندیـداری سـەدارەت بـۆ ویلایەتـی بەغـداد رەوان کـراوە هـەواڵ هاتـووە دوو هاووڵاتـی ئێـران کـە لـە سـەڵاحیەی سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ نیشـتەجێن، لەگـەڵ دوو هاوەڵیـان بەیەکـەوە ٣ رۆژ پێـش ئێسـتا ٤ یـوک جبەخانەیـان لـە سـنوور پەڕاندۆتـەوە، بـە مەبەسـتی فرۆشـتن بردویانەتـە لایەنـی سـەڵاحیە، نـووسراو بـۆ قائیمقامیەتـی خانەقیـن کـراوە، بـە تەلەگرافنامـەی بـە شـیفرە ویلایەتـی ناوهاتـوو ئـاگادار کراوەتـەوە، کـە دەسـتگیر بکرێـن، راگەیەنـدراوە فەرمـان.<br>حەسەن والی بەغداد</td></tr>
</table>



A.}MKT.MHM.00502.00069.001


| A.MKT.MHM | 00502.00069 | 13 شەعبان 1309 (13 مارت 1892) |
|---|---|---|

بۆ ناوەخۆ و دارایی و دەفتەرخاقانی شکۆدار
وێنـەی لـە بـاڵادا نـوسراوە لەگـەڵ مەزبەتـەی فەرمانگـەی ناوەخـۆی شـورای دەوڵـەت و مەزبەتـەی ئەنجوومەنـی بریـکارەکان و نـووسراوی راگەیەنـدراو و فەرمانـی جەنابـی پاشـا ڕەوانـی نەزارەتـی دارایـی و دەفتەرخاقانـی کـراوە، لەگـەڵ ئەمـەش داوا لـە نەزارەتـی ناوەخـۆی شـکۆدار کـراوە هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.

دارایی
داوا لـە نەزارەتەکانـی ناوەخـۆ و دەفتەرخاقانـی شـکۆدار کـراوە، هەروەهـا لـە نەزارەتـی دارایـی پایەبـەرز هیممـەت کـراوە لـە جێبەجـێ کردنـی.

دەفتەرخاقانی
بـۆ جێبەجـێ کردنـی کارەکـە نەزارەتەکانـی ناوەخـۆ و دارایـی ئـاگادار کراوەتـەوە، نەزارەتـی دەفتەرخاقانـی پایەبەرزیـش ئـاگادار دەکرێتـەوە تـا هیممـەت بـکات.


ناحیـەی توزخورماتـو سـەر بـە سـانجەقی شـارەزوور بـە قـەزای سـەڵاحیە بەسـتراوەتەوە.



DH.MKT.01937.00085.001


هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>01937.00085</td><td>29 شەعبان 1309 (29 مارت 1892)</td></tr>
<tr><td colspan="3">
نووسراو بۆ ویلایەتی موسڵ و قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران و چاودێری دیوانی همایۆن و فەرمانگەی تۆماری ناسنامەی گشتی و ژمێریاری<br><br>
ئاوا بە گونجاو زانراوە لە ناو سانجەقی شارەزوور ناحیەی توزخورماتو لە مەرکەزی لیوا جیا بێتەوە و بە پشت بەستن بە شوێنە جوگرافیەکەی لە سەرەتای مارتی ١٣٠٨ بە قەزای سەڵاحیە دەبەسترێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە ئاماژە لە ویلایەت دەرچووە و لەسەر ئەم بڕیارەی دراوەتە شورای دەوڵەت و ئەنجوومەنی تایبەتی بریکارەکان، جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا ڕەزامەندی نیشان داوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی بڕیار و فەرمانی همایۆن.<br><br>
بۆ جێبەجێ کردنی مامەڵەکە نووسراو دراوەتە قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران.<br><br>
نووسراو دراوەتە چاودێری دیوانی همایۆن.<br><br>
نووسراو دراوەتە فەرمانگەی تۆماری ناسنامەی گشتی.<br><br>
نووسراو دراوەتە ژمێریاری.
</td></tr>
</table>



| DH.MKT | 00031.00011 | 20 شەوال 1310 (7 مايس 1893) |
|---|---|---|

ويلايەتى موسڵى بەرز
لـە نێـوان فرقەكانـى روغـزادى و ميكائيلـى جـاف لەگـەڵ داودە و زەنگەنـە ناكۆكـى و دووبەرەكـى دروسـت بـووە، بـۆ كۆتايـى هێنـان بـەم دووبەرەكيـە جەنابـى عەبدولوەهـاب پاشـا موتەسـەرفى پێشـووى كەركـووك لەگـەڵ چەنـد فەرمانبەرێـك چوونەتـە ناحيـەى كيـل و قـەزاى سـەڵاحيە، بـۆ خەرجـى رێـگا و رۆژانەيـان رەزامەنـدى لەسـەر خـەرج كردنـى ٣٠٠٠ قـوروش دراوە، نـووسراوى ٦ مـارت ١٣٠٩ ژمـارە ٣ رەوانـى نەزارەتـى ژمێريـارى كـراوە، كارەكـە لەسـەر جێبەجـێ كردنـە، سـەرەتا ئەمانـە ئـەو شـوێنەى بـۆى رۆيشـتوون لـە چەنـد كاتژمێرێـك پێـك دێـت، بـە نووسراوێكـى پەسـەندكراو لـە ئەنجوومەنـى كارگێـرى ويلايـەت بـە پۆسـتە بـۆ سـەروو رەوان كـراوە كـە تێـدا ديارىكـراوە ئـەم بـرە پـارە دابيـن كـراوە چەنـدى بـۆ خەرجـى رێگايـە و چەنـدى بـۆ رۆژانەيانـە، بـە گوێـرەى زانيـارى نووسراوەكـە هيممـەت بكرێـت لـە جێبەجـێ كردنـى.




| DH.MKT | 00084.00022 | 20 زیلحیجە 1310 (5 تەمموز 1893) |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
قەڵەمی مەکتوب
ژمارە ٩٠٥
نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
مـاوەی ٣٧ سـاڵە لـە خزمەتـی جۆراوجـۆر و قائیمقامیەتـەکان خزمەتـی کـردووە، بـە دوورخسـتنەوەی لـە ئەرکەکانـی تووشـی تەنگانەیـی و پەرێشـانی بۆتـەوە، تەلەگرافنامـە بـە واژووی عەزیـز کـە لـە ئەشرافەکانـی کەرکووکـە هاتـووە، دەرکەوتـووە ناوبـراو دوا ئـەرك قائیمقامـی قـەزای سـەڵاحیەی سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ بـووە و لـە قۆمیسـیۆن تۆمـاری هەیـە، لەبـەر مەغـدور بوونـی لـە مێـژووی ١٩ شـەوال ١٣١٠ نـووسراو بـۆ نەزارەتـی شـکۆدار بـەرز کراوەتـەوە، بـۆ ئـەوەی کۆتایـی بـە تەنگانەیـی و پەرێشـانی ناوبـراو بهێنرێـت، داوای کـردووە بـە بـەرز کردنـەوەی یـەك نمـرە لـە پلەکـەی لـە بەرێوەبەرایەتـی پۆلیسـی بەغـداد یاخـود لـە قۆمیسـەرێك دابمەزرێـت، ئەمجـارە لەلایـەن ناوبـراو تەلەگرافنامـە لـە گونـدی مقـری رەوانـەی سـەروو کـراوە، بـە تێروانیـن لـە هاوپێچەکـە و ئامـاژەی پێشـوو هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی، نـووسراو کـراوە ئەفەنـدم.
سەدری ئەعزەم و یاوەری




<table>
<tr><td>HH.İ</td><td>00084.00053</td><td>23 زیلقەعدە 1310 (8 حوزەیران 1893)</td></tr>
<tr><td colspan="3">خەزینەی تایبەتی شاهانە<br>١٧٦<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ ئیبراهیـم ئەفەنـدی قەرەتەپەیـی بـاغ و باخچـە و خانەیەکـی یـەك دەرگایـی دەفرۆشـێت، بۆیـە خسـتویەتیە موزایـەدەوە، بەهـۆی پەلەکردنیـەوە ١٣٥ لیـرەی کـردووە، هەروەهـا ئـەم خانەیـە بـۆ هۆبـەی ئەملاکـی هومایۆنـی سـەڵاحیە بـە گونجـاو زانـراوە بکرێتـە کـۆگا و خانـەی کارگێـری، بـە شـوێنگرەوەی ناوهاتـوو مولکەکـە کـراوە، تەلەگرافنامـە لـە قۆمیسـیۆنی ئەملاکـی هومایۆنـی موسـڵ نیشـان دراوە بخرێتـە سـەر ئەملاکـی هومایـۆن، بریـار و فەرمانـی هومایۆنـی جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت چـی بێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە.<br>نازری خەزینەی تایبەت</td></tr>
</table>




| BEO | 000117.008721 | 16 جەمادی یەکەم 1310 (6 کانوونی یەکەم 1892) |
|---|---|---|

نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
بەهـۆی مردنـی عومـەری زادە رەشـید ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای سـەڵاحیە و بەڕێوەبـەری ناحیـەی شـێخان، کەسـێك لـە قائیمقامیەتـی ناوهاتـوو دابمەزرێـت، کـە لـە خـوی ناوچەکـە ئاوێتـە و لـە خانەوادەیەکـی لێهاتـوو بێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لەلایـەن قوماندانـی هێـزی سـەڵاحیە بـە تەلەگـراف نـووسراو بـۆ ویلایەتـی موسـڵ کـراوە، کەچـی ناوبـراو لـە هەڵبژێـردراوەکان نییـە، بۆیـە دامەزراندنـی لـە قائیمقامیەتـی ناوبـراو پێچەوانـەی نیزامـە و بـۆ قائیمقامیەتـی ناوبـراو لـە چینـی دووەم وەلیەددیـن ئەفەنـدی دابمەزرێـت، لـە نـووسراوی ١١ جەمـادی یەکـەم ١٣١٠ ژمـارە ١٦٥٣ خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە، تێـدا ئامـاژەی پێکـراوە و بـە گونجـاو زانـراوە رەشـید ئەفەنـدی لـە جیاتـی وەلیەددیـن ئەفەنـدی دابمەزرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش خوێندنـەوە بـۆ بابەتەکـە بکرێـت.




| BEO | 000134.009994 | 14 جەمادی کۆتایی 1310 (3 کانوونی دووەم 1893) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>ئەمجارە بە پەلە بۆ قائیمقامیەتی قەزای سەڵاحیەی سەر بە ویلایەتی موسڵ هەڵبژێردراو لە چینی دووەم وەلیەددین ئەفەندی دابمەزرێت، بۆ ئەمەش لەسەر نووسراوی مێژووی ٤ جەمادی کۆتایی ١٣١٠ ژمارە ١٨١٨ دوای ڕەزامەندی فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت فەرموویەتی، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی. | | |





BEO.000210.015742.001

| BEO | 000210.015742 | 14 زیلقەعدە 1310 (30 مایس 1893) |
| --- | --- | --- |
| بۆ ویلایەتی بەغداد<br>بازرگان بە ناوی سەرسەری گەرەقۆز لە میللەتی ئیسلام و نیشتەجێی بەغداد، بۆ سەڵاحیە دوورخراوەتەوە، بە واژووی حاجی ئیبراهیم ئورەفەیی لە سەڵاحیە تەلەگرافنامەیەکی ناردووە، هەرچی زووە بە پەلە ئاماژە بە دوورخستنەوەی ناوبراو بکرێت. | | |


İ.DH.01301


<table>
<tr><th>İ.DH</th><th>01301.000003</th><th>11 جەمادی کۆتایی 1310 (31 کانوونی یەکەم 1892)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>دیوانی هومایۆنی ئێستا<br>١٦٠٢<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>ئەمجـاره بـۆ دامەزراندنـی رەشـید ئەفەنـدی بەرێوەبـەری شـێخان لـە قائیمقامیەتـی قـەزای سـەڵاحیە، لەلایـەن ویلایـەت ئامـاژەی پێکـراوە، بـەڵام ئەفەنـدی ناوبـراو لـە هەڵنەبژێردراوەکانـە، بۆیـە دامەزراندنـی لـە قائیمقامیـەت پێچەوانـەی نیزامـە، بۆیـە وەلیەددیـن ئەفەنـدی هەڵبژێـردراو لـە چینـی دووەم دابمەزرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی شـکۆدار هاوپێـچ راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا چ بفەرمووێـت جێبەجـێ بکرێـت، بـە راگەیاندنـی نـووسراو کـراوە ئەفەنـدم.<br>سەدری ئەعزەم و یاوەری</td></tr>
</table>



DH.MKT.02016.00098.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 02016.00098 | 10 رەبیعی کۆتایی 1310 (1 تشرینی دووەم 1892) |
| --- | --- | --- |
| ویلایەتی بەغدادی شکۆدار<br>لـە سـەید و خانەدانەکانـی بەغـداد سـەید محەمـەد سـاڵح ئەفەنـدی مـردووە، زەوی کشـکولی قـەزای سـەڵاحیە کـە بـە نـاوی بـووە، نیـوەی بـە شـێوەیەکی یەکسـان بـۆ خانەوادەکـەی دەبێـت، لـە مێـژووی ٣٠ حوزەیـران ١٣٠٨ مەزبەتـەی ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایـەت هاتـووە، بـۆ وەڵامەکەشـی نـووسراو لـە نەزارەتـی دارایـی عالـی بـەرز کراوەتـەوە، بـە فەرمانـی والـی ئـەم زەوییانـەی کـە پێـی دراوە، لـە مێـژووی وەرگرتنەکـە و تۆمـاری حکوومـەت نیـوەی زەوی ناوهاتـوو جێگیـر دەکرێـت، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی. | | |





DH.MKT.02031.00093.001

| DH.MKT | 02031.00093 | 25 جەمادی یەکەم 1310 (15 کانوونی یەکەم 1892) |
|---|---|---|

خەزینەی تایبەتی شاهانە
کارگێری ئەملاکی همایۆن
ژمارە ١٣١
نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم


نەخۆشـــی تـــای کوشـــندە لـــە ســـەڵاحیەی ســـەر بـــە ویلایەتـــی موســـڵ بڵاوبۆتـــەوە، بـــە فـــراوان بوونـــی زیانـــی زیـــاد بـــووە، هەروەهـــا لەســـەر هەندێـــك ووتـــە لـــە ســـەرۆکایەتی قۆمیســـیۆنی زەوی پاشـــایەتی موســـڵ دوو تەلەگرافنامـــە هاتـــووە و وێنەکانـــی بـــۆ پاشـــا رەوان کـــراوە، لـــەم بابەتـــەدا بـــۆ جێبەجـــێ کردنـــی ئامـــادەکاری بـــە پەلـــە بـــە تەلەگرافنامـــە راگەیەنـــدراوە و بـــۆ کاری پێویســـت زانیـــاری بدرێـــت، لـــەم بابەتـــەدا بریـــار و فەرمـــان بـــۆ جەنابـــی ئـــەم کەســـەیە کـــە فەرمانـــی بـــە دەســـتەوەیە.
نازری خەزینەی تایبەت




DH.MKT.02032.00056.001

هەواڵنامەی کتێب


| DH.MKT | 02032.00056 | 29 جەمادی یەکەم 1310 (19 کانوونی یەکەم 1892) |
|---|---|---|
| نەزارەتی خەزینەی تایبەتی شاهانەی عالی<br>نەخۆشـی تـای کوشـندە لـە سـەڵاحیەی سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ سـەری هەڵـداوە، بەهـۆی بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـیەکە زیانـی زۆری هەبـووە، نـووسراوی ٣ کانوونـی یەکـەم ١٣٠٨ ژمـارە ١٣١ هاتـووە و ئامـاژەی پێکـردووە، دوای خوێندنـەوە ڕێگـە لـە بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـیەکە بگیرێـت و ئامـادەکاری بکرێـت. | | |



DH.MKT.02033.00051.001

| DH.MKT | 02033.00051 | 1 جەمادی کۆتایی 1310 (21 کانوونی یەکەم 1892) |
|---|---|---|

لایەنی عالی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت
ماوەی ٢٤ ساڵ لە ئەرکی قائیمقام و ئەرکی جۆراوجۆردا کاری کردووە، لە ئەرکەکانیشیدا خزمەتی باشی کردووە، کەچی تا ئێستا پلەیەکی پێ نەدراوە، بۆیە دوای لێکۆڵینەوە و ووردبینی بەهۆی خزمەتەکانیەوە پلەیەکی پێ بدرێت، لەلایەن وەلیەددین ئەفەندی قائیمقامی پێشووی قەزای ولچترین داواکاری بەرز کراوەتەوە، بە تێروانین لە وەرەقەی وەرگێردراوی کەسێتی ناوبراو روون بۆتەوە کە ناوبراو لە قائیمقامیەتی قەزای سەڵاحیەی سەر بە ویلایەتی موسڵ هەڵبژێردراوە، مەزبەتە پێشکەش کراوە و نووسراوی قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران باسکراوە، سەبارەت بە پاداشت کردنی ئەم فەرمانبەرە دێرینانە پێویستی بە رەزامەندی عالیە، بۆ ئەوەی ناوبراو پلەی چوارەمی پێ ببەخشرێت، رەزامەندی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت پێویستە.




DH.MKT.02034.00062.001

هەواڵنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT | 02034.00062 | 4 جەمادی کۆتایی 1310 (24 کانوونی یەکەم 1892) |

نەزارەتی ئاوقافی هومایۆنی شکۆدار
تەکیـە لـە گوندەکانـی شـاکل و شـێروانەی سـەر بـە قـەزای سـەڵاحیەی سـانجەقی شـارەزوور دروسـت کـراوە، لـە سـەیدەکانی بەرزنجیـش شـێخ محەمـەد سـەعید ئەفەنـدی خەریکـی بەڕێوەبردنیەتـی، بـەڵام بـۆ خۆراکـی ئـەم تەکیـە شـتێك دابیـن بکرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە مەزبەتـە لـە ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایـەت ڕێکخـراوە و نێـردراوە، شـێخی ناوبـراو شـایەنی میهرەبانـی و ڕێزگرتنـە، نوسراوەکانـی ویلایەتـی موسـڵ و مەزبەتـەی ناوهاتـوو بەیەکـەوە بـەرز کراوەتـەوە، بـە تێڕوانیـن لـە بابەتەکـە هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.




DH.MKT.02037.00097.001


| DH.MKT | 02037.00097 | 12 جەمادی یەکەم 1310 (2 کانوونی یەکەم 1892) |
|---|---|---|
| نەزارەتی خەزینەی تایبەتی شاهانەی شکۆدار<br>نەخۆشـی تـای کوشـندە لـە سـەڵاحیەی سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ بڵاوبۆتـەوە، بەهـۆی بەربـڵاوی نەخۆشـەکە زیانـی بـەدوای خۆیـدا هێنـاوە، بـۆ ئامـادەکاری و چارەسـەرکردنی، لەسـەر نـووسراوی ٧ کانوونـی یەکـەم ١٣٠٨ ی عالـی بـە تەلەگرافنامـە ویلایەتـی ناوهاتـوو ئاگادارکراوەتـەوە کـە ڕێگـە نەدرێـت نەخۆشـی ناوهاتـوو پەرەبسـەنێت و بـۆ ئەمـەش ئامـادەکاری بـە پەلـە ئەنجـام بدرێـت، ئەمجـارە وەڵام هاتـووە و وێنەیەکـی هاوپێچـی تەلەگرافنامەکـە نێـردراوە، ئـەم ئامادەکاریانـەی کـە کـراوە، سـوودی هەبـووە و بـۆ ڕۆژێکیـش بێـت مـردوو نەبـووە، هەروەهـا ئـەم پروپاگەندانـەی کـە بـاس لـە فـراوان بـوون و بەربڵاوبوونـی نەخۆشـەکە دەکـەن ڕاسـت نییـە. | | |




DH.MKT.02044.00033.001


هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 02044.00033 | 1 ڕەجەب 1310 (19 کانوونی دووەم 1893) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتی دارایی عالی<br>وەلیەددیـن ئەفەنـدی لـە قائیمقامیەتـی قـەزای سـەڵاحیە سـەر بـە سـانجەقی شـارەزوور دامـەزراوە، بـۆ خەرجـی ڕێـگای ناوبـراو ٢٩٥٨ قـوروش لـە دەرماڵـەی ناوەخـۆی ئـەم سـاڵە هەژمـار کـراوە، نـووسراو بـۆ خەزینـەی نـەزارەت ڕەوان بکرێـت. | | |



DH.MKT.02048.00046.001


<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>02048.00046</td><td>16 رەجەب 1310 (3 شوبات 1893)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ويلايەتى موسڵى پايەبەرز<br>تەكيـە لـە گوندەكانـى شـاكل و شـێروانەى قـەزاى سـەڵاحيەى سـەر بـە سـانجەقى شـارەزوور دروسـت كـراوە، بـۆ خۆراكـى تەكيـەى شـێخ محەمـەد سـەعيد ئەفەنـدى بەرزنجـى برێـك پـارە دابيـن بكرێـت و خـەرج بكرێـت، بـۆ ئەمـەش بـە نـووسراوى ١٤ تشرينـى دووەم ١٣٠٨ لەگـەڵ نەزارەتـى ئاوقافـى هومايۆنـى شـكۆدار قسـە كـراوە، لـە وەڵامـدا تەكيـەى ناوهاتـوو و ئـەوەى پەيوەسـتە بـە وەقـف هيـچ تۆمارێـك نەدزۆراوەتـەوە، هەروەهـا بـە گوێـرەى شـەرع خـەرج كردنـى داهاتـى وەقفێـك بـۆ وەقفێكـى تـر گونجـاوە.</td></tr>
</table>




DH.MKT.02050.00122.001


هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>02050.00122</td><td>22 رەجەب 1310 (9 شوبات 1893)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵی بەرز<br>وەلیەددیـن ئەفەنـدی لـە قائیمقامیەتـی قـەزای سـەڵاحیە دامـەزراوە، بـە گوێـرەی یاسـای تۆمـار بـە گەیشـتنی بـۆ شـوێنی مەبەسـت و لـە مێژووی دەسـت بـە کار بوونـی مانگانـە ١٧٥٠ قـوروش مووچـەی بـۆ دابیـن دەکرێـت، بـە راگەیاندنـی بریارنامـە مانگانـە ئـەم مووچـەی وەریدەگرێـت جگـە لـە نیـوەی هەمـوو مانگێـك لـە سـەدا ٥ و لـە سـەدا ١ بـۆ خانەنشـینی دەگێردرێتـەوە، کـە لـە سـەدا ٥ی بـۆ سـندوقەکانی قۆمیسـیۆنی پـارەی مولکیـە دەنێردرێـت، هەروەهـا وەکـو خەرجـی رێـگای ناوبـراو ٢٩٥٨ قوروشـی بـۆ دابیـن دەکرێـت، لێـرە رێکخـراوە و لـە ژمێریـاری نـووسراو بـۆ سـەروو کـراوە، بـە گوێـرەی ئەمـە هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.</td></tr>
</table>


OSMANLI ARŞİVİ
DH.MKT
2056 69


DH.MKT.02056.00069.001

| DH.MKT | 02056.00069 | 11 شەعبان 1310 (28 شوبات 1893) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتی سندوقی خانەنشینی شکۆدار<br>لە بارەی دابین کردنی مووچەی دابراوان عەبدولعەزیز ئەفەندی قائیمقامی پێشووی قەزای سەڵاحیە داواکاری بەرز کردۆتەوە، بە تێروانین لە دابرانەکەی و لە بارەی سوود وەرگرتن و سوود وەرنەگرتنی، پرس بە نەزارەتی ناوهاتوو دەکرێت، ئاماژەی پێ دەکرێت و رادەگەیەندرێت. | | |




İ.TAL.00037.00013.001

| İ.TAL | 00037.00013 | 13 جەمادی یەکەم 1311 (22 تشرینی دووەم 1893) |
|---|---|---|
| کۆشکی یڵدزی هومایۆن<br>فەرمانگەی باش کیتابەت<br>٣٨٥٨<br>ڕاگەیەندراوی بەندەمانە<br>بەهـۆی زیادەڕۆیـی عەشـیرەتی میکائیـل لەلایەنـی سـەرچناری ڕۆژهەڵاتـی سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ، کوخـە عەبدولقـادر ئاغـا و نیشـتەجێی سـەڵاحیە فەرحـان بـەگ سـەرۆکی عەشـیرەتی بەیـات کار و خزمەتـی باشـیان بیـنراوە، بۆیـە لـە پلـەی پێنجـەم نیشـانی مەجیدیـان پـێ بدرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش فەرمانـی پاشـای جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت دەرچـووە، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابی ئەم کەسـەیە کە فەرمـان دەردەکات.<br>سورەیا سەر کاتیبی شەهریار | | |




<table>
<tr><td>HH.İ</td><td>00087.00026</td><td>10 رەبیعی کۆتایی 1311 (21 تشرینی یەکەم 1893)</td></tr>
<tr><td colspan="3">خەزینەی تایبەتی شاهانە<br>قەڵەمی تەحریرات<br>ژمارە ٤٩٨<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>بـە فەرمانـی جەنابـی پاشا لـە شـارۆچکەی سـەڵاحیەی سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ جامیـع و تەکیـەی خالدیـە و مەدرەسـە و مەکتەبەکـەی نۆژەنکراوەتـەوە، ئەگـەر بەشێکیشـی تـەواو بوویێـت، بـەڵام بـۆ تەواوکردنـی نۆژەنکردنەوەکـە پێویسـتی بـە ٢٤,٩٨٣ قوروشـە، پێشـەکی ئـەم بـڕە پارەیـە کـە ڕەزامەنـدی لەسـەر دراوە خـەرج بکرێـت، لـە نـووسراوی قۆمیسـیۆنی ئەملاکـی هومایۆنـی موسـڵ دەرکەوتـووە، لـە بـڕە پـارەی مـاوە کـە ٤٠٠٠ قوروشـە، دوای هێنانـە خـوارەوە بـە پێویسـت زانـراوە ٢٠,٩٨٣ قـوروش خـەرج دەکرێـت، لـەم بابەتـەدا دەفتـەری دەرخسـتەی هاتـوو ڕاگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، بڕیـار و فەرمانـی هومایۆنـی جەنابـی سـێبەری خودا لە سـەر زەوی چـی بێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بڕیـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە.<br>نازری خەزینەی تایبەتی</td></tr>
</table>



HH.İ.00088.00006.001


| HH.İ | 00088.00006 | 5 جەمادی یەکەم 1311 (14 تشرینی دووەم 1893) |
| --- | --- | --- |

خەزینەی تایبەتی شاهانە
قەڵەمی تەحریرات
ژمارە ٥٨٩
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
بەهـۆی زیادەڕۆیـی عەشـیرەتی میکائیلـی لەلایەنـی سـەرچناری ڕۆژهـەڵات سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ، کوخـە عەبدولقـادر ئاغـا لەگـەڵ نیشـتەجێی هۆبـەی ئەملاکـی هومایۆنـی سـەڵاحیە فەرحـان بـەگ سـەرۆکی عەشـیرەتی بەیـات، تایبـەت بـە ئەملاکـی هومایـۆن خزمەتـی باشـیان ئەنجام داوە، بـە ڕەزامەنـدی جەنابـی پاشـا هـەر یەکـە لـە پلـەی پێنجـەم مەجیـدی نیشـانیان پـێ بدرێـت، بـە قۆمیسـیۆنی ئەملاکـی هومایۆنـی موسـڵ ڕاگەیەنـدراوە، بـە وێنـەی ئاماژەکـە جەنابـی پاشـا فەرموویەتـی، لـەم بابەتـەدا بڕیـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە.
نازری خەزینەی تایبەتی



DH.MKT 00123.00011.002

| DH.MKT | 00123.00011 | 28 ڕەبیعی کۆتایی 1311 (8 تشرینی دووەم 1893) |
| --- | --- | --- |
| جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت<br>لە ویلایەتی بەغداد عەبدولعەزیز ئەفەندی قائیمقامی پێشووی قەزای سەڵاحیە لە قائیمقامیەتی قەزای عەنە دادەمەزرێت، لەم بارەیەوە مەزبەتە لە قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی هەڵبژێردراو دەرچووە و لەگەڵ وەرەقەی وەرگێردراوی کەسێتی پێشکەش کراوە، لەسەر ئاماژەی ویلایەتی ناوهاتوو ئەمجارە لە قۆمیسیۆن نووسراوی ١٦ تشرینی یەکەم ١٣٠٩ ژمارە ٥٥٢ پێشکەش کراوە. | | |





DH.TMIK.M.00155.00046.008

| DH.TMIK.M | 00155.00046 | 5 ڕەبیعی کۆتایی 1311 (16 تشرینی یەکەم 1893) |
| --- | --- | --- |


بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی مەکتوب
شیفرەی تەلەگرافنامەی ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە

لە ٩ تشرینی یەکەم ١٣١٩، شێخ تەیب تاوانی زۆرە، بۆ نموونە بەهۆی هێرشی ناوبراو بۆ سەر قەزای خانەقینی بەغداد، دەستگیرکردنی و تەمبێ کردنی لە ویلایەتی بەغداد ئاماژەی پێکراوە، لە ناو سانجەقی کەرکوکیش بە پێویست زانراوە هێزی سەربازی بۆ دەستگیر کردنی ناوبراو ڕەوان بکرێت، بۆ ئەمەش نووسراو بۆ ویلایەتی ناوهاتوو و موشیرەتی شکۆدار کراوە، وەلی ئاغا لەگەڵ نەیارانی لە ناحیەی یەنگدەر بە هاوبەشی سەرپەرشتی داهاتی گوندی خوری دەکەن، بەڵام داهاتی زیاتر وەردەگرن و ڕێگریان لە گواستنەوەی داری تەکیە کردووە، لەبەر هەڵسوکەوتی وەلی ئاغا دوژمنایەتیان لە کۆنەوە بەردەوامە، بۆ ئاشتکردنەوەی نێوانی ئەمانە و سوڵح کردن دەستەکانی خانەقین و سەلاحیە کۆبوونەتەوە، لە موتەسەرفی ناوهاتوو ڕاگەیەندراوە میری ئالای عیززەت بەگ لەگەڵ نەزارەت کارەکە ئەنجام بدات و هەنگاوێکی کاتی بنرێت، چونکە ناکۆکی نێوان عەشیرەتەکان دەبێتە لاواز بوونی حکومەت و بۆ حکومەت هیچ حیکمەتێکی تێدا نابێت، لە وەڵامدا بۆ موشیرەتی نووسیوە، بە چ جۆرێك فەرمان دەربکات، بە گوێرەی ئەمە کارەکە جێبەجێ دەکرێت، ڕاگەیەندراوە فەرمان.
نوری والی موسل





DH.ŞFR.00166.00123.001

<table>
<tr><td>DH.ŞFR</td><td>00166.00123</td><td>8 زیلحیجە 1311 (12 حوزەیران 1894)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>شـەو ئاغـای بلۆکـی زەبتیـەی قـەزای سـەڵاحیە رەشـید ئاغـا بـە پێنـج فیشـەك کـوژراوە، لەسـەر ئـەم ئامـاژەی کـە لـە شـوێن خۆیـدا هاتـووە، ئـەوەی ئـەم کارەی کـردووە نـاسراون، بۆیـە سـەرپێچی کـەران دەسـتگیر بکرێـن، بـۆ موتەسـەرفی کەرکـووك نـووسراو کـراوە، زانیاریـەکان تۆمـار بکرێـن.<br>عەزیز والی موسڵ</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 00192.00029 | 26 جەمادی کۆتایی 1311 (5 کانوونی یەکەم 1893) |
|---|---|---|
| نەزارەتی دادی شکۆدار<br>لەلایـەن چەتەکانـەوە کەلوپەلـی عەبدولرەحـمان ئێرانـی تـاڵان کـراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە چەتـە کەریـم بەهلـول لەگـەڵ کەمسـەلی هاوەڵـی دەسـتگیر کـراون، بەهلـول لـە کەرکـووك و کەمسـەل لـە سـەڵاحیە دەسـت بەسـەر کراون و لە شـوێنی دەسـت بەسـەر کردنیشـیان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ بکرێت و وتەکانیان وەربگیرێت، لە مێژووی ٢٠ کانوونـی یەکـەم ١٣٠٩ تەلەگرافنامـە لـە موتەسـەرفی کەرکـووك وەرگیـراوە، هیممـەت بکرێــت لە جێبەجـێ کردنی. | | |



DH.MKT 00202.00003.001


<table dir="rtl">
<tr><td>DH.MKT</td><td>00202.00003</td><td>24 رەجەب 1311 (31 کانوونی دووەم 1894)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵی شکۆدار<br>لەبەر ئەوەی وەلی ئەفەندی قائیمقامی سەڵاحیە و ساقی ئەفەندی بەرێوەبەری ئەوراقی سانجەقی کەرکووك و خضر فەهمی ئەفەندی کاتیبی تەحریراتی قەزای ناوهاتوو کارەکانی خۆیان بە رێکوپێکی ئەنجام داوە، بە پێویست زانراوە رێزیان لێ بگیرێت، هەر چەندە لەم بارەیەوە نووسراوی ١٦ کانوونی یەکەم ١٣٠٩ ژمارە ١٥٥ کۆتایی پێ هاتووە، بەڵام لە ناوبراوان ساقی ئەفەندی و فەهمی ئەفەندی ئەوراقی وەرگێراویان تا ئێستا نەنێردراوە.</td></tr>
</table>




DH.MKT.00213.00027.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 00213.00027 | 28 شەعبان 1311 (6 مارت 1894) |
| --- | --- | --- |
| ویلایەتی موسڵی شکۆدار<br>لـە نـاو ویلایەتـی شـکۆدار سـاڵح بەگ فەرمانبەری پێشـووی هۆبـەی ئەملاکی هومایـۆن ٢٥ لیرە بەرتیلی بۆ بینباشـی ڕەفعـەت بـەگ فەرمانبـەری لێکۆڵینـەوە ناردووە، لەسـەر ئـەم پروپاگەندەیـە داوا بـەرز کراوەتـەوە، لـە فەرمانگـەی ئەنجوومەنـی سـانجەقی کەرکـووك دادگایـی کـراوە، بـەڵام بریـار لەسـەر بـێ تاوانـی دراوە، لـە لایـەن فەرمانگـەی ئەنجوومەنـی لیـوای ناوهاتـوو بەدواداچـوون بـۆ بڕیارەکـە پەسـەند کـراوە، لـە مێـژووی ١٤ شـوبات ١٣٠٩ ژمـارە ٣٣٠٠ نـووسراوی فەرمانگـەی دادگاکانـی شـورای دەوڵـەت و بڕیـاری سـەدری ئەعـزەم نێـردراوە، بـۆ جێبەجێ کردنی کارەکـەش ئـاگاداری دراوەتـە نەزارەتـی خەزینـەی تایبەتـی شـکۆدار و سـەرۆکایەتی قۆمیسـیۆنی تۆمـاری کەسـێتی. | | |



| DH.MKT | 00238.00060 | 15 زیلقەعدە 1311 (20 مایس 1894) |
|---|---|---|
| ویلایەتی موسڵی شکۆدار<br>لــە نــاو ویلایەتــی شــکۆدار وەلیەددیــن ئەفەنــدی قائیمقامــی قــەزای ســەڵاحیە بــە ســەنەد ۲۰ ئاڵتونــی عوســمانی قــەرزاری حوســێن ئەفەنــدی خزمەتــکاری فەرمانگــەی تەنزیماتــە، کاتــی دانــەوەی قەرزەکــەش بەســەرچووە، بــۆ ئــەوەی بــرە پارەکــە بدرێتــەوە داوا کــراوە قائیمقامــی ناوبــراو ئــاگادار بکرێتــەوە، وێنــەی ســەنەدی ناوهاتــوو پێشــکەش کــراوە، کارەکــە جێبەجــێ بکرێــت. | | |




DH.MKT.00253.00024.002


هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT | 00253.00024 | 26 زیلحیجە 1311 (30 حوزەیران 1894) |

نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار
ئاغای بلۆکی زەبتیە حاجی رەشید ئاغا لە سەڵاحیە ئەرکی هەبووە، بەڵام کوژراوە، ئەوانەی لە کوشتنی دەستیان هەبووە، چوونەتە ئێران و لەلای عەبدولرەحمان ئاغا سەرۆکی عەشیرەتی پالانی خۆیان حەشار داوە، بۆ دەستگیر کردنیان و هێنانەوەیان لە ویلایەتی بەغداد ئاماژەی پێکراوە، تەلەگراف بۆ باڵیۆزخانەی تەهران و والی کرمانشا نێردراوە، لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە لە مێژووی ١٤ حوزەیران ١٣١٠ ئاماژەی پێکردووە، بە تێروانین لە وێنەی ئاماژەکە پەلە بکرێت لە جێبەجێ کردنی و راگەیاندنی.




<table dir="rtl">
<tr><th>BEO</th><th>000266.019910</th><th>12 سەفەر 1311 (25 ئۆغستۆس 1893)</th></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی خەزینەی تایبەتی شاهانەی پایەبەرز<br>بەهۆی هێرشی سەر ئەملاکی همایۆنی سەڵاحیە دەرکەوتووە زیانی هەبووە، بۆیە لە عەشیرەتی داودە محەمەد خورشید دەستگیر کراوە و بردراوەتە سەڵاحیە، لەم بارەیەوە ئەوراقی لێکۆڵینەوە لەگەڵ دەستگیر کراو بۆ دادگای نێوەخۆ رەوان کراوە، لە مێژووی ١١ ئۆغستۆس ١٣٠٩ تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ رەوان کراوە.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب


| BEO | 000271.020322 | 24 سەفەر 1311 (6 ئەیلوول 1893) |
|---|---|---|

نەزارەتی خەزینەی تایبەتی شاهانەی پایەبەرز
عەبدولعەزیـز ئەفەنـدی قائیمقامـی پێشـووی سـەڵاحیە لـە قائیمقامیەتـی قـەزای عەنـە دامـەزراوە، بـۆ ئەمـەش لـە نەزارەتـی ناوەخـۆی شـکۆدار بـە نـووسراو مامەڵەکـە کۆتایـی پـێ هاتـووە، بـەڵام دەرکەوتـووە لـە کارێکـی پەیوەسـت بـە ئەملاکـی هومایـۆن ١٣٠٠ لیـرە لەسـەر ناویەتـی، پێشـەکی لـە ویلایەتـی موسـڵ راگەیەنـدراوە، لـە قائیمقامیەتـی سـەڵاحییەش دوور خراوەتـەوە، بـەڵام لـە کۆتاییـدا لـە سـانجەقی کەرکـووک لێکۆڵینـەوەی لەگـەڵ کـراوە و پاکانـەی بـۆ دەرچـووە، لـە نووسراوەکانـی سـەبارەت بـەم بابەتـە ئامـاژەی پێکـراوە، لـە نـەزارەت هیممـەت بکرێـت لـە راگەیاندنـی زانیاریـەکان.




BEO.000366.027407.001

| BEO | 000366.027407 | 18 شەعبان 1311 (24 شوبات 1894) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار و خەزینەی تایبەتی شاهانە و قۆمیسیۆنی تۆماری کەسێتی<br>بۆ سەرۆکایەتی پایەدار<br>لە ناو ویلایەتی موسڵ ساڵح بەگ فەرمانبەری هۆبەی ئەملاکی همایۆنی پێشووی قەزای سەڵاحیە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە، دەرکەوتووە ٢٥ لیرە بەرتیلی بۆ فەرمانبەری لێکۆڵینەوە بینباشی رەفعەت بەگ ناردووە، بۆیە لە دژی داواکاری بەرز کراوەتەوە، لە ئەنجوومەنی کارگێری سانجەقی شارەزوور دادگایی کردنی ناوبراو ئەنجام دراوە، دواتریش بێتاوانی ساڵح بەگ راگەیەندراوە، لەلایەن ئەنجوومەنی کارگێری داواکاری گشتی لیوای ناوبراو بەدواداچوونەوەی بۆ کراوە و پەسەند کردنی رێکخراوە، لە مێژووی ٩ شەعبان ١٣١١ نووسراوی ژمارە ١٩٠ ی سەرۆکایەتی شورای دەوڵەت نێردراوە و زانیاری دراوەتە سەرۆکایەتی قۆمیسیۆن و خەزینەی تایبەتی شاهانە و تۆماری کەسێتی، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی. | | |




BEO.000379.028408.001

<table>
<tr><td>BEO</td><td>000379.028408</td><td>21 رەمەزان 1311 (28 مارت 1894)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>لە ویلایەتی بەغداد عەبدولعەزیز ئەفەندی قائیمقامی پێشووی قەزای سەڵاحیە لە قائیمقامیەتی قەزای عەنە دامەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە بە فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت ڕەزامەندی نیشان دراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.</td></tr>
</table>





BEO 000421.031529.002

<table>
<tr><th>BEO</th><th>000421.031529</th><th>14 زیلحیجە 1311 (18 حوزەیران 1894)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەتی پایەبەرز<br>قەڵەمی مەکتوب<br>تەلەگرافنامەی بە شیفرەی نێردراوی ویلایەتی بەغداد<br>لـە ٢ حوزەیـران ١٣١٠ لـە نـاو ویلایـەت کـەس بـۆ ئێـران گەشـتی نەکـردووە، بـەڵام بـە گوێـرەی لێکۆڵینـەوە لـە قـەزای سـەڵاحیە سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ، پێـش ٦ مانـگ سـەرۆکی عەشـیرەتی پلانـی کـەم ئەلماس ئاغـازادە عەبدولرەحـمان ئاغـا و نزیکـەی ٣٠ تـا ٤٠ خانـەی عەشـیرەتەکەی چوونەتـە ئێـران، هەروەهـا عەبدولرەحـمان ئاغـا پێشـووتریش بـۆ چاوپێکەوتـن لەسـەر سـنوور چۆتـە سـەردانی سـەرتیپ عەزیـز خـان فەرمانبـەری ئێـران و گەراوەتـەوە، بـەم هۆیەشـەوە لەلایـەن حکوومەتـی خۆچێـی زیندانـی کـراوە و بـەم دواییـە ئـازاد کـراوە، لەبـەر ئـەوەی زیانـی پێگەیشـتووە، بـە هـەر شـێوەیەك بێـت لێـرە ناوەسـتێت.<br>حەسەن والی بەغداد</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><th>BEO</th><th>000423.031688</th><th>19 زیلقەعدە 1311 (24 مایس 1894)</th></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار<br>عەبدولرەحمان ئاغا کوڕی پالانی کەم ئەملازن نیشتەجێی قەزای سەڵاحیە لەلایەن حکومەتی ئێران وەکو هاوکاری زەوی و پلەی پێ دراوە، ئەویش رووی کردۆتە ئێران و خانەکەی گواستۆتەوە ئێران، بەڵام لە هۆبەی ئەملاکی هومایۆنی سەڵاحیە رسومی ئیلتیزام و باغی لەسەرە و بە پێویست زانراوە بگەڕێندرێتەوە، تەلەگرافنامەی ٧ زیلقەعدە ١٣١١ ی ویلایەتی موسڵ رەوان کراوە، بە گوێرەی پەیماننامە دەبێ ناوبراو رسوماتەکە بگەڕێنێتەوە، دووبارە بە نووسراو دووپاتکراوەتەوە و ئاگاداری دراوەتە حکومەتی ئێران کە دەبێ ناوبراو بگەڕێندرێتەوە، هیممەت بکرێت لە کارەکە و ئەنجامەکەی رابگەیەندرێت.</td></tr>
</table>





DH.MKT.02066.00032.001

| DH.MKT | 02066.00032 | 29 ڕەمەزان 1311 (5 نیسان 1894) |
|---|---|---|
| ویلایەتی بەغداد<br>لە مێژووی ١٣ ڕەمەزان ١٣١١ عەبدولعەزیز ئەفەندی قائیمقامی پێشووی سەلاحیە لە قائیمقامیەتی قەزای عەنە دامەزراوە. | | |


هەواڵنامەی کتێب

ŞD.02163.00024.113

| ŞD | 02163.00024 | 14 سەفەر 1311 (27 ئۆگستۆس 1893) |
| --- | --- | --- |
| ویلایەتی موسڵ<br>قەڵەمی تۆمار<br>١٦٢<br>سەرۆکایەتی شورای دەوڵەتی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>بـە پروپاگەنـدەی ئـەوەی سـاڵح بـەگ فەرمانبـەری هۆبـەی ئەملاکـی هومایۆنـی قـەزای سـەڵاحیە ٢٥ لیـرە بەرتیلـی داوەتـە بینباشـی رەفعـەت بـەگ، بۆیـە لـە ئەنجوومەنـی کارگێـری سـانجەقی کەرکـووك دادگایـی کـراوە، بـەڵام بریـار لەسـەر بێتاوانـی دراوە و لـە لایەنـی یاریـدەدەری گشـتیش پێداچوونـەوە کـراوە، لەسـەر ووتـەی یاریـدەدەری گشـتی ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایـەت لـەم بابەتـەدا ئیعـلام لەگـەڵ هاوپێچـی ئەوراقەکانـی داواکاری پێداچوونـەوە بـۆ پەیوەندیدارانـی سـەرۆکایەتی راگەیەنـدراوە و بـەرز کراوەتـەوە، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بـە دەسـتەوەیە.<br>مۆری والی موسل | | |




<table>
<tr><td>ŞD</td><td>02629.00028</td><td>18 رەبیعی کۆتایی 1311 (29 تشرینی یەکەم 1893)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ<br>قۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی فەرمانبەران<br>ژمارە ٥٥٢<br>هــەر چەنــدە راگەیەنــدراوە کــە لــە قــەزای عەنــە ســەر بــە مەرکــەزی ویلایــەت قائیمقامێکــی لێهاتــوو دابمەزرێــت و رەوان بکرێــت، بــەڵام تــا ئێســتا دانەمــەزراوە، سری ئەفەنــدی کــە بــە وەکالــەت لــە ئەرکەکــەی بــووە، بــەڵام دوای مردنــی ناوبــراو، بــۆ وەکالەتــی قائیمقامیەتــی ناوهاتــوو ســاڵح رەحــمان ئەفەنــدی قائیمقامــی پێشــووی مەندەلــی نێــردراوە، بــۆ پەســەند کردنــی ئەرکــی ناوبــراو یاخــود لەســەر راگەیەنــدراو و ئامــاژەی پێشــوو بــۆ دامەزرانــدن و ناردنــی کەســێکی تــر لــە ٢ تشرینــی یەکــەم ١٣٠٩ تەلەگرافنامــە لــە ویلایەتــی بەغــداد هاتــووە و خوێندنــەوەی بــۆ کــراوە، کــە چــاو بــە تۆمــارەکان خشــێنراوە بــۆ قائیمقامیەتــی قــەزای عەنــە لەســەر ئامــاژەی ویلایەتــی ناوهاتــوو عەبدولعەزیــز ئەفەنــدی لــە چینــی ســێیەم قائیمقامــی پێشــووی ســەڵاحیە هەڵبژێــردراوە، لــە مەزبەتــەی ٧ ئۆغســتۆس ١٣٠٩ راگەیەنــدراوە، بــەڵام دەرکەوتــووە تــا ئێســتا فەرمانــی پاشــای جەنابــی پەیوەندیــداری خەلافــەت دەرنەچــووە، بــۆ جێبەجــێ کردنــی بریــار و فەرمــان بــۆ جەنابــی ئــەم کەســەیە کــە فەرمانــی بەدەســتەوەیە.</td></tr>
</table>



ŞD.02963.00060.001

<table>
<tr><td>ŞD</td><td>02963.00060</td><td>1 رەجەب 1311 (8 کانوونی دووەم 1894)</td></tr>
<tr><td colspan="3">سەرۆکایەتی شورای دەوڵەتی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>لە هۆبەی ئەملاکی هومایۆنی سەڵاحیەی سەر بە ویلایەتی موسڵ فەرمانبەر بووم، بێتاوانیم ساغ بۆتەوە و ئەوراقەکانم لەلایەن یاریدەدەری داواکاری ئەنجوومەنی کارگێری سانجەق پێداچوونەوەی بۆ کراوە، بەم هۆیەوە لە فەرمانگەی پێداچوونەوەی شورای دەوڵەت بریار دراوە، پێویست دەکات وێنەی ئیعلامی بەندەمان ڕەوان بکرێت، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بەدەستەوەیە.<br>فەرمانبەری هۆبەی ئەملاکی هومایۆنی سەڵاحیە</td></tr>
</table>




| MV | 00083.00034 | 12 ڕەجەب 1312 (9 کانوونی دووەم 1895) |
|---|---|---|

پوختەی بابەتەکە


نیشــتەجێی قــەزای ســەڵاحیە لــە هۆبــەی ئەملاکــی ســەڵاحیە پــارەی رســوماتی ئیلتیــزام و باغــی لــە ئەســتۆ دایــە، لــە هەمــان کاتــدا لەلایــەن حکوومەتــی ئێــران دیــاری و پلــەی پێــدراوە، لــە بــارەی گەڕاندنــەوەی عەبدولرەحــمان ئاغــا کــوڕی پلانــی کــەم لەســەر ئامــاژەی پێشــووی ســەدری ئەعــزەم، لــە نەزارەتــی دەرەوە وەڵام هاتــووە، نووسراوەکــەش خوێندنــەوەی بــۆ کــرا.

بڕیار

لــە گەڕاندنــەوە و رادەســت کردنــی ناوبــراو لەســەر ئــەم پەیماننامانــە وەســتاوە کــە لەلایــەن هــەردوولا ئەنجــام دراوە، ئــەم مەرجانــەی کــە دانــراوە حکوومەتــی ئێــران ئامادەیــە جێبەجێــی بــکات، بــەڵام تــا ئێســتا شــکاك محەمــەد ئاغــا نەگەڕێندراوەتــەوە، لەســەر ئــەم دەستپێشــخەریانەی کــراوە لەلایــەن ســەدری ئەعــزەم ڕاگەیەنــدراوە و لەســەر هەندێــك ووتــەش نــووسراو لەلایــەن باڵیۆزخانــەی تەهــران رەوان کــراوە، وێنــەی نێــردراوی ڕاگەیەنــدراوە، هەروەهــا محەمــەد ئاغــا تــا ئێســتا نەگەڕێندراوەتــەوە، هــەر کەســێك لــە هاووڵاتیانــی عوســمانی کــە بــۆ ئێــران ڕادەکــەن، هــەر یەکەیــان بــە بیانویــەك ئێســتا لــە ئێرانــن، لــە ١٢٣٨ پەیماننامــە لــە ئــەرزروم بەســتراوە و بــە پشــت بەســتن بــە مــاددەی چــوارەم حکوومەتــی ئێــران ناچــارە بــۆ گەڕاندنــەوە و ڕەتکردنــەوەی هەڵاتــووان، بــە گوێــرەی ئــەم پەیماننامەیــە بــۆ گەڕاندنــەوەی عەبدولرەحــمان ئاغــا لــە ســەر ئامــاژەی نەزارەتــی دەرەوە بڕیــار بدرێــت.




| HH.İ | 00096.00009 | 9 جەمادی کۆتایی 1312 (8 کانوونی یەکەم 1894) |
|---|---|---|
| خەزینەی تایبەتی شاهانە<br>قەڵەمی تەحریرات<br>ژمارە ٦٣٠<br>جەنابی بەرێزی ئەفەندم<br>لە شارۆچکەی سەڵاحیەی سەر بە ویلایەتی موسڵ خانەقای خالدیە و مەدرەسەکەی دروست کراوە، کەچی دەورووبەری پێویستی بە نۆژەنکردنەوەیە، ئەمانە وەقفیان نییە، لە کاتی دەرخستە دەرکەوتووە نوێ کردنەوەی پێویستی بە ٧٣٤ قوروشە، بە تێروانین لە ئاماژەی قۆمیسیۆنی ئەملاکی هومایۆنی موسڵ، بریار و فەرمان بۆ جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت چی بێت جێبەجێ دەکرێت، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>نازری خەزینەی تایبەتی | | |




DH.MKT 00233.00007.002

| DH.MKT | 00233.00007 | 8 ڕەبیعی کۆتایی 1312 (9 تشرینی یەکەم 1894) |
|---|---|---|
| | | ویلایەتی موسڵی شکۆدار<br>لـە لیـواکان لــە نێـوان فرقەکانــی جـاف و ڕوغـزاوی و میکائیلــی لەگــەڵ داودە و زەنگەنــە ناکۆکــی و ئـاژاوە دروسـت بــووە، بــۆ ئــەم مەبەســتە فەرمانبــەران چوونەتــە ناحیــەی کیــل و قــەزای ســەڵاحیە، بــۆ خەرجــی ڕێــگا و ڕۆژانەیــان نــووسراوی ٢١ ئۆغســتۆس ١٣١٠ ژمــارە ٩٠ هاتــووە، بــری ٢٧٥٠ قــورووش خــەرج کــراوە، بــە گوێــرەی نیزامیــش گونجــاوە، لــە موازەنــەی خۆچێــی ئــەم ســاڵەدا خەرجــی ڕێگاکــە ڕێکخــراوە، بــۆ ئەمــەش بــە ووتــەی لــە نەزارەتــی ژمێریــاری بــۆ ســەروو نێــردراوە، نــووسراو بــۆ ســەروو کــراوە. |




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 00255.00056 | 3 موحەڕڕەم 1312 (7 تەمموز 1894) |
| --- | --- | --- |
| ویلایەتی موسڵی شکۆدار<br>بەهـۆی جولـەی نابەجێـی قائیمقامـی قـەزای سـەڵاحیە و بەڕێوەبـەری دارایـی، لەلایـەن پەیوەندیدارانـەوە داواکـراون، نـووسراوی حیکمـەت ئەفەنـدی نائیبـی قـەزای ناوهاتـوو ڕەوان کـراوە و وێنەیەکـی بـۆ عالـی بـەرز کراوەتـەوە، بـە تێروانیـن لـە بابەتەکـە کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت. | | |




<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>00262.00060</td><td>16 شەعبان 1312 (12 شوبات 1895)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵی شکۆدار<br>هەندێـك شـوێنی قۆناغـی حکوومەتـی قـەزای سـەڵاحیە پێویسـتی بـە نـۆژەن کردنەوەیـە، بـۆ ئەمـەش بـری ١٩,٧٩٩ قـوروش و هەندێکـی پێویسـتە، تـا نـۆژەن بکرێتـەوە، لەسـەر نـووسراو و هاوپێچەکانـی ٧ مایـس ١٣١٠ ژمـارە ١٥ی عالـی، وەڵام لـە ٢١ کانوونـی دووەمـی هەمـان سـاڵ هاتـووە، بـەڵام دەفتـەری دەرخسـتە و نەخشـەکەی لـە کاتـی بەراوردکردنـی جیـاوازی تێـدا بـەدی کـراوە، هەروەهـا مەزبەتـەی هاوپێـچ و دەفتـەری رایـج نەدۆزراوەتـەوە، وێنـەی رێکخـراوی راگەیەنـدراو لـە خانـەی ئەندازیـاری نێـردراوە، ئامـاژە و ئەوراقـی ناوهاتـوو رەوان بکرێتـەوە و بـۆ سـەرووش بـەرز بکرێتـەوە، بـە گوێـرەی ئەمـە کاری پـێ بکرێـت.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب


| DH.MKT | 00271.00087 | 13 سەفەر 1312 (16 ئۆغستۆس 1894) |
| --- | --- | --- |

ویلایەتی موسڵی شکۆدار
حاجـی عەبدوڵـڵا ئەفەنـدی بەڕێوەبـەری ناحیـەی قەرەتەپـە سـەر بـە قـەزای سـەڵاحیە لـە ئیـدارە ئەزمونـی نییـە، بـە دوور خسـتنەوەی ئەحمـەد فەریـد ئەفەنـدی بەڕێوەیـەری پێشـووی ناحیـەی باڵـەك دامەزرێـت، بـە مەزبەتـەی نێـردراوی مێـژووی ٢٥ مایـس ١٣١٠ ژمـارە ٣٩ی ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایـەت و بڕیـاری تایبەتـی قۆمیسـیۆن چەسـپێنراوە، هەروەهـا لـە مێـژووی دەسـت بـە کار بوونـی ناوبـراو بـە گوێـرەی تۆمـار مانگانـە ٤٥٠ قـورووش مووچـەی بـۆ دابیـن دەکرێـت، مێـژووی دەسـت بـە کار بوونـی و دەسـت لـە کار هەڵگرتنـی هاوکارەکـەی رادەگەیەندرێـت، نـووسراو بـە حەواڵـە بـۆ نەزارەتـی ژمێریـاری ڕەوان کـراوە، هیممـەت بکرێـت لە جێبەجـێ کردنی.




DH.MKT 00287.00034.001

<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>00287.00034</td><td>25 رەبیعی یەکەم 1312 (26 ئەیلوول 1894)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵی شکۆدار<br>ئـەم باغانـەی کـە لـە گونـدی قەرەتەپـەی سـەر بـە قـەزای سـەڵاحیە لـە ژێـر دەسـتیانە، تـا ئێسـتا بـە هەژمـاری دە یـەك باجەکـەی وەردەگیرێـت، بـەڵام ئەمجـارە پێنـج یـەك وەردەگیرێـت، بـۆ بـە پەلـە جێبەجـێ کردنـی کارەکـە بـە واژووی موختـاری گونـدی ناوهاتـوو و وەکیلـی ئیسـماعیل تەلەگرافنامـە دەرچـووە، بـە تێروانیـن لـە هاوپێچـی بابەتەکـە دوای لێکۆڵینـەوە، لـە فەرمانگـەی نیزامـی کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 00342.00045 | 11 شەعبان 1312 (7 شوبات 1895) |
|---|---|---|
| ویلایەتی موسڵی شکۆدار<br>وەلیەددین ئەفەندی قائیمقامی قەزای سەڵاحیە بە پلەی سێیەم و ساقی ئەفەندی بەڕێوەبەری ئەوراقی کەرکووك و ڕەفیقی دووەم سەید سەعید ئەفەندی قەڵەمی ئەنجوومەنی کارگێری ویلایەت بە پلەی چوارەم و خضر فەهمی ئەفەندی کاتیبی تەحریراتی قەزای ناوهاتوو بە پلەی پێنجەم پاداشت دەکرێن، جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا ڕەزامەندی نیشان داوە. | | |



<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>00363.00041</td><td>20 شەوال 1312 (16 نیسان 1895)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی خەزینەی تایبەتی شاهانەی شکۆدار<br>لـە قـەزای سـەڵاحیە سـەر بـە کەرکـوك ڕەسـمی مەڕوماڵاتـی عەشـیرەتەکانی داوەدە و بەیـان سـەر بـە خەزینـەی دارایـی دەگەڕێتـەوە بـۆ کارگێـری ئەملاکـی پاشـای بەغـداد، لـە دەرخسـتەی جێبەجـێ کردنـی مامەڵەکـە و مەڕوماڵاتـی عەشـیرەتەکانی ناوهاتـوو ئـەوەی لـە دەرەوەی ئەملاکـی پاشـای ناوهاتـووە، سـاڵی ڕابـردوو لەلایـەن نەزارەتـی شـکۆدار بـە لێکۆڵینـەوە چەسـپێنراوە، بۆیـە دووبـارە ئەنجامدانـی مامەڵـە گونجـاو نییـە، لـەم بابەتـەدا ئـاگاداری پێویسـت دراوەتـە سـەرۆکایەتی قۆمیسـیۆنی ئەملاکـی پاشـای موسـڵ، بـۆ ئەمـەش لـە مێـژووی ٢٨ مـارت ١٣١١ نـووسراوی ویلایەتـی موسـڵ هاتـووە و وێنەیەکـی نێـردراوە، بـە تێڕوانیـن لـە بابەتەکـە بـە پەلـە کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت و ڕابگەیەندرێـت.</td></tr>
</table>





BEO.000449.033623.001


هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| BEO | 000449.033623 | 2 سەفەر 1312 (5 ئۆغستۆس 1894) |

ویلایەتی موسڵ
لەگـەڵ ئـەوەی پەیوەنـدی بـە ئەملاکـی همایـۆن هەبـووە، لەلایـەن حکوومەتـی ئێرانـەوە بەڵێنـی پێـدراوە کـە پلـە و زەوی پـێ بدرێـت، بۆیـە نیشـتەجێی سـەڵاحیە عەبدولرەحـمان ئاغـا کـوڕی پالانـی کـەم ئالـەز خانەکـەی گواسـتۆتەوە ئێـران، بـۆ گەڕانـەوەی ناوبـراو ئـاگاداری دراوەتـە حکوومەتـی ئێـران، بـەڵام بـە چەنـد بیانـو و عـوزرەوە وەڵامـی داوەتـەوە، بـەم تێڕوانینـە مولکـی عەبدولرەحـمان دەسـتی بەسـەر دادەگیرێـت، خوێندنـەوە بـۆ ئـەم بابەتـە کـراوە، ئامـاژەی پـێ بکرێـت کـە ناوبـراو چ جـۆرە مولکێکـی هەیـە.



<table>
<tr><td>ŞD</td><td>00936.00095</td><td>26 زیلقەعدە 1312 (21 مایس 1895)</td></tr>
<tr><td colspan="3">فەرمانگەی خانەنشینی مولکیە<br>ژمارە ٣٣٥٠<br>نـوسراو لـە ویلایەتـی موسـڵ ڕەوان کراوە، کە سـادق بـەگ بریکاری قائیمقامی قەزای سـەڵاحیە داواکاری خانەنشـینی بـەرز کردۆتـەوە، نووسراوەکـە لەگـەڵ داواکاری خشـتەی ماوەی خزمەت و نووسراوی گشـتگیری نەزارەتی پزیشـکی و لەسـەر نـووسراوی تایبـەت بـەم بابەتـە پەراوێز لـە ژمێریـاری ڕێکخراوە و پۆسـتەکەش بە گشـتی ووردبینی بـۆ کراوە. لـە پۆسـتەی ناوهاتـوو مێـژووی ئـەم ئەرکانـەی کـە ناوبـراو تێـدا خزمەتـی کـردووە لەگـەڵ بـڕی مووچەکـەی و مـاوەی خزمەتـی کـە ٢٧ سـاڵ بـووە، لـە نەزارەتـی شـکۆداریش بارودۆخـی بژێـوی خراپـی ناوبـراو پەسـەند کـراوە، بڕیارنامـەی خانەنشـینی فەرمانبەرانـی مولکیـە مـاددەی ٣٠ نیـوەی کۆتـا مووچەکـەی لـە ٤٣٧ قـوروش پێـك دێـت، هـەر بـەم مووچەیـەوە خانەنشـینیەکەی جێبەجـێ دەکرێـت، لـەم بابەتـەدا بڕیـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە.</td></tr>
</table>




ŞD.02166.00025.002


هەواڵنامەی کتێب

| ŞD | 02166.00025 | 7 جەمادی یەکەم 1312 (6 تشرینی دووەم 1894) |
| --- | --- | --- |
| لـە ویلایەتـی موسـڵ لەسـەر گۆڕینـەوەی ئەرکەکانـی قائیمقامـی سـەڵاحیە و قائیمقامـی شـامیە، هەروەهـا مەجیـد ئەفەنـدی قائیمقامـی شـامیەش بـە تەلەگرافنامـە داواکاری بـەرز کردۆتـەوە تـا لەگـەڵ قائیمقامـی سـەڵاحیە گۆڕینـەوەی پـێ بکرێـت، بـە تێڕوانیـن لـە زانیـاری شـورا و تەلەگرافنامەکـە کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت، بڕیـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە. نازری کاروباری ناوەخۆ | | |




| İ.ML | 00015.00033 | 29 سەفەر 1313 (21 ئۆغستۆس 1895) |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
دیوانی همایۆنی ئێستا
٤٥٩
جەنابی بەرێزی ئەفەندم
ئەمجارە لە ئەملاکی همایۆنی ناحیەی قەرەتەپەی قەزای سەڵاحیە سەر بە ویلایەتی موسڵ، بە نووسراو پوختەی باجی تەمەتتوع و شوێنگرەوەی سەربازی لەگەڵ بری شوێنگرەوە رێکخراوە، جگە لەمە بە پێویست زانراوە باجی کۆن هەڵبوەشێتەوە، ئەوەی نیشان دراوە تەمەتتوعاتی پیشەگەر و ژمارەی نێری ناموسڵمانی ناحیەی ناوهاتوو بە کۆکراوەی شوێنگرەوەی سەربازی لە ٤,٩١٥ قوروش و ٢٣ پارە پێك هاتووە، هەروەها باجی کۆن و شوێنگرەوەی رسومات کە بە پێویست زانراوە هەڵبوەشێتەوە لە ٤,٤٩٠ قوروش پێك دێت، لە موازەنە ٤٢٥ قوروش و ٢٣ پارە سودی بۆ خەزینە هەبووە، هەروەها لەگەڵ خەرجی نووسراو بە یەك جار وەربگیرێت، برە پارەی دیاریکراو بۆتە ٤٣٦ قوروش، باجی تەمەتتوعات و شوێنگرەوەی سەربازی باسکراویش لە ساڵی ١٣١١ ەوە دەست بە وەرگرتنی دەکرێت، خەرجی نووسراویش لەگەڵ ئەو وەردەگیرێت، بەڵام هەژمارەکەی بە شێوەیەکی تر بووە و لەگەڵ راست کردنەوەی تۆماری پوختەکە، بابەتە جۆراوجۆرەکان رێکخراوە، بۆ دەرچوونی فەرمانی شەریف نووسراو بۆ نەزارەتی دارایی شکۆدار رەوان کراوە، لەگەڵ پوختەی مەزبەتەی ناوهاتوو کە لە فەرمانگەی ناوەخۆی شورای دەوڵەت رێکخراوە بەیەکەوە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمانی جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت چی بێت جێبەجێ دەکرێت، بە راگەیاندنی نووسراو کراوە ئەفەندم.
سەدری ئەعزەم



HH.İ.00098.00049.001

<table>
<tr><td>HH.İ</td><td>00098.00049</td><td>18 موحەررەم 1313 (11 تەمموز 1895)</td></tr>
<tr><td colspan="3">خەزینەی تایبەتی شاهانە<br>قەڵەمی تەحریرات<br>ژمارە ٢١٣<br>جەنابی بەڕێزی ئەفەندم<br>قاتی خوارەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونی فەرمانبەرانی هۆبەی سەڵاحیە پێویستی بە نۆژەنکردنەوەیە، تا نۆژەن کردنەوەکە تەواو دەبێ، کۆگای ئەنبار بکرێتە خانەی کارگێری، بە گوێرەی دەرخستە دەبێ ١٨,٤٩٩ قوروش و ٢٥ سانتیم خەرج بکرێت، بە مەزبەتەی قۆمیسیۆنی ئەملاکی هومایۆنی موسڵ ئاماژەی پێکراوە، هەروەها دەفتەری دەرخستەی نێردراو لەگەڵ نەخشەکەی راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، بریار و فەرمانی هومایۆنی جەنابی پاشا هەر چییەك بێت جێبەجێ دەکرێت، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بە دەستەوەیە.<br>نازری خەزینەی تایبەتی</td></tr>
</table>





Y.MTV.00132.00123.002

<table>
<tr><td>Y.MTV</td><td>00132.00123</td><td>16 جەمادی كۆتایی 1313 (4 كانوونی یەكەم 1895)</td></tr>
<tr><td colspan="3">دوێنــێ كاتژمێــر هەشــت تێلەكانــی نێــوان ســەڵاحیە و بەغــداد دروســت كــراوە، دیســان دوێنــی كاتژمێــر ٩ تێلەكانــی نێــوان دیاربەكــر و ســیلوان چــاك كراوەتــەوە، ئــەم بەیانیــەش لــە مەركــەزی دەرســەعادەت ژمــارەی تەلەگرافنامــەكان بــۆ بــاڵا هەژمــار كــراوە، راگەیەنــدراوە فەرمــان.</td></tr>
</table>



| 1 سەفەر 1313 (24 تەمموز 1895) | 00362.00008 | ŞD |
|---|---|---|

نەزارەتی کاروباری دارایی
لەگەڵ تەحریری باج
ژمارە ٦١٠
ئەمجـارە بـە نـووسراو باجـی تەمەتتـوع و شـوێنگرەوەی سـەربازی و هەڵوەشـاندنەوەی باجـی کـۆن و بـری شـوێنگرەوەی ناحیـەی قەرەتەپـەی سـەر بـە قـەزای سـەڵاحیەی ویلایەتـی موسـڵ کـە ئەملاکـی هومایۆنـە، دیـاری کـراوە، لـە ئەنجوومەنـی کارگێـری خۆچێیـش پەسـەند کـراوە، لەسـەر ئـەم خشـتەیەی هاتـووە ووردبینـی بـۆ کـراوە و رێکخـراوە، هاوپێـچ بـە پوختەیـەك پێشـکەش کـراوە، تەمەتتوعاتـی پیشـەی ناحیـەی ناوهاتـوو لەگـەڵ باجـی هاووڵاتیانـی نێـری ناموسـڵمان، بـە کۆکراوەیـی ٤،٩١٥ قـوروش و ٢٣ پـارە دانـراوە، ئـەو بـاج و رسـوماتە کۆنـەی بـە پێویسـت زانـراوە هەڵبوەشـێتەوە ٤،٤٩٠ قـوروش دەکات و لـە موازەنـەش ٤٢٥ قـوروش و ٢٣ پـارە دراوەتـە خەزێنـە، ئـەوەی بـە پێویسـت زانـراوە بـە یـەك هەنـگاو پارەکـە ببردرێـت، لـە ٤٣٦ قـوروش پێـك دێـت، باجـی تەمەتتـوع و شـوێنگرەوەی سـەربازی بـە ئامـاژەی خۆچێیـی لـە سـاڵی ١٣١١ وە دابیـن دەکرێـت، لـە بەرامبـەر نرخـی خەرجـی تەحریریـش بەیەکـەوە خـەرج دەکرێـت، بـەڵام هەژمارەکـەی بـە شـێوەیەکی تـر دابیـن دەکرێـت، بـە چاککردنـەوەی تۆمـاری پوختـە بەشـەکانی رێـك بخرێـت، رەزامەنـدی جەنابـی پاشـا بـە فەرمانـی پاشـا دراوەتـە خەزێنـە، بـە پەیوەندیـداری وەکالەتیـش راگەیەنـدراوە و نـووسراوی بـۆ کـراوە، بـە بریـاری ئەنجوومەنـی دارایـی لەگـەڵ نـووسراوی کارگێـری باجـی گشـتی بـاس کـراوە، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە.
نازری دارایی نەزیف ئەحمەد



DH.MKT.00425.00008.001


| DH.MKT | 00425.00008 | 10 ڕەبیعی یەکەم 1313 (31 ئۆغستۆس 1895) |
|---|---|---|
| لایەنی عالی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت<br>بەهۆی ئەم هەواڵەی لە بابەتەکەی وەلیەددین ئەفەندی قائیمقامی قەزای سەڵاحیە هەیە، فەرمانبەر لە موتەسەرفی کەرکووك ڕەوان کراوە، بە ڕەوان کردنی ئەوراقی لێکۆڵینەوەش بە فەرمانی پاشا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە، بەڵام کەموکوری تێدایە، لەسەر نیزامنامەی فەرمانبەران و ڕوونامە، لە پایەی ویلایەتی موسڵ نووسراوی ٢٢ تەمموز ١٣١١ لەگەڵ ئەوراقی ناوهاتوو پێشکەش کراوە، جێبەجێ بکرێت. | | |





هەواڵنامەی کتێب

| ŞD | 00938.00035 | 9 موحەررەم 1313 (2 تەمموز 1895) |
|---|---|---|

فەرمانگەی خانەنشینی مولکیە
ژمارە ٣٤٧١
عەبدوڵڵا بـەگ قائیمقامـی قـەزای سـەڵاحیە مـردووە، داواکاری لەلایـەن خێزانەکـەی فاتیمـە خـان بـەرز کراوەتـەوە، داوای مووچـەی کـردووە، بـە مەزبەتـە لـە ویلایەتـی موسـڵ نێـردراوە، لەگـەڵ ئەمـەش خشـتەی مـاوەی خزمـەت و لەسـەر نـووسراوی تایبـەت بـەم بابەتـە پەراوێـز لـە ژمێریـاری ڕێکخـراوە، لـە دەسـتەی گشـتیش ووردبینی بۆ کـراوە. لـە پۆسـتەی ناوهاتـوو مێـژووی ئەرکەکانـی ناوبـراو و بـری مووچەکانـی و مێـژووی ١٩ مـارت ١٣٠٨ کـە مێـژووی مردنیەتـی پەسـەند کـراوە، هەروەهـا بـە پشـت بەسـتن بـە بڕیارنامـەی فەرمانبەرانـی مولکیـە ماددەکانـی ٣٥ و ٣٦ و ٣٩ مووچەکـەی دەکاتـە ١٥٨ قـوروش، مووچـەی ناوهاتـوو بـە مـاددەی ٣٥ جێبەجـێ دەکرێت، نووسراو بۆ سـندوق کـراوە تـا جێبەجـێ بکرێـت، لـەم بابەتـەدا بڕیـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانی بـە دەسـتەوەیە.


OSMANLI ARŞİVİ
ŞD
2168 | 14 | 2


| ŞD | 02168.00014 | 29 ڕەبیعی کۆتایی 1313 (19 تشرینی یەکەم 1895) |
|---|---|---|
| بابی عالی<br>فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ<br>قەڵەمی مەکتوب<br>٢٥٣٢<br>لایەنی عالی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت<br>ڕاگەیەندراوی بەندەمانە<br>سـەرەتا بەڕێوەبەرەکانی کشـتوکاڵی ناحیـەی هوروڵـڵای قـەزای شـامیەی سـەر بـە سـانجەقی دیوانیـە و ناحیـەی سـەڵاحیە بـەکار هاتـوون، بـەڵام ماوەیەکـە بـێ فەرمانبـەرن، بەهـۆی دووریـان لـە مەرکـەزی قـەزا دووچـاری کێشـە و گرفـت بوونەتـەوە، بـۆ چاودێـری کردنـی بەروبـووم و ڕێگـە گرتـن لە دروسـت بوونی ناکۆکـی نێوان عەشـیرەتەکان، لـە ناحیەکانـی ناوهاتـوو کـە لـە چینـی دووەمـن، بۆ هەر یەکـە بە مووچـەی ٥٠٠ قـوروش بەڕێوەبەرێـك و کاتبێك بە ١٤٠ قـوروش دابمەزرێـت، بـۆ وەرگرتنـی مۆڵـەت لـە ٢ ئەیلـوول ١٣١١ مەزبەتـە لـە ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایەتی بەغـداد پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا بڕیـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە.<br>نازری کاروبارە ناوەخۆ | | |




HH.İ.00099.00075.001

| HH.İ | 00099.00075 | 3 رەبیعی یەکەم 1314 (12 ئۆغستۆس 1896) |
|---|---|---|


خەزینەی تایبەتی شاهانە
قەڵەمی تەحریرات
ژمارە ٢٦٩
جەنابی بەرێزی ئەفەندم
لـە نـاو ویلایەتـی موسـڵ رێـرەوی رووبارەکانـی قەرەتەپـە و زەنگئابـادی پەیوەسـت بـە هۆبـەی ئەملاکـی هومایۆنی سـەڵاحیە لـە دوو لاوە قورولیتـە کۆبۆتـەوە، بوونەتـە رێگـر لـە بـەردەم هەڵکۆڵیـن، بـۆ پاککردنـەوەی قورولیتـەکان، دەرخسـتە کـراوە، بـە گوێـرەی دەرخسـتەکەش بـری ١٤،٥٠٨ قوروشـی پێویسـتە، بـە هەڵگرتـن و لادانـی بەلەمەکانی ناوهاتوو ئاسانکاری دەکات لە زیاد کردنی داهاتی وەرزی زستان و هاوین و کاری پاك کردنەوەی رووبارەکان، ئاماژە و دەفتـەری دەرخسـتە لـە قۆمیسـیۆنی ئەملاکـی هومایۆنـی موسـڵ راگەیەندراوە و پێشـکەش کـراوە، بریـار و فەرمانی هومایـۆن چـۆن بێـت جێبەجـێ دەبێـت، بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بـە دەسـتەوەیە.
نازری خەزینەی تایبەتی




| BEO | 000820.061479 | 21 سەفەر 1314 (1 ئۆغستۆس 1896) |
|---|---|---|
| نەزارەتی ناوەخۆ و دارایی شکۆدار<br>وێنـەی لـە بـاڵا تۆمـار کـراوە و بـە گوێـرەی ئـەم نـووسراوە بـۆ نەزارەتـی دارایـی شـکۆدار نـووسراو کـراوە، تـا جێبەجـێ بکرێـت، لـە نەزارەتـی ناوەخـۆی شـکۆداریش هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.<br>لـە بـارەی بەدەلـی کرێـی قۆناغـی حکوومەتـی سـەڵاحیەی نـاو موسـڵ. | | |



<table>
<tr><td>ŞD</td><td>00948.00057</td><td>14 رەبیعی کۆتایی 1314 (22 ئەیلوول 1896)</td></tr>
<tr><td colspan="3">فەرمانگەی خانەنشینی مولکیە<br>قەڵەمی مەکتوب<br>ژمارە ٤٤٢٢<br>حوسێن ئەفەندی بەڕێوەبەری دارایی قەزای سەڵاحیە مردووە، داواکاری لەلایەن خێزانەکەی حەنیفە خانم و کچەکەی فەتحیە خانم و کوڕەکەی عیززەت ئەفەندی و ڕەفعەت ئەفەندی و جەمیل ئەفەندی بەرز کراوەتەوە تێدا داوای مووچە دەکەن، مەزبەتە لە ویلایەتی موسڵ بەرز کراوەتەوە، لەگەڵ داواکاریەکە خشتەی ماوەی خزمەت و لەسەر نووسراوی تایبەت بە بابەتەکە پەراوێز لە ژمێریاری ڕێکخراوە، لە دەستەی گشتیش ووردبینی بۆ کراوە. لە پۆستەی ناوهاتوو مێژووی ئەم ئەرکانەی ناوبراو تێدا خزمەتی کردووە لەگەڵ بڕی مووچەکەی و مێژووی ٢٦ نیسان ١٣٠٨ کە مردووە ڕێکخراوە، هەروەها بە پشت بەستن بە بڕیارنامەی فەرمانبەرانی مولکیە ماددەی ٣٥ و ٣٦ و ٣٩ دوای زیادکردن و کەمکردنەوە ١٥٠ قوروش مووچەیان بۆ دەبردرێتەوە، ئەم بڕە مووچەیە بە یەکسانی لە نێوانیاندا دابەش دەکرێت، کە هەر یەکە ٣٠ قوروشیان بەردەکەوێت، پشت بەستن بە ماددەی ٣٥ مامەڵەکە جێبەجێ دەکرێت، لە سندوق نووسراو کراوە تا دابین بکرێت، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.</td></tr>
</table>




| BEO | 000955.071583 | 22 سەفەر 1314 (2 ئۆغستۆس 1896) |
|---|---|---|
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>مەعـروف ئەفەنـدی بینباشـی نیزامیـە بـە وەکالـەت لـە قائیمقامـی سـەڵاحیە دامـەزراوە، بـۆ ئەرکەکەشـی چارەگـە مووچەیەکـی پـێ دەدرێـت، لە سـەر نووسراوی ژمـارە ٤٨٤٢ ی ٦ شـەوال ١٣١٤ فەرمانگـەی دارایی ئـاگادار کراوەتەوە. | | |





| İ.DH | 01335.000009 | 1 موحەررەم 1314 (12 حوزەیران 1896) |
| --- | --- | --- |


بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
دیوانی هومایۆنی ئێستا
٤
جەنابی بەرێزی ئەفەندم
دەرکەوتـووە وەلیەددیـن ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای سـەڵاحیەی سـەر بـە سـانجەقی کەرکووکـی ویلایەتـی موسـڵ هـۆکار بـووە و بیانـووی داوەتـە دەسـت تـا ناکۆکـی نێـوان عەشـیرەتەکانی قـەزای ناوهاتوو زیـاد بکات و سـەرپێچی سـەرهەڵبدات، بـە ئاماژەی ویلایـەت دوور بخرێتـەوە و لـە شـوێن ئـەو محەمـەد ئەلئەیسـەری قائیمقامی پێشـووی پازارچـق کـە ئاشـنای خـوی ناوچەکەیـە دادەمەزرێـت و سـوێندی یاسـایی دەخـوات، بـۆ ئـەم مەبەسـتە مەزبەتـە لـە قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی هەڵبژێـردراو دراوە لەگـەڵ وەرگێـردراوی کەسـێتی و وەرەقـەی روون کردنـەوە نێـردراوە، نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی شـکۆدار راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا فەرمانـی پاشـای جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت چ بفەرمووێـت جێبەجـێ بکرێـت، بـە راگەیاندنـی نـووسراو کـراوە ئەفەنـدم.
سەدری ئەعزەم


İ.DH 1335/1314.M/26
25
2
İ.DH.01335


<table>
<tr><th>İ.DH</th><th>01335.000025</th><th>15 موحەررەم 1314 (26 حوزەیران 1896)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>دیوانی هومایۆنی ئێستا<br>٢١١<br>جەنابی بەرێزی ئەفەندم<br>لـە ویلایەتـی موسـڵ قۆناغـی حکوومەتـی سـەڵاحیە وێـران بـووە، تـا نـۆژەن دەکرێتـەوە بـۆ نیشـتەجێ بوونـی دەسـتەی حکوومـەت، ساڵانە بـە بـری ٢٤٠٠ قـوروش خانەیـەك بـە کـرێ گیـراوە، پارەکـەی لـە ١٣١١ تـا کۆتایـی سـاڵ کـە مێـژووی بـە کـرێ گرتنەکەیەتـی، لـە بەدەلـی کرێـی قۆناغەکانـی حکوومەتـی ناوەخـۆ رێـك خـراوە، لـە ١٣١٢ خراوەتـە موازەنـە، نـووسراو بـۆ نەزارەتەکانـی ناوەخـۆ و دارایـی شـکۆدار رەوان کـراوە، مەزبەتـەی فەرمانگـەی ناوەخـۆی شـورای دەوڵـەت راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا چ بفەرمووێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـە راگەیاندنـی نـووسراو کـراوە ئەفەنـدم.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>




<table>
<tr><td>İ.DH</td><td>01340.000002</td><td>22 رەبیعی کۆتایی 1314 (30 ئەیلوول 1896)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>دیوانی هومایۆنی ئێستا<br>١٤١٢<br>جەنابی بەرێزی ئەفەندم<br>لـە ویلایەتـی موسـڵ محەمـەد ئەلئەسـیری ئەفەنـدی داوای بـەرز کردۆتـەوە کـە لـە قائیمقامیەتـی سـەڵاحیە دامەزرێـت، داواکاریەکـەی ناوبـراو وەسـتێنراوە، بـۆ قائیمقامیەتـی ناوهاتـوو قائیمقامـی پێشـووی حـوزە محەمـەد ئەمیـن ئەفەنـدی سـوێندی یاسـایی دەخـوات، سـەبارەت بـە دامەزراندنیشـی مەزبەتـە لـە قۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنـی فەرمانبـەران رێکخـراوە و وەرەقـەی زانیـاری وەرگێـردراوی کەسـێتی رەوان کـراوە، لەگـەڵ نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی شـکۆدار راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشا فەرمانـی چـی بێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـە راگەیاندنـی نـووسراو کـراوە ئەفەنـدم.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>




| DH.MKT | 02082.00035 | 19 زیلقەعدە 1314 (21 نیسان 1897) |
| --- | --- | --- |
| سەرۆکایەتی شورای دەوڵەتی شکۆدار<br>وەڵامـی نـووسراوی ٢٠ مـارت ١٣١٣ ژمـارە ٨، بینباشـی نیزامیـە مەعـروف ئەفەنـدی لـە وەکالەتـی قائیمقامیەتـی سـەڵاحیە دامـەزراوە، بـە گونجـاو زانـراوە نیـوەی مووچـەی بـۆ ببڕێتـەوە، نووسراوەکـەش ڕەوان کراوەتـەوە. | | |



هەواڵنامەی کتێب

Y.PRK.AZJ.00036.00099.001


<table>
<tr><td>29 زيلحيجه 1315 (21 مايس 1898)</td><td>00036.00099</td><td>Y.PRK.AZI</td></tr>
<tr><td colspan="3">لە زەوییەکانی میری قەزای سەڵاحیە سەر بە سانجەقی شارەزوور موقاتەعەی قەرەتەپە لەگەڵ پاشکۆکانی کە لە ژێر دەستی دانیشتوانە، جگە لە بەشێکی بە گشتی دە یەکی شەرعیەکەی دەدرێتە میری، هەروەها دوای وەرگرتنی سەنەدی خاقانی وەکو بەدەڵ، بە سێ بەش دەدرێت، کە دەکاتە ٢٠٠٠ لیرە بەدەڵ.</td></tr>
</table>



HH.İ_00112.00093.001

| HH.İ | 00112.00093 | 15 شەوال 1315 (9 مارت 1898) |
| --- | --- | --- |

خەزینەی تایبەتی شاهانە
قەڵەمی تەحریرات
ژمارە ٦٢٣
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لـە ویلایەتـی موسـڵ هۆبـەی ئەملاکـی هومایۆنـی سـەڵاحیە بـە تاڵـە، بـۆ ئـەوەی کەسـایەتیەکی لێهاتـوو و بـە توانـای میـری سـەربازی و لـە بارودۆخـی خۆچێـی شـارەزا و ئاشـنا دابمەزرێـت، بـۆ کەسـایەتیەکی لـەم شـێوەیەش بـە گفتوگۆکـردن لەگـەڵ موشـیرەتی لەشـکری شەشـەمی هومایۆنـی شـکۆدار بریـار دراوە تۆفیـق بـەگ قائیمقامـی ئـاڵای ٨٤ی نیزامیـە مانگانـە بـە مووچـەی ١٠٠٠ قـوروش لـە ئەرکـی ناوهاتـوو دابمەزرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لەسـەر ئامـاژەی قۆمیسـیۆنی ئەملاکـی هومایۆنـی موسـڵ لـە خەزینـە بـە گونجـاو زانـراوە، بریـار و فەرمانـی جەنابـی پاشـا چ بێـت جێبەجـێ دەکرێـت، لـە سـەدری ئەعـزەم بـە سـەر عەسـکەر راگەیەنـدراوە، بـە راگەیاندنـی بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە.
نازری خەزینەی تایبەتی




هەواڵنامەی کتێب


| | | |
|---|---|---|
| **BEO** | 001003.075208 | **9 ڕەبیعی کۆتایی 1315 (7 ئەیلوول 1897)** |

نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار

لـە ویلایەتـی موسـڵ عەبدولرەحـمان بـەگ قائیمقامـی قـەزای کـۆی سـانجەق دوور خراوەتـەوە، لـە شـوێن ئـەو ئەمیـن ئەفەنـدی قائیمقامـی سـەڵاحیە و لـە شـوێن ئەویـش مەجیـد بـەگ قائیمقامـی پێشـووی شـامیە دامەزرێـن، لـە سـەر نـووسراوی ژمـارە ١٦٨٥ ی ١٨ سـەفەر ١٣١٥ لەگـەڵ بڕیـاری قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە، بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت ڕەزامەنـدی نیشـان دراوە، بـەڵام ناوبـراو لـە قـەزای کـۆی سـانجەق کاری نەشـیاوی هەبـووە، لـە ئەرکەکەیـدا بـە شـێوەیەکی خـراپ کارگێریەکـەی بەڕێـوە بـردووە، هـەر چەنـدە بـەردەوام ئامـۆژگاری کـراوە، بـەڵام گوێرایـەڵ نەبـووە، دووبـارە بەرامبـەر دانیشـتوان سـەرپێچی کـردووە، بـەم تێروانینـە لـە قۆمیسـیۆن خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە، هەرچـی زووە لێکۆڵینـەوەی لەگـەڵ بکرێـت، ویلایەتیـش ئـاگادار بکرێتـەوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.




| BEO | 001050.078693 | 12 رەجەب 1315 (7 کانوونی یەکەم 1897) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>لـە ویلایەتـی موسـڵ وەلیەددیـن ئەفەنـدی لـە قائیمقامبەتـی سـەڵاحیە جیابۆتـەوە و لـە قائیمقامیەتـی قـەزای رانیـە دادەمەزرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لەسـەر نـووسراوی ژمـارە ٢٣١٧ ی ٩ رەبیعـی کۆتایـی ١٣١٥ و بریـاری قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە لـە مێـژووی ٩ رەجـەب ١٣١٥ بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت رەزامەنـدی دراوە، هەروەهـا دوای لێکۆڵینـەوە دەرکەوتـووە ناوبـراو لـە قائیمقامیەتـی قـەزای سـەڵاحیە بەهـۆی هەندێـك سـکاڵاوە لادراوە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی سـکاڵاکانی کەموکـوری تێـدا بـووە، نەدراوەتـە دادگا، ئەگـەر بێتـو لـە ئەرکەکانـی تـری سـکاڵای لەسـەر تۆمـار بکرێـت ئـەوا رێگـە نادرێـت جارێکـی تـر ئـەرك وەربگرێـت، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی. | | |





| İ.DH | 01349.000044 | 17 ڕەبیعی یەکەم 1315 (16 ئۆغستۆس 1897) |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
دیوانی هومایۆنی ئێستا
٧٥٥
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لـە قـەزای کـۆی سـانجەق سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ سـەرپێچی سـەری هەڵـداوە و بـە هـۆی خـراپ بەڕێوەبردنـی قەزاکـە لەلایـەن قائیمقـام عەبدولڕەحـمان بـەگ گونجـاو نییـە لـە ئەرکەکـەی بمێنێتـەوە، بـە دوور خسـتنەوەی لـە شـوێن ئـەو، ئەمیـن ئەفەنـدی قائیمقامـی سـەڵاحیە و لـە شـوێن ئەویـش مەجیـد بـەگ قائیمقامـی پێشـووی شامیە دابمەزرێـن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی شـکۆدار و مەزبەتـەی قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە ڕاگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا بڕیـار و فەرمانـی هومایۆنـی جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت چـی بێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـە ڕاگەیاندنـی نـووسراو نێـردراوە ئەفەنـدم.
سەدری ئەعزەم





<table>
<tr><th>İ.DH</th><th>01351.000054</th><th>20 جەمادی کۆتایی 1315 (16 تشرینی دووەم 1897)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>دیوانی هومایۆنی ئێستا<br>١٧٤٣<br>جەنابی بەرێزی ئەفەندم<br>وەلیەددیـن ئەفەنـدی کـە لـە قائیمقامیەتـی قـەزای سـەڵاحیە جیابۆتـەوە، لـە قائیمقامیەتـی قـەزای رانیـە سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ دامەزرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی شـکۆدار و مەزبەتـەی قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا بریـاری چـی بێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـە راگەیاندنـی نـووسراو کـراوە ئەفەنـدم.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>




| HH.İ | 00119.00035 | 30 جەمادی یەکەم 1316 (16 تشرینی یەکەم 1898) |
|---|---|---|

خەزینەی تایبەتی شاهانە
قەڵەمی تەحریرات
ژمارە ٥٨٣
جەنابی بەرێزی ئەفەندم
ئەحمەد ئاغا لە قۆڵچیەکانی هۆبەی سەڵاحیە بوو، بەڵام لەلایەن چەتەکانەوە کوژراوە، عائیشە خانی دایکی و هەر دوو کچەکەی بە ناوی خەیریە و نوریە بێ کەس ماونەتەوە، بە میهرەبانی پاشا و دڵسۆزی جەنابی پاشا لە سەرۆکایەتی قۆمیسیۆنی ئەملاکی هومایۆنی موسڵ ئاماژەی پێکراوە، بە پشت بەستن بە بنەما و رێساکانەوە وەکو سەدەقەی جەنابی پاشا لە داهاتی ئەملاکی هومایۆنی خۆچێی مانگانە هەر یەکە ٣٠ قوروش مووچەیان بۆ ببڕێتەوە، کە بە کۆکراوەیی دەکاتە ١٢٠ قوروش، لە بارەی دابین کردنی ئەم برە مووچەیە، فەرمان و بڕیاری هومایۆنی جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت چی بێت جێبەجێ دەکرێت، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمانی پاشا چی بێت جێبەجێ دەکرێت.
نازری خەزینەی تایبەت




| BEO | 001175.088091 | 23 ڕەبیعی یەکەم 1316 (11 ئۆغستۆس 1898) |
|---|---|---|
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>محەمـەد ئەلئەسـیری ئەفەنـدی قائیمقامـی پێشـووی قـەزای سـەڵاحیە لـە ویلایەتـی تەرابلوسـی ڕۆژئـاوا دابمەزرێـت، بـە بڕیـاری قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە و فەرمانـی پاشـای جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت ڕەزامەنـدی لـە ٢٠ ڕەبیعـی یەکـەم ١٣١٦ دراوە، جێبەجـێ بکرێـت. | | |



| BEO | 001183.088694 | 9 ڕەبیعی یەکەم 1316 (28 تەمموز 1898) |
|---|---|---|

نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
بـە نەزارەتــی شـکۆدار ڕاگەیەنـدراوە کـە مەجیـد بـەگ قائیمقامــی سـەڵاحیە دە یەکـی هەندێـك گونـدی ئەملاکـی هومایۆنـی دزیـوە و کاری بـەدی تـری ئەنجـام داوە، بۆیـە بـۆ قەزایەکـی دوور وەکـو عەمادیـە دوور بخرێتـەوە، هەروەهـا کۆمەڵـە چەتەیـەك بـە تفەنگـی مارتینـی بـە شـەو خانـەی کارگێـری سـەڵاحیەیان ئابلۆقـە داوە، لـە ئەنجـام ئەحمـەد ئاغـا بریـنـدار کـراوە، هـەر ئێسـتا قائیمقامـی ناوبـراو لـە ناوچەکـە دوور بخرێتـەوە، پێویسـتە قائیمقـام تۆفیـق بـەگ فەرمانبـەری ئەملاکـی هومایـۆن ڕەوانـی ناوچەکـە بکرێـت و پارێـزگاری لـێ بکرێـت، ئەمجـارە لـە قۆمیسـیۆنی ئەملاکـی هومایۆنـی موسـڵ ئاماژەی پێکـردووە، نـووسراو بـۆ نەزارەتـی خەزینـەی تایبەتـی شـاهانەش کـراوە، تەلەگرافنامـە بـۆ ویلایەتـی موسـڵ کـراوە بـۆ پاراسـتنی فەرمانبـەران و کارگێریەکـەی کـە هـەر ئێسـتا قائیمقامـی ناوبـراو بـۆ شـوێنێکی دوور وەکـو قـەزای عەمادیـە دوور بخرێتـەوە، لـە نەزارەتـی ناوبـراو هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.




| BEO | 001184.088739 | 9 ڕەبیعی کۆتایی 1316 (27 ئۆغستۆس 1898) |
|---|---|---|
| ویلایەتی موسڵ<br>مەجیـد بـەگ قائیمقامـی سـەڵاحیە هـەر ئێسـتا بـۆ قەزایەکـی دووری وەکـو عەمادیـە ڕەوان بکرێـت، هەروەهـا پارێـزگاری لـە ئەملاکـی هومایۆنـی سـەڵاحیە و تـەواوی فەرمانبەرانـی بکرێـت، زانیـاری بدرێتـە نەزارەتـی ناوەخـۆ. | | |




هەواڵنامەی کتێب

| BEO | 001257.094259 | 3 رەمەزان 1316 (15 کانوونی دووەم 1899) |
| --- | --- | --- |

لایەنی والآی سەر عەسکەر
لەلایـەن چەتەکانـەوە قۆڵچـی کارگێـری ئەحمـەد ئاغـا فەرمانبـەری ئەملاکـی هومایۆنـی سـەڵاحیەی سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ لـە خانـەی تۆفیـق بـەگ کـوژراوە، دووبـارە ر وودای دووەم سـەریهەڵداوەتەوە فیشـەك لـە خانـەکـەی تەقێـنراوە، ئەگـەر بێتـو بـەردەوام لەلایـەن چەتەکانـەوە خانەکـەی هێرشـی بکرێتـە سـەر ئـەوا گیانـی ناوبـراو لـە مەترسـیدا دەبێـت، بـۆ ئـەوەی خـۆی و خانەکـەی بخرێتـە ژێـر پارێـزگاری سـەربازیەوە، ئـەوا لـە سـەرۆکایەتی قۆمیسـیۆنی ئەملاکـی هومایۆنـی موسـڵ راگەیەنـدراوە کـە موشـیرەتی شـکۆدار ئـاگادار کراوەتـەوە، هەروەهـا چەتـەکان لـە گوندەکانـی میـری دانیشـتوانی دڵسـۆز بـە کوشـتن و تـاڵان کـردن دەترسـێنن، جگـە لەمـە گونـدە ئاوەدانـەکان دەسـوتێنن و وێـران دەکـەن، بەمـەش چوارچێـوەی کاری بـەد و سـەرپێچیەکانیان فـراوان بـووە، بـۆ ئـەوەی گوندەکانـی میـری لـە تـاڵان و وێرانـکاری چەتـەکان رزگار بکرێـت، بـە تێروانیـن لـە نـووسراوی ٢٨ شـەعبان ١٣١٦ ژمـارە ٤٤ی نەزارەتـی خەزینـەی تایبەتـی شـاهانە، بـە پەلـە کارەکـە چارەسـەر بکرێـت و ئەنجامەکـەی رابگەیەندرێـت.




| BEO | 001294.097028 | 30 زیلقەعدە 1316 (11 نیسان 1899) |
|---|---|---|
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>روشدی ئەفەندی قائیمقامی قەزای هەولێر لە قائیمقامیەتی قەزای سەڵاحیە و لە شوێن ئەویش عەبدوڵڵا بەگ قائیمقامی قەزای زێبار دامەزرێن، لە سەر نووسراوی ژمارە ٤٩٣٦ ی ٢٣ شەوال ١٣١٦ لە قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە بڕیاری لەسەر دراوە و لە ٢٨ زیلقەعدە ١٣١٦ بە فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت ڕەزامەندی نیشان دراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی. | | |





| 7 رەبیعی یەکەم 1316 (26 تەمموز 1898) | 01356.000069 | İ.DH |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
دیوانی هومایۆنی ئێستا
ژمارە ٧١٢
جەنابی بەرێزی ئەفەندم

لەبـەر هەڵسـوکەوتی خراپـی بەشـیر بـەگ قائیمقامـی قـەزای ئورفـەی ویلایەتـی تەرابلوسـی رۆژئـاوا دراوەتـە دادگا، کەچـی لـە لایـەن دادوەری لێکۆڵینـەوە دادگاییکردنـی قەدەغـە کـراوە، بـەڵام بـە گوێـرەی شـوێن گەرانـەوەی بـۆ ئەرکەکـەی بـە گونجـاو نەزانـراوە، لـە شـوێن ئـەو محەمـەد ئەلئەسـیری ئەفەنـدی قائیمقامـی پێشـووی قـەزای سـەڵاحیە کـە ئاشـنای زمانـی عەرەبیـە دابمەزرێـت، لـەم بارەیـەوە نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی شـکۆدار لەگـەڵ مەزبەتـەی قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە لـە ٢٧ زیلحیجـە ١٣١٥ راگەیەنـدراوە، بـۆ دووپاتکردنـەوە ئەمجـارە لـە نەزارەتـی ناوهاتـوو نـووسراو راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا پەیوەندیـداری خەلافـەت بریـار و فەرمانـی چـی بێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـە راگەیاندنـی نـووسراو کـراوە ئەفەنـدم.
سەدری ئەعزەم




| 9 زیلقەعدە 1316 (21 مارت 1899) | 01363.000009 | İ.DH |
|---|---|---|
| بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>دیوانی هومایۆنی ئێستا<br>٣٢١٠<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>ئەمجارە روشدی ئەفەندی قائیمقامی قەزای هەولێر لە قائیمقامیەتی قەزای سەڵاحیەی سەر بە ویلایەتی موسڵ و لە شوێن ئەویش عەبدوڵلا بەگ قائیمقامی قەزای زێبار دادەمەزرێن، بۆ ئەم مەبەستەش نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار و مەزبەتەی قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە و وەرەقەکانی وەرگێردراوی کەسێتی بەیەکەوە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت.<br>سەدری ئەعزەم | | |




| İ.DH | 01364.000032 | 28 زیلحیجه 1316 (9 نیسان 1899) |
| --- | --- | --- |

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
دیوانی هومایۆنی ئێستا
٣٧٤٦
جەنابی بەرێزی ئەفەندم
لـە ویلایەتـی موسـڵ قائیمقامیەتـی قـەزای کـۆی سـانجەق بەتاڵـە، لـە هەڵبژێـردراوەکان محەمـەد سـەعید ئەفەنـدی قائیمقامـی پێشـووی قـەزای سـەڵاحیە دابمەزرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی شـکۆدار و مەزبەتـەی قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە و وەرەقـەی وەرگێـردراوی کەسـێتی بەیەکـەوە راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا بریـاری چـی بێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـەم راگەیەنـدراوە نـووسراو کـراوە ئەفەنـدم.
سەدری ئەعزەم



DH.MKT.02157.00013.001

| DH.MKT | 02157.00013 | 24 شەعبان 1316 (7 کانوونی دووەم 1899) |
|---|---|---|
| نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار<br>عەلـی خـان شـاهبەندەری کەرکووك-ئێـران ئەرکەکـەی لـە فەرمانگـەی فەرمانبەرانـی قـەزای سـەڵاحیە دەبێـت، بـۆ چوونـە ئـەوێ داوای هـاوکاری کـردووە، کەچـی بـە فەرمانـی باڵیۆزخانـە بریـاری دامەزراندنـی ئاغـا مەولـود کارپـەروازی سـلێمانی-ئێران لـە وەکالەتـی کارپـەروازی سـەڵاحیە دراوە، تەلەگرافنامـەش لـە ویلایەتـی موسـڵ هاتـووە و لـە مێـژووی ٧ تشرینـی دووەم ١٣١٤ بـۆ سـەروو نێـردراوە، ئەمجـارە لـە ویلایەتـی ناوهاتـوو تەلەگرافنامـە دەرچـووە، دووپاتـی کارەکـەی کردۆتـەوە، بـە پەلـە کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت. | | |




DH.MKT.02172.00099.001

هەواڵنامەی کتێب


| 19 شەوال 1316 (2 مارت 1899) | 02172.00099 | **DH.MKT** |
|---|---|---|

لایەنی عالی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت
راگەیەنـدراوە سـەعید بەگـی رواندزی لـە قائیمقامیەتـی قـەزای کـۆی سـانجەق دادەمەزرێـت، بـەڵام راگەیەنـدراوە کـە لـە هەڵبژێـردراوەکان نییـە، بـۆ دامەزراندنـی کەسـێکی هەڵبژێـردراو لـە قائیمقامیەتـی قـەزای ناوهاتـوو، لـە ٢ کانوونـی دووەم ١٣١٤ ژمـارە ٣٥٧٧ ی نـووسراوی سـەدری ئەعـزەم هاتـووە، بـۆ قائیمقامیەتـی قـەزای ناوهاتـوو لـە چینـی سـێیەم مولازمـی هەڵبژێـردراوی هەمـان چیـن و شـارەزا لـە زمانـی عەرەبـی محەمـەد سـەعید ئەفەنـدی نائیبـی پێشـووی سـەڵاحیە دامەزرێـت، لـە لیسـتی چاکسـازی پشـت بەسـتن بـە مـاددەی ٣ وەرەقـەی وەرگێـردراوی کەسـێتی پێشـکەش کـراوە، بـۆ جێبەجـێ کـردن.



| BEO | 001316.098632 | 17 موحەرڕەم 1317 (28 مایس 1899) |
| --- | --- | --- |

نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
محەمـەد سـەعید ئەفەنـدی نائیبـی پێشـووی قـەزای سـەڵاحیە لـە قائیمقامیەتـی قـەزای کـۆی سـانجەق دامەزرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە سـەر مێـژووی ٢٢ زیلقەعـدە ١٣١٦ نـووسراوی ژمـارە ٢٩٠ و بریـاری قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە لـە ١٤ موحـەررەم ١٣١٦ جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا ڕەزامەنـدی نیشـان داوە، هەروەهـا لـە ڕابـردوو ناوبـراو لـە دادگای سـەرەتایی سـەرۆکایەتی سـزای شـارەزوور لەگـەڵ داواکاری گشـتی دادگای سـەرەتایی نەجـد دراوەتـە دادگا، لـە دەسـتەی تاوانباراکـردن بریـار دراوە دادگایـی کردنەکـەی قەدەغـە بکرێـت، بۆیـە ئەگـەر لـە قائیمقامیەتیـش سـکاڵای لەسـەر هەبێـت ئەرکـی پـێ نادرێـت، ئەمـەش لـە قۆمیسـیۆنی ناوهاتـوو ئامـاژەی پێکـراوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.




DH.MKT.02209.00138.001

هەواڵنامەی کتێب

| BEO | 02209.00138 | 2 سەفەر 1317 (12 حوزەیران 1899) |
| --- | --- | --- |


ویلایەتی موسڵی عالی

بـە تەلەگرافنامـە دامەزراندنـی قائیمقامەکانـی سـەڵاحیە و زێبـار راگەیەنـدراوە، لـە مێـژووی دەسـت بـەکار بوونـی روشـدی بـەگ و عەبدوڵـڵا بـەگ هـەر یەکـە مانگانـە ١٥٧٥ قـوروش مووچەیـان بـۆ دەبردرێتـەوە، هەروەهـا مێـژووی سـوێند خـواردن و دەسـت بـە کار بوونیـان لەگـەڵ دەسـت لـە کارکێشـانەوەی هاوکاریـان رادەگەیەندرێـت، جگـە لەمـە ئەوانـەی لـە نـاو ویلایـەت ئەرکیـان پـێ دەدرێـت پێویسـت نـاکات خەرجـی رێگایـان بـۆ خـەرج بکرێـت، بـە وتـەی ژمێریـاری نـووسراو کـراوە.




İ.HUS.00086.00027.001


<table>
<tr><td>14 رەمەزان 1318 (5 کانوونی دووەم 1901)</td><td>00086.00027</td><td>İ.HUS</td></tr>
<tr><td colspan="3">کۆشکی یڵدزی هومایۆن<br>فەرمانگەی باش کیتابەت<br>٧٠٦١<br>بـۆ جێبەجـێ کردنـی فەریـزەی حـەج روشـدی ئەفەنـدی قائیمقامـی سـەڵاحیە داواکاری بـەرز کردۆتـەوە داوای مۆڵەتـی کـردووە تـا بـەرەو حیجـاز بـەرێ بکەوێـت، لەسـەر نـووسراوی ٣ رەمـەزان ١٣١٨ ی پەیوەندیـداری سـەدارەت فەرمانـی پاشـای جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت دەرچـووە، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بـە دەسـتەوەیە.<br>سورەیا سەرکاتیبی شەهریار</td></tr>
</table>




Y.PRK.ASK.00165.00019.001


| Y.PRK.ASK | 00165.00019 | 11 رەجەب 1318 (4 تشرینی دووەم 1900) |
|---|---|---|

پایەی سەر عەسکەر
قەڵەمی مەکتوب
تایبەتی
کاتێـك لـە بەغـداد بـۆ سـلێمانی دەرۆیشـت، لـەلای ڕۆژئـاوای باشـووری چیـای سـەگرمە لـە نێـوان سـەڵاحیە و سـلێمانی قۆنـاغ هەیـە، لـە نزیـك کاك تەپـە کاروانێـك تووشـی هێرشـی ئـەم چەتانـە بۆتـەوە کـە بـۆ ئێـران هەڵاتـوون، لـە کاتـی شـەر ئـەم سـەربازە شـاهانەیەی کـە بـۆ پاراسـتنی کاروانەکـە ئەرکیـان پـێ سـپێردراوە چاوشـێك و ٤ کـەس شـەهید بوونـە، لـە بـارەی ئـەم ئامادەکاریـەی کـە کـراوە تەلەگرافنامـە لـە موشـیرەتی لەشـکری شەشـەمی هومایۆنـی شـکۆدار هاتـووە، لـە ٢٧ ڕەبیعـی کۆتایـی ١٣١٨ بـە نـووسراوی تایبـەت ڕاگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لەسـەر نـووسراوی لێکۆڵینـەوە لـە ئـاڵای ٤٥ بینباشـی تابـوری چوارەمـی ئێسـتر سـوارە نـووسراو کـراوە، وێنەیەکـی بـۆ موشـیرەتی ناوهاتـوو ڕەوان کـراوە، وێنەیەکـی تریشـی بـۆ بابـی عالـی ڕەوان کـراوە، لـەم بابەتـەدا بڕیـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بـە دەسـتەوەیە.
رزا سەر عەسکەر



Y.A.HUS.00412.00108.002


<table>
<tr><td>Y.A.HUS</td><td>00412.00108</td><td>26 شه‌عبان 1318 (19 كانوونی یه‌كه‌م 1900)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فه‌رمانگه‌ی كاروباری ناوه‌خۆ<br>قه‌ڵه‌می مه‌كتوب<br>ژماره ٤٣٢١<br>جه‌نابی په‌یوه‌ندیداری سه‌داره‌ت<br>راگه‌یه‌ندراوی به‌نده‌مانه<br>بـۆ جێبه‌جـێ كردنـی فه‌ریـزه‌ی حـه‌ج روشـدی ئه‌فه‌نـدی قائیمقامی قـه‌زای سـه‌ڵاحیه داوای مۆڵه‌تـی كـردووه، بۆ ئه‌م مه‌به‌سـته لـه ویلایه‌تـی موسـڵ ته‌له‌گرافنامـه‌ی ١ كانوونـی یه‌كـه‌م ١٣١٦ پێشـكه‌ش كـراوه، بریـار ده‌گه‌رێتـه‌وه بـۆ په‌یوه‌ندیـداری وه‌كالـه‌ت، لـه‌م بابه‌تـه‌دا بریـار و فه‌رمـان بـۆ جه‌نابـی ئـه‌م كه‌سـه‌یه كـه فه‌رمانـی به‌ده‌سـته‌وه‌یه.<br>نازری كاروباری ناوه‌خۆ</td></tr>
</table>



BEO 001605.120373.001


هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>BEO</td><td>001605.120373</td><td>16 رەمەزان 1318 (7 کانوونی دووەم 1901)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>روشدی ئەفەندی قائیمقامی سەڵاحیە بە نیازە فەریزەی حەج جێبەجێ بکات، بۆیە داواکاری بەرز کردۆتەوە، تا مۆڵەتی پێ بدرێت ئەرکەکە جێبەجێ بکات، بۆ ئەم مەبەستەش بە نووسراوی تایبەت ما بەینی هومایۆنی باش کیتابەتی شکۆدار ئاگادار کراوەتەوە، لە وەڵامدا هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.</td></tr>
</table>




DH.MKT.02340.00152.001


| DH.MKT | 02340.00152 | 4 موحەررەم 1318 (4 مایس 1900) |
|---|---|---|
| ویلایەتی بەغدادی شکۆدار<br>لە سەر خراپی، قائیمقامی شامیە دوورخراوەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ناهەقی بەرامبەر کراوە، تەلەگرافنامە لەلایەن محەمەد عەلی ئەفەندی بەڕێوەبەری سەڵاحیە دەرچووە و داوای کردووە بگەڕێندرێتەوە سەر کارەکەی، لە بارەی دوورخستنەوەی ناوبراویش زانیاری نییە، بە تێڕوانین لە لێکۆڵینەوەی بابەتەکە زوڵمی لێ نەکرێت. | | |




DH.MKT.02380.00042.001


هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 02380.00042 | 29 ڕەبیعی یەکەم 1318 (27 تەمموز 1900) |
|---|---|---|
| ویلایەتی بەغدادی شکۆدار<br>داهاتـی سـاڵی ١٣١٥ زیاتر بـووە لـە ١٠٠٠٠ لیـرە، کەچـی لـە سـەر عەشـیرەتەکانی ناوهاتـوو بەجـێ هێڵـدراوە و هـەواڵ هاتـووە لـە نێـوان عەشـیرەتەکان سـەرپێچی ڕوویـداوە، عاکـف ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای شـامیە بەهـۆی لادانــی خــۆی بــە مەغــدور زانیــوە، بــە واژووی محەمــەد عەلــی بەڕێوەبــەری ســەڵاحیە داواکاری نێـردراوە، بـە لێکۆڵینـەوە ڕوون دەبێتـەوە، بـە گوێـرەی ئەمـەش کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت و ڕابگەیەندرێـت. | | |




DH.MKT.02382.00055.001

| DH.MKT | 02382.00055 | 4 رەبیعی کۆتایی 1318 (1 ئۆغستۆس 1900) |
|---|---|---|
| لایەنی عالی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت<br>روشدی بەگ قائیمقامی سەڵاحیە بۆ جێبەجێ کردنی فەریزەی حەج داوای لەلایەنی عالی کردووە مۆڵەتی پێ بدەن، داواکاریەکە بە تەلەگرافنامە بۆ لایەنی عالی پەیوەندیداری سەدارەت بەرز کراوەتەوە، کارەکە جێبەجێ بکرێت. | | |





DH.MKT.02408.00090.001

هەواڵنامەی کتێب


| DH.MKT | 02408.00090 | 4 جەمادی کۆتایی 1318 (29 ئەیلوول 1900) |
|---|---|---|

لایەنی عالی لە پەیوەندیداری سەدارەت
بـۆ جێبەجـێ کردنـی فەریـزەی حـەج لـە مێـژووی بەرێککەوتنـی بـۆ حیجـاز تـا گەرانـەوەی، سـێ یەکـی مووچەکـەی بەجـێ هێشـتووە، لـە ئێسـتاوە داواکاری مۆڵـەت لـە قائیمقامیەتـی سـەڵاحیە بـە تەلەگرافنامـە هاتـووە، پـارەی رێـگای حیجـاز تەیمـور لـە نـووسراوی ٢٩ ئۆغسـتۆس ١٣١٦ ژمـارە ٦٩ ی سـەرۆکایەتی قۆمیسـیۆنی شـکۆدار لەگـەڵ هاوپێـچ پێشـکەش کـراوە، کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت.



DH.MKT.02432.00096.001


| DH.MKT | 02432.00096 | 5 شەعبان 1318 (28 تشرینی دووەم 1900) |
|---|---|---|
| نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>بۆ نۆژەنکردنەوەی قۆناغی حکوومەتی سەڵاحیە، پێش هاتنی وەرزی زستان نووسراوی ٢٠ ئۆغستۆس ١٣١٦ ژمارە ٥٣ ی نەزارەتی شکۆدار لەگەڵ وەرەقەکانی دەرخستە رەوان کراوە، دەرکەوتووە بری ٣٧٠٠ و هەندێك خەرجیەکەیەتی، بۆ رەزامەندی خەرج کردنی لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامەی ٢٣ تشرینی یەکەم ١٣١٦ رەوان کراوە و ئاماژەی پێکراوە، بۆ جێبەجێ کردنی پەلە بکرێت. | | |



هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.02440.00038.001


| DH.MKT | 02440.00038 | 26 شەعبان 1318 (19 کانوونی یەکەم 1900) |
|---|---|---|
| جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت<br>بـۆ جێبەجـێ کردنـی فەریـزەی حـەج روشـدی ئەفەنـدی قائیمقامـی سـەڵاحیە داوای مۆڵەتـی کـردووە، بـەم راگەیەنـدراوە لـە ١ کانوونـی یەکـەم ١٣١٦ تەلەگرافنامـە لـە ویلایەتـی موسـڵ لەگـەڵ نـووسراو پێشـکەش کـراوە، پەیوەندیـداری وەکالـەت کارەکـە جێبەجـێ بـکات. | | |



DH.TMIK.M.00114.00006.005

| DH.TMIK.M | 00114.00006 | 7 شەعبان 1319 (19 تشرینی دووەم 1901) |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵی بەرز
لە ناو ویلایەت عەشیرەتەکانی عەنەزە و شەمەری نیشتەجێ بە بیانووی بازرگانی لە دەورووبەری نەجەف بڵاوبوونەتەوە، تاوانی جۆراوجۆر و سەرپێچی بەرامبەر گەشتیارانی ئێران ئەنجام دەدەن، ماوەیەك پێش ئێستا لە نێوان قزل ربات و خانەقین ٣٠ نەفەر گەشتیاری ئێرانیان تاڵان کردووە و ٢ یان کوشتووە و ٢ شیان بریندار کردووە، ٢٥کەی تریش وون کراون، بەم راگەیەندراوە بۆ وەرگرتنی قەرزی شەرعی کوژراو و برینداربووان و گەراندنەوەی کەلوپەلە تاڵانکراوەکان و تەمبێ کردنی بوێری کەران و دوور خستنەوەیان، هەروەها بۆ پاراستنی ئەمنیەتی گەشتیاران، لەگەڵ باڵیۆزخانەی ئێران قسە کراوە، لە نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار راگەیەندراوە و نووسراو بۆ ویلایەتی بەغداد کراوە، بە لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە و راگەیەندراوە ئەوانەی هێرش دەکەنە سەر گەشتیارانی ئێران لە عەشیرەتەکانی قەزای سەڵاحیەن، بۆ گەرانەوەی کەلوپەلە تاڵانکراوەکان و دەستگیر کردنی بوێری کەرانیش، بە یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و ئەنجامەکەشی رابگەیەندرێت.




| HH.İ | 00133.00092 | 8 موحەررەم 1319 (27 نیسان 1901) |
|---|---|---|

خەزینەی تایبەتی شاهانە
قەڵەمی تەحریرات
ژمارە ١٢٠
جەنابی بەرێزی ئەفەندم
لە شارۆچکەی سەڵاحیەی سەر بە ویلایەتی موسڵ جامیعی گەورە کە میراتی جەنابی پاشایە نۆژەن و زیندوو کراوەتەوە، ئیمام و ووتارخوێنی و خزمەتکارەکانی هەر لە کۆنەوە لە موقاتەعەی پاشای ئەسکی کفری داهاتی ٤ فەدان زەوی کشتوکاڵیان پێدراوە، بەڵام نرخی زەخیرەکان لە ئاستێك نەبووە و گۆڕانی بەسەرداهاتووە و زۆر هاتۆتە خوارەوە، بەم شێوەیە ئەم داهاتە بەشی بەڕێوەبردنی ناوبراوان ناکات، بەمەش دووچاری تەنگانە بوونەتەوە، بۆیە لە بەرامبەر داهاتی نێردراو و تەواوکردنی برەکەی بۆ جامعی ناوهاتوو و ئیمام و ووتارخوێنەکەی مانگانە ١٥٠ قوروش و بانگ خوێن و خزمەتکارەکەی ٦٠ قوروش مووچە و بۆ خەرجی جۆراوجۆریش ٢٥ قوروش دابین بکرێت، لەسەر ئاماژەی قۆمیسیۆنی ئەملاکی هومایۆنی موسڵ لە خەزینە بە گونجاو زانراوە، برە پارەی ناوهاتوو لە داهاتی ئەملاکی هومایۆن دابین بکرێت و بدرێت، بۆ ئەمەش بریار و فەرمانی هومایۆنی جەنابی پاشا چی بێت جێبەجێ دەکرێت، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بە دەستەوەیە.
نازری خەزینەی تایبەتی




| DH.MKT | 00465.00021 | 27 شەوال 1319 (6 شوبات 1902) |
| --- | --- | --- |

ویلایەتی بەغداد
ژمارە ١٣٤
نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لـە قـەزای سـەڵاحیە عەشـیرەتەکانی تاڵەبانـی و زەنگەنـە و داودە بـە پەرشـوبڵاوی لـە لایەنـی خانەقیـن سـنووریان بەزانـدووە، پارەوپولـی عەشـیرەت و گەشـتیارە ئێرانیـەکان تـاڵان کـردووە، تەنانـەت هەندێـك کەسیشـیان کوشـتووە، لەگـەڵ راگەیەنـدراوی باڵیۆزخانـەی ئێـران دەسـت بـە کار کـراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـووسراوی ١٧ کانوونـی یەکـەم ١٣١١ ژمـارە ١٢٤ی پەیوەندیـداری نـەزارەت دوای وردبینـی لـەم بابەتـەدا سـەرەتا بـە ئامـاژەی بـاش شـەهبەندەری ئێـران لـە بەغـداد و وەڵامـی ئـەم ئاگاداریـەی کـە پێشـتر رەوان کرابـوو، لـە قائیمقامیەتـی خانەقیـن نـووسراو وەرگیـراوە، ئـەم خاڵانـەی کـە داودە و زەنگەنـەی لێیـە بـە گوێـرەی ئـەم رووبـەرەی لـە نێـوان سـنووری ئێـران هەیـە، گونجـاو نییـە عەشـیرەتی ناوهاتـوو بـەم شـێوەیە کۆبوونەتـەوە و چوونەتـە ئـەوێ، لـەم بارەیـەوە بـۆ رۆژێکیـش بێـت لەلایـەن ئەفسـەرانی سـنوور زانیـاری نەهاتـووە، ئەگـەر ئـەم رووداوەش روویـدا بێـت ئـەوا لەلایـەن سـەرۆکەکانی تاڵەبانـی ویلایەتـی موسـڵ روویـداوە، کـە هـەواڵ هاتـووە بەهـۆی کوژرانـی شـێخ جـەلال کـە لـە ئێـران نیشـتەجێ بـوو، هاوەڵانـی نیشـتەجێ بـووی ئێران لەسـەر سـنوور سـەرپێچیان کـردووە، بـە تۆماریش پەسـەند کـراوە و وەڵام دراوەتـە بـاش شـەهبەندەر، هەروەهـا هیـچ پەیوەنـدی بـە قـەزای ناوهاتـوو ویلایەتـی موسـڵی عالـی نییـە، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بـە دەسـتەوەیە.
والی بەغداد




<table>
<tr><th>ŞD</th><th>01000.00066</th><th>18 شەوال 1319 (28 کانوونی دووەم 1902)</th></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی سندوقەکانی خانەنشین و دوورخراوانی مولکیە<br>قەڵەمی مەکتوب<br>ژمارە ١٧٠٩<br>جـەواد ئاغا چاوشـی تەلەگرافـی مەرکـەزی سـەڵاحیە مـردووە، داواکاری لەلایـەن خێزانەکـەی یڵدز خانـم و کچەکەی سـلیوە خانـم و کوڕەکانـی عەبـاس ئەفەنـدی و حوسـێن ئەفەنـدی بـەرز کراوەتـەوە و داوای مووچەیـان کـردووە، نەزارەتـی تەلەگـراف و پۆسـتە نـووسراو رەوان کـراوە، لەگـەڵ داواکاریەکـە خشـتەی مـاوەی خزمـەت و لەسـەر نـووسراوی تایبەتـی بـەم بابەتـە پەراوێـزی ژمێریـاری رێکخـراوە، لـە دەسـتەی گشـتیش خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە. لـە پۆسـتەی ناوهاتـوو مێـژووی ئـەم ئەرکانـەی کـە ناوبـراو لێـی بـووە لەگـەڵ بـری مووچـە و مێـژووی ١٠ نیسـان ١٣١٧ کـە مـردووە و پشـت بەسـتن بـە بریانامـەی فەرمانبەرانـی مولکیـە مـاددەی ٣٥ و ٣٦ و ٣٩ دوای زیادکـردن و هێنانـە خـوارەوە، ١٥٠ قـوروش دابیـن کـراوە، لـە نێوانیـان بـە شـێوەیەکی یەکسـان هـەر یەکەیـان ٣٠ قـوروش وەردەگـرن، لـە بـارەی مووچـەی ناوهاتـوو مامەڵەکـە جێبەجـێ دەکرێـت، بـۆ دابیـن کردنیشـی لـە سـندوق نـووسراو کـراوە لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە.</td></tr>
</table>



BEO 001247.093480.001

| BEO | 001247.093480 | 13 شەعبان 1319 (25 تشرینی دووەم 1901) |
| --- | --- | --- |


نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
بەپەلەیە
مەجیـد بـەگ قائیمقامـی سـەڵاحیە لەبـەر هەندێـك کاروکـردەوەی نەگونجـاو لـە کارەکـەی دوور خراوەتـەوە، بـەڵام ئەمجـارە بـۆ لێکۆڵینـەوە لـە هەندێك کاری عەشـیرەتی جافـی ناو قەزاکە لـە ویلایەتی موسـڵ ئەرکی پێـدراوە، ئەگەر دووبـارە ناوبـراو بچێتـەوە ناوچەکـە زۆر لـە زەوی پاشـا وێـران دەکات، تەلەگرافنامـە لـە سـەرۆکایەتی قۆمیسـیۆنی ئەملاکـی هومایۆنـی موسـڵ دەرچـووە و ئامـاژەی پێکـراوە، لـە بنەرەتـدا مانـەوەی لـە سـەڵاحیە گونجـاو نییـە، هـەر خـۆی لـە ناوچەکـە دوور خراوەتـەوە ئێسـتا دووبـارە گەرانـەوەی بـۆ ناوچەکـە و ئەنجـام دانـی لێکۆڵینـەوە لـەم جافانـەی کـە لـە سـەڵاحیەن گونجـاو نییـە، بۆیـە کەسـێکی تر ئـەم ئەرکەی پـێ بدرێت، بـە تێروانیـن لـەم ئاماژەیەی لـە نەزارەتـی خەزینـەی تایبەتـی شـاهانە دەرچـووە، بـە پەلـە هیممـەت بکرێـت لـە چارەسـەرکردنی کارەکـە.



هەواڵنامەی کتێب

| BEO | 001704.127772 | 28 ڕەبیعی کۆتایی 1319 (14 ئۆغستۆس 1901) |
|---|---|---|

نەزارەتــی دارایــی و دەفتەرخاقانــی شــکۆدار و نەزارەتــی خەزینــەی تایبەتــی شــاهانەی عالیــە لـە ویلایەتـی موسـڵ ٥٠٠٠ دۆنـم زەوی لـە قـەزای سـەڵاحیەدا هەیـە، لە کاتـی زیادکردندا بـە ٣٥٠٠ قـوروش داواکاری لەسـەر بـووە، زەوی بـێ خـاوەن بـە نـاوی تەلیـس حەسـەن و موهەننـەد لـە جیاتـی بـەدەل بـە زیـاد کردنـی ١٠٠ قـوروش فـرۆشراوە و بـە ٣٦٠٠ قـوروش مامەڵەکـەی ئەنجـام دەدرێـت، بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت دەخرێتـە سـەر ئەملاکـی هومایـۆن، بـە نـووسراوی تایبەتـی بـاش کیتابەتـی شـکۆدار ڕاگەیەنـدراوە و ئـاگاداری دراوەتـە نەزارەتـی عالـی، بـە بریـار و فەرمانـی جەنابـی پاشـا هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.





DH.MKT.02520.00069.001

| DH.MKT | 02520.00069 | 22 ڕەبیعی کۆتایی 1319 (8 ئۆغستۆس 1901) |
|---|---|---|

ویلایەتی موسڵی عالی

بەهـۆی گواسـتنەوەی عەلـی ئەفەنـدی کاتیبـی ناسـنامەی قـەزای سـەڵاحیە، لـە شـوێن ئـەو عومـەر ئەفەنـدی دامەزرێـت، لەسـەر مەزبەتـەی مێـژووی ١٠ مایـس ١٣١٧ ژمـارە ٢٥ی ئەنجوومەنـی کارگێـڕی ویلایـەت جێگیـر کـراوە، لـە مێـژووی دەسـت بـە کار بوونـی ناوبـراو مانگانـە ١٢٥ قـوروش مووچـەی بـۆ دابیـن دەکرێـت، تـا ئێسـتا سـوێندی یاسـایی نەخـواردووە و پـول بـە تۆمـاری کەسـێتی پەنابـەران نەچەسـپێنراوە، دوای تەواوکردنـی کارەکـە، بـە مەبەسـتی تۆمـار ڕەوان دەکرێـت، بـە ووتـەی ژمێریـاری نـووسراو کـراوە.




DH.MKT.02564.00102.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 02564.00102 | 22 شەعبان 1319 (4 کانوونی یەکەم 1901) |
|---|---|---|

لایەنی عالی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت


لەسـەر پروپاگەنـدە و قسـەی ئـەم لاو ئـەم لا ووتارخوێنـی خورماتـو شـێخ محەمـەد ئەفەنـدی تەلەگرافنامەیەکـی لەسـەر رەفعـەت ئەفەنـدی فەرمانبـەری هۆبـەی سـەڵاحیە بـۆ پەیوەندیدارانـی سـەدارەت بـەرز کردۆتـەوە، لـە ویلایەتـی موسـڵ بریـار دراوە یەکسـەر لێکۆڵینـەوە ئەنجـام بدرێـت و ئەنجامەکـەی رابگەیەندرێـت، ئەمجـارە لـە پایـەی ویلایەتـی ناوهاتـوو وەڵام هاتـووە، لەگـەڵ تەلەگرافنامـەی ناوهاتـوو ڕەوان کراوەتـەوە، رەفعـەت ئەفەنـدی یەکسـەر دەسـت بەسـەر کـراوە و لێکۆڵینـەوەی لەگـەڵ کـراوە، ئەنجامەکەشـی دەدرێتـە پایـەی عالـی، راگەیاندنـی دراوەتـە مابەینـی هومایۆنـی جەنابـی ملوکانـەی بـاش کیتابەتـی شـکۆدار لەگـەڵ هەبوونـی فەرمانـی پاشـای جەنابـی پاشـا ئەوراقـی لێکۆڵینـەوەکان پێشـکەش دەکرێـت.




DH.MKT.02585.00098.001

| DH.MKT | 02585.00098 | 29 شەوال 1319 (8 شوبات 1902) |
|---|---|---|


ویلایەتی موسڵی پایەبەرز
عەشیرەتەکانی تاڵەبانی و داودە لە سەڵاحیە هاتوون، لە لای رووباری سیروان سنووریان بەزاندووە و دەستیان کردووە بە تاڵان کردنی پارەوپولی گەشتیارانی ئێران، هەروەها ٢ کەسیان کوشتووە، ویستویانە هێرش بکەنە سەر عەشیرەتی سنجابی، بۆ ئەوەی کەلوپەلە تاڵانکراوەکان بگەڕێندرینەوە و قەرزی شەرعی کوژراوەکان بدرێت و رێگە لە دووبارە بوونەوەی بگیرێت، لە باڵیۆزخانەی ئێران راپۆرت دراوە، وێنەیەکی هاوپێچ لە نووسراوی ١٧ کانوونی دووەم ١٣١٧ ی نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار ئاماژەی پێکراوە، بە تێروانین لە ئاماژەکە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی کارەکە.





DH.TMIK.S.00043.00039.001

هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.TMIK.S</td><td>00043.00039</td><td>14 رەجەب 1320 (27 تشرینی یەکەم 1901)</td></tr>
<tr><td colspan="3">حاخامخانەی دەرسەعادەت و پاشکۆکانی<br>ژمارە ٩٧<br>لایەنی عالی نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>راگەیەندراوی داعیەکان<br>هـەر لـە کۆنـەوە کۆمەڵـەی موسـەویەکان لـە ناحیـەی توزخورماتـوی سـەر بـە سـانجەقی کەرکووکـی ویلایەتـی موسـڵ لـە سـایەی جەنابـی پاشـا بـە خۆشـی دەژیـن، بـەڵام بـەم دواییـەدا ناحیـەی ناوهاتـوو لـە لیـوای کەرکـووك جیـا کراوەتـەوە و دوای ئـەوەی بەسـتراوەتەوە بـە قـەزای سـەڵاحیە، کۆمەڵـەی موسـەویەکان زوڵمیـان لێکـراوە، بـە مەبەسـتی بـەرز کردنـەوەی داواکاری، لـە بریـکاری سـەرۆکی حاخامـی ناحیـەی ناوهاتـوو تەلەگرافنامـە هاتـووە، بـۆ جەنابـی پەیوەندیـداری نـەزارەت بـەرز کراوەتـەوە، ئەگـەر داواکاری بریـکاری ناوهاتـوو لەسـەر حـەق بێـت، ئـەوا کێشـەکە چارەسـەر بکرێـت، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بە دەسـتەوەیە.<br>مۆری داعی حاخامی موسەوی</td></tr>
</table>



<table dir="rtl">
<tr><td>Y.MTV</td><td>00232.00001</td><td>1 رەبیعی کۆتایی 1320 (8 تەمموز 1902)</td></tr>
<tr><td colspan="3">خەزینەی تایبەتی شاهانە<br>قەڵەمی تەحریرات<br>ژمارە ٣٣٣<br>جەنابی بەرێزی ئەفەندم<br>لە ویلایەتی موسڵ تەلەگرافنامە لەلایەن محەمەد ئەفەندی ئیمام و ووتارخوێنی شارۆچکەی توزخورماتو دەرچووە و بەهۆیەوە رەفعەت ئەفەندی هۆبەی فەرمانبەرانی ئەملاکی هومایۆنی سەڵاحیە دەست بەسەر کراوە، ئەم تەلەگرافنامانەی لەلایەن ناوبراوەوە رەوان کراوە و راگەیەندراوە، داوای میهرەبانی و دادوەری جەنابی پاشای کردووە، هەروەها رایگەیاندووە زوڵمی لێکراوە و بەهۆیەوە پەرێشان بووە، مەزبەتە لە قۆمیسیۆنی ئەملاکی هومایۆنی موسڵ هاتووە کە ناوبراو هێشتا دەست بەسەرە، لە بابەتی پاراستنی دە یەك و بابەتەکانی تردا هەروەها لە بارەی ناوبراو لە ویلایەتی موسڵ لێکۆڵینەوە کراوە، ئەوراقەکانی لە کاتی خۆیدا رەوانی پەیوەندیدارانی کیتابەت کراوە، بە تێروانین لە لێکۆڵینەوەکان لە بارەیەوە بۆ یەك رۆژیش بێت مامەڵەی سزادان جێبەجێ نەکراوە و بە ئەرکەکەیەوە خەریك بووە، ئاگاداری پێویست بدرێتە ویلایەت، بۆ ئەمەش بریار و فەرمانی داد رابگەیەندرێت، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بە دەستەوەیە.<br>نازری خەزینەی تایبەت</td></tr>
</table>




DH.MKT.00527.00042.002

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 00527.00042 | 3 شەعبان 1320 (5 تشرینی دووەم 1902) |
|---|---|---|


ویلایەتی موسڵی پایەبەرز
وەڵامـی نـووسراوی ٢٥ ئۆغسـتۆس ١٣١٨ ژمـارە ٧٩ی عالیـە، موبـارەك ئەفەنـدی لـە قـەزای سـەڵاحیە وەکـو فەرمانبـەرەی ناسـنامەی قـەزای سـەڵاحیە دادەمەزرێـت، لـە مێـژووی ١ کانوونـی دووەم ١٣٠٢ بـە دەسـت بـە کار بوونـی ناوبـراو لـە ئەرکەکـەی مانگانـە ٢٥٠ قـوروش مووچـەی بـۆ دابیـن دەکرێـت، لەگـەڵ چوونـی بـۆ ئەرکەکـەی و خواردنـی سـوێندی یاسـایی دەسـت بـە ئەرکەکـەی دەکات، بـەڵام دەرکەوتـووە عومـەر بـن لـە ئەرکـی ناوهاتـووە و لـە دوای ناوبراویـش دەسـتی بـە ئەرکەکـەی کـردووە، ئەرکەکانـی سـەید ئەحمـەد ئاغـا و سـەید خەلیـل ئاغـا و محەمـەد ئەفەنـدی پەسـەند کـراو نییـە، بـەڵام هەژمـاری بریکارەکانیـان ئاسـایی دەبینرێـت، ئامـاژەی پـێ بکرێـت بـە چ جۆرێـك مووچـەی مـاوەی بەکارهێنانیـان دابیـن کـراوە، بـە ووتـەی ژمێریـاری نـووسراو بـۆ راگەیاندنـی کـراوە.



DH.MKT.00619.00012.001

| DH.MKT | 00619.00012 | 29 شەعبان 1320 (1 کانوونی یەکەم 1902) |
| --- | --- | --- |

ویلایەتی موسڵی پایەبەرز
نـووسراوی وەرگێـردراوی کەسـێتی موبـارەك ئەفەنـدی فەرمانبـەری ناسـنامەی قـەزای سـەڵاحیە ڕەوان کـراوە، ئەگەرچـی داهاتـی پێنـج و داهاتـی تایبەت لە ١ موحـەڕرەم ١٢٩٨ تا ١٤ جەمادی یەکەم ١٣٠١ لـە دادگای دادی قەزای ناوهاتـوو لـە تۆمـاری شـەرعیە بـەکار هاتـووە، بـەڵام لـە نـووسراوی فەرمی پەسـەند نەکـراوە و ئـەوەی پەیوەسـتە بە مامەڵـەی تۆمـاری وەرگێردراوی کەسـێتی لەسـەر تەواو بوونـە، لە نـووسراوی ناوهاتوو ماوەی بەکارهێنانـی و هۆکاری دەسـت لـە کار هەڵگرتنـی ئامـاژەی پـێ بکرێـت، لـەم بارەیـەوە بە ووتـەی هۆبـەی تۆماری کەسـێتی نووسراو کـراوە.




DH.MKT.00672.00034.001

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| DH.MKT | 00672.00034 | 24 زیلحیجه 1320 (24 مارت 1903) |

ویلایەتی موسڵی پایەبەرز
بەهـۆی خزمەتەکانـی عەلـی ئەفەنـدی کاتیبـی ناسـنامەی قـەزای سـەڵاحیە، نـوسراوی زانیـاری لـە مێـژووی ١٠ کانوونـی یەکـەم ١٣١٦ ڕەوان کـراوە، بـەڵام هێشـتا وەڵام وەرنەگیـراوە، لـە کۆتاییـدا ناوبـراو لـە ئەرکـی کاتیبـی جیابۆتـەوە، لـە وەرەقـەی وەرگێراوی کەسـێتی هاتووە و ڕوون بۆتـەوە، لە وەڵامی نووسراوی زانیـاری، مێژوو و هۆکاری جیابوونـەوەی لەگـەڵ چۆنیەتـی پاکانەکـەی و عەلاوەکـەی لـە هۆبـەی تۆمـاری کەسـێتی نـووسراوی بـۆ کـراوە.



<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>00672.00035</td><td>24 زیلحیجە 1320 (24 مارت 1903)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵی پایەبەرز<br>بە مەبەستی تۆمار وەرەقەی وەرگێراوی کەسێتی عومەر فەوزی ئەفەندی کاتیبی ناسنامەی قەزای سەڵاحیە هاتووە، لەگەڵ ئەمەش وێنەی مەزبەتەی پەسەند کراو بەکار هاتووە، لە قەڵەمی ئەوراقی سانجەقی کەرکووك هۆکاری دەست لە کار هەڵگرتنی نەنووسراوەتەوە، بۆ تەواو کردنی مامەڵەی وەرگێردراوی کەسێتی، بە ووتە ژمێریاری زانیاری تۆمار رادەگەیەندرێت.</td></tr>
</table>





ŞD.01015.00016.002


| ŞD | 01015.00016 | 25 زیلحیجە 1320 (25 مارت 1903) |
|---|---|---|

نەزارەتی سندوقەکانی خانەنشین و دوورخراوانی مولکیە
قەڵەمی مەکتوب
ژمارە ۲۸۰۸

خانەنشـینکراو سـادق بـەگ قائیمقامـی قـەزای سـەڵاحیەی پێشـوو مـردووە، داواکاری لەلایـەن کچەکـەی مەلیکـە خانـم بـەرز کراوەتـەوە تـا مووچـەی بـۆ ببڕێتەوە، بـە نـووسراو لە ویلایەتـی موسـڵ ڕەوان کـراوە، لەگـەڵ داواکاریەکە نـووسراوی تایبەتـی بـەم بابەتـە و پەراوێـز لـە ژمێریـاری ڕێکخـراوە، لـە دەسـتەی گشـتیش ووردبینـی بـۆ کـراوە. لـە پۆسـتەی ناوهاتـوو ناوبـراو لـە سـندوق مانگانـە ٤٣٧ قـوروش مووچـەی خانەنشـینی بـۆ براوەتـەوە، لـە مێـژووی ۲۳ نیسـان ۱۳۱۱ خانەنشـین کـراوە، بـە پشـت بەسـتن بـە بڕیارنامـەی مولکیـەی فەرمانبـەران ناوبـراو مانگانـە ۲۱۸ مووچـەی بـۆ دابیـن دەکرێـت، مووچـەی ناوهاتـوو بـە بڕیارنامـە جێبەجـێ دەکرێـت، بـۆ دابیـن کردنیشـی نـووسراو بـۆ سـندوق کـراوە، لـەم بابەتـەدا بڕیـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بـە دەسـتەوەیە.





<table>
<tr><td>İ.DH</td><td>01404.000022</td><td>21 شەعبان 1320 (23 تشرينی دووەم 1902)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>ديوانی هومايۆنی ئێستا<br>١٨٨٣<br>جەنابی پايەبەرزی ئەفەندم<br>لـە ويلايەتـی موسـڵ روشـدی ئەفەنـدی قائيمقامـی قـەزای سـەڵاحيە لـە ئەركەكەيـدا جيابۆتـەوە و بـوردراوە، لـە شـوێن ئـەو فەرمانبـەری ويلايەتـی بەغـداد و دەرچـووی مەكتەبـی مولكيـەی شـاهانە محەمـەد عەلـی بـەگ دامەزرێـت، نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی شـكۆدار و مەزبەتـەی قۆميسـيۆنی فەرمانبەرانـی مولكيـە راگەيەنـدراوە و پێشـكەش كـراوە، لـەم بابەتـەدا جەنابـی پەيوەنديـداری خەلافـەت فەرمـان و بريـاری هومايـۆن چـی بێـت جێبەجـێ دەكرێـت، بـە راگەياندنـی نـووسراو كـراوە ئەفەنـدم.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| BEO | 001831.137316 | 12 موحەررەم 1320 (21 نیسان 1902) |
| --- | --- | --- |

ویلایەتی موسڵ
تەلەگرافنامە
لە مێژووی ٧ نیسان ١٣١٨ رەفعەت ئەفەندی فەرمانبەری هۆبەی سەڵاحیە تەلەگرافنامەیەکی بە واژووی لە سەڵاحیە رەوان کردووە، کۆپیەیەکی هێنراوە، خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی پێویستی بۆ کراوە، بە پەلە رابگەیەندرێت.




<table>
<tr><td>BEO</td><td>001959.146870</td><td>2 رەمەزان 1320 (3 کانوونی یەکەم 1902)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>روشدی ئەفەندی لە ئەرکی قائیمقامیەتی قەزای سەڵاحیە بوردراوە، لە شوێن ئەو محەمەد عەلی بەگ فەرمانبەری ویلایەتی بەغداد و دەرچووی مەکتەبی شاهانەی مولکیە دامەزرێت، لەسەر نووسراوی ژمارە ٤٣٣٢ی ٢٦ رەجەب ١٣٢٠ بریار لە قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە دەرچووە و لە ٢٩ شەعبان ١٣٢٠ بە فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت رەزامەندی نیشان دراوە، لە بارەی ناوبراویش لێکۆڵینەوە ئەنجام دراوە و لە قۆمیسیۆنی ناوهاتوو نووسراوەتەوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی.</td></tr>
</table>



DH.TMIK.M.00150.00011.012


هەواڵنامەی کتێب

| DH.TMIK.M | 00150.00011 | 18 رەجەب 1321 (10 تشرینی یەکەم 1903) |
|---|---|---|
| نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار<br>هاوپێچـی نـووسراوی مێـژووی ١٨ ئۆغسـتۆس ١٣١٩، لە قائیمقامیەتی سـەڵاحیە کەلوپەلە تاڵانکراوەکانی گەشـتیارانی ئێـران بـە تەواوەتـی گەڕێندراوەتـەوە و ڕەوانـی ویلایەتـی بەغـداد کـراوە، بـە ئامـاژەی موتەسـەرفی کەرکـووك بـە تەلەگـراف لـە ویلایەتـی موسـڵ نـووسراو کـراوە، بـە وتـەی قۆمیسـیۆنی بـە خێـرا کردنـی مامەڵەکان نـووسراو کـراوە. | | |




DH.TMIK.M 00158.00001.001

<table>
<tr><td>DH.TMIK.M</td><td>00158.00001</td><td>19 شەعبان 1321 (10 تشرینی دووەم 1903)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەتی پیرۆز<br>قەڵەمی مەکتوب<br>٢٧٩٤<br>نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>ساڵی رابـردوو بـۆ کۆکردنـەوەی داهاتـی فەرمانگـەی ئەملاکـی هومایۆنـی موسـڵ و داهاتـی قـەزای سـەڵاحیە جگـە لەمـە بـۆ گواسـتنەوەی دەیەکـی قـەزای ناوهاتـوو میـری ئـاڵای عیـززەت بـەگ ئەرکـی پێـدراوە، لەبـەر ئـەوەی لـە مامەڵـەکان توندوتیـژی و نەشـیاوی ئەنجـام داوە، بۆیـە تاقمێـك لـە دانیشـتوان خانەیـان گواسـتۆتەوە، لەسـەر ئـەم تەلەگرافنامەیـەی کـە بـە واژووی عەبدولقـادر پاشـازادە مەجیـد لـە مەرکـەزی بەغـداد دەرچـووە، بـە گفتوگـۆ لەگـەڵ موشـیری لەشـکری شەشـەمی هومایۆنـی شـکۆدار، وەڵام هاتـووە کـە لـە بـارەی ناوبـراو لێکۆڵینـەوە ئەنجـام بدرێـت، بـە هاوبەشـی زانیـاری نەزارەتـی خەزینـەی تایبەتـی شـاهانەی ویلایەتـی موسـڵ و کارگێـری ئەملاکـی پاشـای موسـڵ و لایەنـی مولکیـە بـە پێویسـت زانـراوە جێبەجـێ بکرێـت، چۆنیەتـی کارەکـەش بـە نەزارەتـی ناوهاتـوو ووتـراوە، بـۆ جێبەجـێ کـردن و راگەیاندنـی نـوسراوی سـەر عەسـکەر لـە ١٣ شـەعبان ١٣٢١ ژمـارە ٢٨٣٧ بـۆ سـەروو رەوان کـراوە، دوای تەواوبوونـی کارەکـەش هاوپێچـەکان رەوان بکرێتـەوە، نـووسراو کـراوە ئەفەنـدم.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>



HH.I.00160.00039.001


| HH.İ | 00160.00039 | 11 ڕەبیعی یەکەم 1321 (7 حوزەیران 1903) |
| --- | --- | --- |
| خەزینەی تایبەتی شاهانە<br>قەڵەمی تەحریرات<br>ژمارە ٢٦٣<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>داهاتی هۆبەی سەڵاحیەی سەر بە قۆمیسیۆنی ئەملاکی هومایۆنی موسڵ و دانیشتوانی هەندێك گوندی ناو یاریدەدەری قەرەتەپە بەهۆی وشکە ساڵیەوە لەناو چووە، بۆیە پێویستیان بە هاوکاریە، بۆ دابین کردن و ئامادەکاری هاوکاریەکە بڕی ٦١٣٠٠ قوروش بەسەر ئەم کەسانە دابەش بکرێت کە زۆر پێویستییان پێیەتی، لەسەر ئاماژەی قۆمیسیۆنی ناوهاتوو لە خەزینە بە گونجاو زانراوە، بە پەلەش بە تەلەگرافنامە ڕەزامەندی هاتووە، جەنابی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بە دەستەوەیە.<br>نازری تایبەتی خەزینە | | |



DH.TMIK.M.00161.00013.006


| DH.TMIK.M | 00161.00013 | 24 زیلقەعدە 1321 (11 شوبات 1904) |
|---|---|---|

نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار
وەڵامی نووسراوی ٢٧ کانوونی یەکەم ١٣١٩ ژمارە ٧١٩ ی عالیە، ئەسپەکانی جاف پەریونەتەوە بۆ لای ئێران، پروپاگەندەی ئەوە هەیە کە گوایە کەلوپەلیان تاڵان کردووە، بەڵام ئەم پروپاگەندەیە راست نییە، هاوینی رابردوو چەند خانەیەك لە جوتیارە مولکدارەکانی سەڵاحیە رایانکردووە بۆ ئێران، بۆ گەڕاندنەوەی ئەمانە سەرۆکی جاف مەحمود پاشا رۆڵی هەبووە، هەروەها ئەم کەلوپەلە تاڵانکراوانەی کە لەلایەن تائیفەکانە، والی کرمانشا داوای لە .......... کردووە، ئەویش شازادە قایم میرزای دامەزراندووە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، جگە لەمە هیچ رووداوێکی تر رووی نەداوە، بە ئاماژەی موتەسەرفەکانی کەرکووك و سلێمانی بە ویلایەتی موسڵ راگەیەندراوە، بە ئاماژەی عالی لە قۆمیسیۆنی بەخێراکردنی مامەڵە جێبەجێ کراوە.



HH.İ .00164.00061.001


<table>
<tr><th>HH.İ</th><th>00164.00061</th><th>15 جەمادی کۆتایی 1321 (8 ئەیلوول 1903)</th></tr>
<tr><td colspan="3">خەزینەی تایبەتی شاهانە<br>قەڵەمی تەحریرات<br>ژمارە ٥٣٩<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>هۆبەکانی شەمامك و زاب و سەڵاحیە کە سەر بە قۆمیسیۆنی ئەملاکی هومایۆنی موسڵە، بەهۆی زریان و کەشوهەوای ئاسمانیەوە کشتوکاڵەکەی تووشی زیان بووە، زیاد لە خۆی پێویستی بە هاوکاریە، بۆ کشتوکاڵی شەمامك ٣٠٠٠ و بۆ کشتوکاڵی زاب ١٠٠٠ و بۆ کشتوکاڵی سەڵاحیەش ٥٠٠ بە کۆکراوەیی ٤٥٠٠ لیرە دەکات، لە کۆتایی ئۆغستۆس قەرەبوو دەکرێنەوە، لەسەر ئاماژەی قۆمیسیۆنی ناوهاتوو برە پارەی دیاریکراو لە ساڵی داهاتوو لە وەرزی خەرمان دابەش دەکرێت، بۆ دابین کردن و خەرج کردنی لە رێگەی تەلەگراف بە خۆچێی راگەیەندراوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>نازری خەزینەی تایبەتی</td></tr>
</table>



HH.İ.00165.00026.001

| HH.İ | 00165.00026 | 22 جەمادی کۆتایی 1321 (15 ئەیلوول 1903) |
|---|---|---|


خەزینەی تایبەتی شاهانە
قەڵەمی تەحریرات
ژمارە ٥٥٦
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
شـێخ نیزامەددیـن ئەفەنـدی کـوڕی شـێخ عومـەر ئەفەنـدی لـە شـارۆچکەی سـەڵاحیە نزیـك سـنووری ئێـران بـە بڵاوکردنـەوەی راسـتییەکانی شـەریعەتی ئیسـلامی خزمەتـی هەبـووە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە داهاتـی ئەملاکـی هومایـۆن برێکـی گونجـاو مووچـەی بـۆ ببڕێتـەوە، ئەگەرچـی لەسـەر ئامـاژەی قۆمیسـیۆنی ئەملاکـی هومایـۆنی موسـڵ رەزامەنـدی دراوە مانگانـە ٢٥٠ قـوروش مووچـەی بـۆ ببڕێتـەوە، بـەڵام بریـار و فەرمانـی هومایـۆن چـی بێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـۆ ئـەم کارە بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمـان دەردەکات.
خەزینەی تایبەتی نازر



هەواڵنامەی کتێب

| 9 رەبیعی کۆتایی 1321 (5 تەمموز 1903) | 00602.00078 | DH.MKT |
|---|---|---|

سەرۆکایەتی قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیەی شکۆدار
وەڵامـی نـووسراوی ٢٥ نیسـان ١٣٢٢ ژمـارە ٢٢ی عالیـە، محەمـەد روشـدی بـەگ قائیمقامـی قـەزای سـەڵاحیە لـە کارەکـەی جیابۆتـەوە، ئـەم کاتـەی کـە لـە ئەرکەکەیـدا بـووە لێکۆڵینـەوەی لەگـەڵ کـراوە، ئـەم ئەوراقانـەی کـە لـە ویلایەتـی موسـڵ رەوان کـراوە، بـە مەبەسـتی ووردبینـی بـۆ سـەروو بـەرز کراوەتـەوە، بـەڵام تـا ئێسـتا ئەنجامەکـەی ئاماژەی پـێ نەکـراوە، نـووسراو کـراوە.



ML.EEM.00633.00006.001


| ML.EEM | 00633.00006 | 25 جەمادی یەکەم 1321 (19 ئۆغستۆس 1903) |
|---|---|---|

ژمارە ٩٥

خەزینەی تایبەتی شاهانەی نەزارەتی شکۆدار


ئـەم زەخیرانـەی دراوەتـە سـندوقی دارایـی هۆبـەی سـەڵاحیە، برەکـەی دیاریکـراوە و دەفتـەری داواکاریەکـە بـە پۆسـتە پێشـکەش کـراوە، وەڵامەکـەی لـە تەلەگرافنامـەی ٤ ئۆغسـتۆس ١٣١٩ راگەیەنـدراوە، نرخـی راسـتەقینەی زەخیـرەی ناوهاتـوو ١٠٠،٤٢٢ قیـە و ٥١٠ گـرام پێـك دێـت، لـە تەلەگرافنامـەی عالـی پەیوەندیـداری نـەزارەت نیشـان دراوە لـە نێـوان ١٠٠ ملیـۆن و ٤٠٠ هـەزار و هەندێـك قیـە دایـە، بـەڵام لـە ووردبینـی کردنـدا تەنیـا هەندێکـی راسـت نییـە، بـە تێروانیـن لـە نرخـی سـاڵانی تـر بـە کات تێکـەڵ بـووە، نرخەکـەی لـە خشـتەی سـاڵی ١٣١٨ ئۆغسـتۆس تۆمـار کـراوە، لـە هۆبـە رێکخـراوە و لـە ئەنجوومەنـی کارگێـری قـەزا پەسـەند کـراوە، لـە دوو دەفتـەری کۆپیکـراو، کۆپیەیەکـی پێشکەشـی پەیوەندیـداری نـەزارەت کـراوە، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بـە دەسـتەوەیە.

سەر ئەندازیار/ ژمێریاری/ باش کاتیبی تەحریرات/ موفتی دارستان/ سەرۆکی قۆمیسیۆنی موسل



هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 00689.00072 | 23 موحەررەم 1321 (21 نیسان 1903) |
|---|---|---|
| سەرۆکایەتی قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیەی شکۆدار<br>لەلایـەن محەمـەد عەلـی بـەگ قائیمقامـی قـەزای سـەڵاحیە داواکاری بـەرز کردۆتـەوە تێـدا داوای هەڵبژاردنـی کـردووە، دوای ووردبینـی دەرکەوتـووە ناوبـراو لـە دەرچـووی مەکتەبـی مولکیـەی شـاهانەیە، کـە لـە ویلایەتـی بەغـداد ئەرکـی هەبـووە، لـە مێـژووی ٢١ تشرینـی دووەم ١٣١٨ لـە قائیمقامـی قـەزای ناوهاتـوو دامـەزراوە، بـۆ ئـەوەی ناوبـراو لـە قائیمقامـی چینـی سـێیەمی هەڵبژێـردراوەکان بێـت هیممەتـی سـەروو پێویسـتە. | | |




DH.MKT.00806.00028.001

| DH.MKT | 00806.00028 | 9 شەوال 1321 (29 کانوونی یەکەم 1903) |
|---|---|---|


بابی عالی
فەرمانگەی نەزارەتی ناوەخۆ
قەڵەمی فەرمانبەران
ژمارە ٨٢٤

لەبەر ئەوەی محەمەد عەلی بەگ قائیمقامی قەزای سەڵاحیە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە، بەردەوام بوونی لە ئەرکەکەی بە گونجاو نەزانراوە، سەبارەت بە گواستنەوەی بۆ شوێنێکی تر تەلەگرافنامە و نووسراو لە ویلایەتی موسڵ رەوان کراوە و ئاماژەی پێکراوە، خۆشی داواکاری بەرز کردۆتەوە و داوای گواستنەوەی ئەرکەکەی کردووە، هەروەها عەینی ئەفەندی قائیمقامی قەزای شەترەتولعیمارەی سەر بە ویلایەتی بەسرا داوای گواستنەوەی کردووە، لە تۆمارەکان روون بۆتەوە هەردوو قەزا لە رووی مووچە و چینەوە یەکسانن، محەمەد عەلی بەگ دەرچووی مەکتەبی مولکیەی شاهانە و عەینی ئەفەندی بە هەمان شێوەیە، گۆرینەوەیان لەلایەن پەیوەندیدارانی نەزارەت رێگە پێدراوە، پەسەند کردنی نووسراو و تەلەگرافنامە پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 00807.00010 | 17 شەوال 1321 (6 کانوونی دووەم 1904) |
| --- | --- | --- |
| بریکاری ویلایەتی بەغدادی شکۆدار<br>وەڵامـی نـووسراوی ٣ تشرینـی دووەم ١٣١٩ ژمـارە ١٢٩ی عالیـە، بـە گوێـرەی تۆمـارەکان ئەحمـەد ئەفەنـدی لـە بەڕێوەبەرایەتـی ناحیـەی حەدیسـە بوونـی هەیـە، بـەڵام زانیـاری زیاتـر لەسـەر ئـەم نـاوە نـەدراوە، بـۆ ئـەوەی ڕێگە نەدرێـت لێـك چـوون لـە نـاوەکان هەبێت، لـە یەکەم بڕیـاردا ئاماژەی پێ بکرێـت، هەروەهـا بەڕێوەبەری حەدیسـە بگوازرێتـەوە بەڕێوەبەرایەتـی سـەڵاحیە، بـەم ڕاگەیاندنـە نـووسراو بـۆ پەسـەند کردنـی ئەرکەکانیـان کـراوە. | | |





DH.MKT.00820.00075.004

<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>00820.00075</td><td>29 زیلحیجه 1321 (17 مارت 1904)</td></tr>
<tr><td colspan="3">کـە قائیمقامـی شـەترەتولعیمارە بـووە، لـە ویلایەتـی موسـڵ ئەرکەکـەی گوازراوەتـەوە بـۆ قائیمقامیەتـی سـەڵاحیە، بـەڵام تەلەگرافنامـەی ٣ کانوونـی دووەم ١٣١٩ کـە لـە ویلایەتـی بـەسرا نێـردراوە دەرکەوتـووە مەحمـود عەینـی ئەفەنـدی مـردووە، قـەزای سـەڵاحیەش کـە لـە چینـی دووەم و قائیمقامیەتەکـەی بـە کراوەیـی ماوەتـەوە، ئەمیـن بـەگ قائیمقامـی عەزیزیـە، دەرچـووی مەکتەبـی مولکیـەی شـاهانە و لـە هەمـان چیـن هەڵبژێـردراوە، هەروەهـا محەمـەد تۆفیـق بـەگ دەرچـووی مەکتەبـی مولکیـەی شـاهانە بـۆ تەواوکردنـی مـاوەی ئەرکەکـەی لـە ویلایەتـی سـەلانیك بگوازرێنـەوە و دابمەزرێـن، بـە نـووسراوی سـەدری ئەعـزەم وێنـەی وەرگێـردراوی کەسـێتی پەسـەندکراوی محەمـەد تۆفیـق بـەگ پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە.</td></tr>
</table>





| İ.DH | 01418.000030 | 1 زیلقەعدە 1321 (19 كانوونی دووەم 1904) |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
دیوانی هومایۆنی ئێستا
٢٨٥٩
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لـە ویلایەتـی موسـڵ محەمـەد عەلـی بـەگ قائیمقامـی قـەزای سـەڵاحیە داوای كـردووە ئەركەكـەی بگوازرێتـەوە، لـە نـاو ویلایەتـی بـەسراش عەینـی ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای شـەترەتولعیمارە داوای گواسـتنەوەی ئەركەكـەی كـردووە، بۆیـە گۆڕینەوەیـان پـێ بكرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی شـكۆدار و مەزبەتـەی قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولكیـە و وەرەقـەی وەرگێـردراوی كەسـێتی راگەیەنـدراوە و پێشـكەش كـراوە، لـەم بابەتـەدا جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا چ بفەرمووێـت جێبەجـێ دەكرێـت، بـە راگەیاندنـی نـووسراو كـراوە ئەفەنـدم.
سەدری ئەعزەم




<table>
<tr><td>ŞD</td><td>02190.00001</td><td>28 زیلحیجە 1321 (16 مارت 1904)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵ<br>قەڵەمی مەکتوب<br>٣<br>نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>داهاتـی سـاڵی ١٣٢٠ و خەرجـی گـەورەی شـارەوانیەکانی کەرکـووك و هەولێـر و سـەڵاحیە و عەقـرە لـە شـوێن خۆیانـدا رێکخـراوە و لـە ئەنجوومەنـی کارگێـری خۆچێیەکانـی تایبـەت بـە ناوەخـۆ پەسـەند کـراوە، ٤ پارچـە بودجـە لەگـەڵ بودجـەی موسـڵ و بریـاری ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایـەت پێشـکەش کـراوە، ئـەم بودجانـەی کـە پەیوەسـتە بـە شـوێنەکانی تریـش ئاسـایی بینـراوە پێشـکەش بکرێـت، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە.<br>مۆری والی موسڵ نوری</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| BEO | 002216.166151 | 15 شەعبان 1321 (6 تشرینی دووەم 1903) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>ساڵی رابردوو بۆ چاودێری کردنی داهات و وەرگرتنی داهاتی فەرمانگەی ئەملاکی همایۆنی قەزای سەڵاحیە و گواستنەوەی دە یەکی قەزای ناوهاتوو، میری ئاڵای عززەت بەگ ئەرکی پێدراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی مامەڵەی توندوتیژ و نەگونجاوی ئەنجام داوە، بۆتە هۆکاری ئەوەی لە دانیشتوان چەندین کەس خانەکانیان بگوازنەوە، بە واژووی عەبدولقادر پاشازادە محەمەد مەجید تەلەگرافنامە لە مەرکەزی بەغداد دەرچووە، بۆیە لە موشیری لەشکری شەشەمی همایۆنی شکۆدار نووسراوی ژمارە ٢٨٣٧ی ١٣ شەعبان ١٣٢١ لەگەڵ نووسراوی سەر عەسکەر نێردراوە، لەم وەڵامەی کە لە بارەی ناوبراوەوە هاتووە لێکۆڵینەوە کراوە و زانیاری نەزارەتی خەزینەی تایبەتی شاهانە و ویلایەتی موسڵ لەگەڵ هاوبەشی فەرمانگەی ئەملاکی پاشای موسڵ بە پێویست زانراوە کاری پێویست ئەنجام بدرێت، بۆ ئەمەش نەزارەتی ناوهاتوو ئاگادار کراوەتەوە، کاری پێویست ئەنجام بدرێت و رابگەیەندرێت، هاوپێچەکانیش رەوان بکرێتەوە. | | |




<table>
<tr><th>BEO</th><th>002258.169334</th><th>5 زیلقەعدە 1321 (23 کانوونی دووەم 1904)</th></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵ<br>بـە واژووی عوسـمان پاشـازادە مسـتەفا تەلەگرافنامـە لـە مەرکـەزی سـەڵاحیە دەرچـووە، لەبـەر ڕێنمایـی یاسـاییەوە داواکـراوە، لـەم ماوەیـەدا سـکاڵاکە بەدواداچوونـی بـۆ دەکرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش گونجـاو نییـە لـە ئەرکەکـەی بـەردەوام بێـت، بۆیـە سـکاڵاکە کۆتایـی پـێ بهێنرێـت.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| BEO | 002260.169477 | 7 زیلقەعدە 1321 (25 کانوونی دووەم 1904) |

ویلایەتی بەغداد
لـە مەرکـەزی سـەڵاحیە تەلەگرافنامـە رەوان کـراوە، دەرکەوتـووە باجەلانـی مسـتەفا پاشـا لـە بەغـداد دەسـت بەسـەرە، بـە تێروانیـن لـە بابەتەکـە خوێندنـەوە بـۆ زانیاریەکانـی ویلایـەت بکرێـت و دووپـات بکرێتـەوە.




| DH.TMIK.S | 00053.00022 | 25 سەفەر 1322 (11 مایس 1904) |
|---|---|---|
| جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت<br>بودجـەی سـاڵی ١٣٢٠ ی فەرمانگەکانـی شـارەوانی ویلایەتەکانـی ئـەرزروم و موسـڵ لەگـەڵ مەرکەزەکانـی سـانجەقی کەرکـووك و قەزاکانـی هەولێـر، سـەڵاحیە و عەقـرە نێـردراوە، نـووسراوی شـورای دەوڵـەت لـە ناوچەکانیـان وەرگیـراوە، دوای ووردبینـی لەگـەڵ هاوپێچەکانیـان پێشـکەش کـراوە. | | |



| 28 رەبیعی کۆتایی 1322 (12 تەمموز 1904) | 00171.00010 | HH.İ |
|---|---|---|

خەزینەی تایبەتی شاهانە
قەڵەمی تەحریرات
ژمارە ٣٧٦
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لـە گونـدی شـێخ بابا موقاتەعـەی مخـت ئابـادی سـەر بـە هۆبـەی ئەملاکـی هومایۆنـی سـەڵاحیەی ویلایەتـی موسـڵ مزگەوتـی تێـدا نییـە، دانیشـتوانی گوندەکـە نوێـژی جەماعـەت ناکـەن، بـە گوێـرەی دەرخسـتە ١٢٦٠٠ قـوروش و هەندێـك خـەرج كـراوە، تـا لـە گونـدی ناوهاتـوو مزگەوتێکـی یـەك دەرگا دروسـت بکرێـت، لەسـەر ئامـاژەی قۆمیسـیۆنی ئەملاکـی هومایۆنـی موسـڵ لـە خەزینـە بـە گونجـاو زانـراوە، لـە دەفتـەری دەرخسـتەی ئـەم بابەتـەدا لەگـەڵ وێنەکـەی ڕاگەیەنـدراوە و پێشـکەش كـراوە، بریـار و فەرمانـی هومایۆنـی جەنابـی پاشـا چ بێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە كـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە.
نازری حەزینەی تایبەت




| DH.TMIK.M | 00185.00009 | 15 شەعبان 1322 (25 تشرینی یەکەم 1904) |
| --- | --- | --- |

نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار
لە وێران کردنی ئەملاکی هومایۆنی سەڵاحیە و کوشتنی خەڵك و تاڵانکردنی پارەوپول درێغی نەکردووە، هەروەها ساڵانێکی زۆرە چاودێری کراوە، کەچی لەسەر تاوانەکەی دەستگیر نەکراوە، بەڵام ئەمجارە چەتە محەمەد خورشید داودەیی چاودێریەکی چری بۆ کراوە، هەواڵ بۆ موشیری شکۆدار و قوماندانی فرقەی ١٢ ی نیزامیە و موتەسەرفی کەرکووك هاتووە، لە هەواڵەکان دەرکەوتووە بۆ ئەوەی سەرەنج رانەکێشێت بۆ ئێران هەڵاتووە، سەرەتا بۆ لای داود خان و دواتر چۆتە لای کوڕی قولی خان، بەم راگەیەندراوە بۆ دەستگیر کردن و گەراندنەوەی رێنمایی پێویست بدرێتە باڵیۆزخانەی تەهران، تەلەگرافنامە لە ویلایەتی موسڵ وەرگیراوە و لە قۆمیسیۆنی خێراکردنی مامەڵەکان خوێندنەوەی بۆ کراوە، بە تێروانین لە نووسراوەکە کارەکە ئەنجام بدرێت و ئەنجامەکەی رابگەیەندرێت.




DH.ŞFR.00334.00063.001

| DH.ŞFR | 00334.00063 | 2 شەعبان 1322 (12 تشرینی یەکەم 1904) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>بوێـری کـردووە ئەملاکـی هومایۆنـی سـەڵاحیە وێـران بـکات و خەڵـك بکوژێـت و کەلوپەلـی خەڵـك تـاڵان بـکات، چەندیـن سـاڵە چاودێـری دەکرێـت، بـەڵام دەسـتگیر نەکـراوە، ئەمجـارە بەهـۆی تەنگانەیـی و چاودێـری توندەوە چەتـە محەمـەد خورشـید داودەیـی بـەرەو ئێـران رایکـردووە، سـەرەتا چۆتـە خانـەی داود دواتـر چۆتـە لای کـوڕی قولـی خـان، ئـەم زانیارییانـە لـە موشـیرەتی شـکۆدار و قوماندانـی فرقـەی ١٢ی نیزامیـە و موتەسـەرفیەتی کەرکـوك هاتـووە، بـۆ دەسـتگیرکردن و هێنانـەوەی ناوبـراو لـە ئێـران زانیـار و رێنمایـی پێویسـت بدرێتـە باڵیۆزخانـەی تەهـران، راگەیەنـدراوە فەرمـان.<br>نوری والی موسڵ | | |



DH.MKT.00778.00023.006

| DH.MKT | 00778.00023 | 15 ڕەجەب 1322 (25 ئەیلوول 1904) |
| --- | --- | --- |
| ویلایەتی موسڵی پایەبەرز<br>خورشـید ئەفەنـدی لـە قائیمقامیەتـی قـەزای سـەڵاحیە دامـەزراوە، ناوبـراو کـە گەیشـتە شـوێنی مەبەسـت و لـە مێـژووی دەسـت بـە کار بوونـی مانگانـە ١٥٧٥ قـوروش مووچـەی بـۆ دابیـن دەکرێـت، بـە بـەراورد لەگـەڵ مووچـەی ئێسـتا و پێشـووی ٤٥٠ قـوروش بـەرز بۆتـەوە، مێـژووی دەسـت بـە کاربوونـی و دەسـت لـە کار هەڵگرتنـی ئەرکـی پێشـووی ڕابگەیەندرێـت، بـە ووتـەی ژمێریـاری نـووسراو بکرێـت و ڕابگەیەندرێـت. | | |




DH.MKT.00847.00043.001

هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 00847.00043 | 25 موحەررەم 1322 (11 نیسان 1904) |
| --- | --- | --- |

شورای دەوڵەت
ژمارە ١٨
جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت
راگەیەندراوی بەندەمانە
سـەبارەت بـە بێتاوانـی عوسـمان سـەلیم ئەفەنـدی فەرمانبـەری خوێـی پێشـووی توزخورماتـو لەگـەڵ قنتارچـی ئیبراهیـم ئاغـا ئیسـتینافی ئەنجوومەنـی کارگێـری لیـوای ناوهاتـوو لـە قـەزای سـەڵاحیەی سـەر بـە سـانجەقی کەرکووکـی ویلایەتـی موسـڵ ووردبینـی بـە بریـاری پێداچوونـەوە کـراوە و پەسـەند کـراوە، ئیعلامیـش کـە لـە دادگای پێداچوونـەوەی شـورای دەوڵـەت رێکخـراوە و بـەرز کراوەتـەوە، پێشکەشـی پەیوەندیـداری سـەدارەت کـراوە، بـە تێروانیـن لـە بابەتەکـە بـۆ خەرجـی ئیعـلام و جێبەجـێ کردنـی ١٠٠ قـوروش داواکـراوە، لـە بەرێوەبەرایەتـی کارگێـری دیوانـی گشـتی وەرگیـراوە و بـۆ شـورای دەوڵـەت رەوان دەکرێـت، بـۆ ئەمـەش ئامـاژە دراوەتـە ویلایەتـی ناوهاتـوو، ئـاگاداری دراوەتـە نەزارەتـی دارایـی شـکۆدار کـە زانیـاری بدرێتـە نەزارەتـی ناوەخـۆی شـکۆدار و داواکاری کەسـێتی دیوانـی گشـتی عوسـمانی لـە بەرێوەبەرایەتـی کارگێـری داهاتـی خەرجکـراو، بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە.
سەرۆکی شورای دەوڵەت




DH.MKT.00860.00024.001

<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>00860.00024</td><td>22 ڕەبیعی یەکەم 1322 (4 ئۆغستۆس 1904)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>.................<br>...........<br>٢٨٠<br>عەینـی ئەفەنـدی قائیمقامـی سـەڵاحیەی سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ مـردووە، قـەزای ناوهاتـووش لـە چینـی دووەم بـە بەتاڵـی ماوەتـەوە، بـۆ قائیمقامبەتـی ناوهاتـوو کەسـێك نییـە لـە مولازیمەکانـی هەڵبژێـردراو و دەرچـووی مەکتـەب ئەرکەکـە وەربگرێـت، لـە ویلایەتـی موسـڵ تەلەگرافنامـە لـە مێـژووی ١٠ مایـس ١٣٢٠ دەرچـووە، تێـدا ئاماژەی پێکـراوە کـە قائیمقامـی پێشـووی دهـۆك عیـززەت ئەفەنـدی دابمەزرێـت، بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە.</td></tr>
</table>



ŞD.01026.00075.002


<table>
<tr><th>ŞD</th><th>01026.00075</th><th>10 سەفەر 1322 (26 نیسان 1904)</th></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی سندوقەکانی خانەنشین و doorخراوانی مولکیە<br>قەڵەمی مەکتوب<br>ژمارە ۳۷٥٤<br>سـەعدوڵڵا ئاغا موباشـیری دادگای سـەرەتایی قـەزای سـەڵاحیە مـردووە، کوڕەکانـی حەسـەن ئەفەنـدی و حوسـێن ئەفەنـدی داواکاریـان بـۆ ویلایەتـی بەغداد بـەرز کردۆتەوە و داوای مووچە دەکەن، لەسـەر خشـتەی مـاوەی خزمەت و نـووسراوی پەیوەسـت بـەم بابەتـە پەراوێـز لـە ژمێریـاری ڕێکخـراوە و لـە دەسـتەی گشـتیش ووردبینـی بـۆ کـراوە. مێـژووی ئـەم ئەرکانـەی کـە ناوبـراو تێـدا مووچـەی وەرگرتـووە و لـە ۱۱ مـارت ۱۳۱۲ مـردووە، مـاوەی خزمەتـی بۆتـە ۱٤ سـاڵ، بـە پشـت بەسـتن بـە بڕیـاری فەرمانبەرانـی مولکیـەی خانەنشـین، مووچەکـە دەکاتـە ٦۰ قـوروش، هـەر یەکـە ۳۰ قـوروش وەردەگـرن، مووچـەی ناوهاتـوو بـە بڕیارنامـە جێبەجـێ دەکرێـت و نـووسراو بـۆ سـندوق کـراوە تـا دابیـن بکرێـت، لـەم بابەتـەدا بڕیـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بـە دەسـتەوەیە.</td></tr>
</table>



ŞD.01029.00084.002


| ŞD | 01029.00084 | 18 جەمادی کۆتایی 1322 (30 ئۆغستۆس 1904) |
|---|---|---|

نەزارەتی سندوقەکانی خانەنشین و دوورخراوانی مولکیە
قەڵەمی مەکتوب
ژمارە ٤٠٥٧
سـلێمان ئاغـا چاوشــی مەرکــەزی ســەڵاحیە مــردووە، داواکاری لەلایــەن کوڕەکانــی موبــارەك ئەفەنــدی و محەمــەد ئەفەنــدی و ســاڵح ئەفەنــدی و جاســم ئەفەنــدی، کچەکانــی فەهیمــە خانــم و حــەوا خانــم و ژنەکــەی زوبیــدە خانــم بــەرز کراوەتــەوە، داوای دابیــن کردنــی مووچــە دەکــەن، نــووسراو لــە نەزارەتــی تەلەگــراف و پۆســتە نێــردراوە، لەگــەڵ داواکاریەکــە خشــتەی مــاوەی خزمــەت و لەســەر نــووسراوی تایبــەت بــەم بابەتــە لــە ژمێریــاری پەراوێــز ڕێکخــراوە، لــە دەســتەی گشــتیش ووردبینــی بــۆ کــراوە. مێــژووی ئــەم ئەرکانــەی ناوبــراوی مــردوو لێــی بــووە، لەگــەڵ بــڕی مووچەکــەی و مێــژووی مردنەکــەی کــە ٢٥ کانوونــی یەکــەم ١٣١٨ بــووە، بــە پشــت بەســتن بــە بریارنامــەی خانەنشــینی فەرمانبەرانــی مولکیــە ٢١٠ قــوروش دابیــن دەکرێــت، بــۆ مووچــەی ناوهاتــوو مامەڵەکــە لەســەر جێبەجــێ کردنــە، بــۆ دابیــن کردنیشــی لــە ســندوق نــووسراو کــراوە، لــەم بابەتــەدا بریــار و فەرمــان بــۆ جەنابــی ئــەم کەســەیە کــە فەرمانــی بەدەســتەوەیە.





| İ.DH | 01426.000018 | 1 جەمادی کۆتایی 1322 (13 ئۆغستۆس 1904) |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
دیوانی هومایۆنی ئێستا
١٥٠٨
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
خورشـید ئەفەنـدی قائیمقامـی کـۆی سـانجەق لەگـەڵ ئاووهـەوای ناوچەکـە ئاوێتـە نابێـت، داوای کـردووە ئەرکەکـەی بگوازرێتـەوە، قائیمقامـی قـەزای سـەڵاحیە سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ بەتاڵـە، بـۆ دامەزراندنـی ناوبـراو نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی شـکۆدار و مەزبەتـەی قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە کـە دراوەتـە قەڵـەم لەگـەڵ وەرەقـەی وەرگێـردراوی کەسـێتی راگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا چ بفەرمووێـت جێبەجـێ دەکرێـت، نـووسراو کـراوە ئەفەنـدم.
سەدری ئەعزەم



| BEO | 002359.176921 | 15 ڕەبیعی کۆتایی 1322 (29 حوزەیران 1904) |
|---|---|---|
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>لـە بـارەی دامەزراندنـی عیـزەت ئەفەنـدی قائیمقامـی پێشـووی قـەزای دهـۆك لـە قائیمقامیەتـی قەزای سـەڵاحیە، نـووسرای ژمـارە ١٦١٦ی ٢٦ ڕەبیعـی یەکـەم ١٣٢٢ لـە قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە نێـردراوە، زانیـاری نـوسراو ڕەوان کـراوە، تێـدا دەرکەوتـووە ناوبـراو لـە ئەرکەکانـی تـری دوورخراوەتـەوە، بۆیـە بـە گونجـاو نازانرێـت ئەرکـی پێ بدرێتـەوە، بـە مەزبەتـە نـووسراو ڕەوانـی قۆمیسـیۆنی ناوهاتـوو نێـردراوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی. | | |




هەواڵنامەی کتێب

| BEO | 002401.180020 | 18 جەمادی کۆتایی 1322 (2 تەمموز 1904) |
|---|---|---|
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>خورشـید ئەفەنـدی قائیمقامـی کـۆی سـانجەق لـە قائیمقامیەتـی قـەزای سـەڵاحیە دادەمەزرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لەسـەر نـووسراوی ١٠ جەمـادی یەکـەم ١٣٢٢ ژمـارە ٢٢٧٨ و بریـاری قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە، لـە ١٧ جەمـادی کۆتایـی ١٣٢٢ بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت رەزامەنـدی دراوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی. | | |




DH.MKT.02605.00035.001


| DH.MKT | 02605.00035 | 14 رەبیعی کۆتایی 1322 (28 حوزەیران 1904) |
|---|---|---|
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>بە ووتەی قۆمیسیۆنی تەندروستی راگەیەندراوە، لە ١٣ حوزەیران تا ١٤ لە ناحیەی سەڵاحیە ١١ تووشبوو و ٩ مردوو هەبووە، لە شارۆچکەی خانەقین و ناحیەکانی قزلربات و شەهربان هیچ تووشبوو نەبووە.<br>فەیزی موشیری لەشکری شەشەمی هومایۆن و بریکاری والی | | |



DH.MKT.02605.00057.002


هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>02605.00057</td><td>23 ڕەبیعی کۆتایی 1322 (7 تەمموز 1904)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>لە سەر ئاماژەی موتەسەرفی کەرکووک ڕاگەیەندراوە، تا دوێنێ لە ئێوارە لە دانیشتوانی سەڵاحیە ١٣ تووشبوو و لە توشبووانی کۆن و نوێ ٩ مردوو هەیە.<br>والی موسڵ نوری</td></tr>
</table>


OSMANLI ARŞİVİ
ŞD
2738 | 12 | 1

ŞD.02738.00012.001

<table>
<tr><th>ŞD</th><th>02738.00012</th><th>25 سەفەر 1322 (11 مایس 1904)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ<br>قۆمیسیۆنی بەخێراکردنی مامەڵەکان<br>ژمارە ١١٣٤<br>لایەنی عالی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت<br>راگەیەندراوی بەندەمانە<br>لە ویلایەتەکانی ئەرزروم و موسڵ بودجەی ساڵی ١٣٢٠ی فەرمانگەکانی شارەوانی مەرکەزی سانجەقی کەرکووك و قەزاکانی هەولێر، سەڵاحیە، عەقرە، حوسە، جسرئەرگنە و ئاشتەب نێردراوە، لە شوێنەکانی خۆیان نووسراوەکانیان هاتووە و لە شورای دەوڵەت ووردبینی بۆ دەکرێت، لەگەڵ هاوپێچەکان بۆ عالی بەرز کراوەتەوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>نازری کاروباری ناوەخۆ</td></tr>
</table>




DH.TMIK.S.00057.00031.002

هەواڵنامەی کتێب

| DH.TMIK.S | 00057.00031 | 5 سەفەر 1323 (11 نیسان 1905) |
| --- | --- | --- |

ویلایەتی موسڵی پایەبەرز
ووردبینـی کردنـی بودجـەی فەرمانگەکانـی شـارەوانی مەرکـەزی ویلایـەت و قەزاکانـی هەولێـر و عەقـرە و سـەڵاحیە لەگـەڵ سـانجەقەکانی کەرکـوك و سـلێمانی، داهاتـی شـارەوانیەکانی ناوهاتـوو لـە ٥٩٩,٦٤ قـوروش و ٩ پـارە پێـك هاتـووە، بـە گوێـرەی نیـزام مووچـەی ئیمامـی حکوومـەت ٨٥٠٥ قـوروش هاتۆتـە خـوارەوە، بـری خەرجـی ٥٨٠,٥٥٩ قـوروش و ٩ پـارە بۆتـە رەسـید، لـە فەرمانگـەی دارایـی شـورای دەوڵـەت نـووسراو دەرچـووە و لـە مەزبەتەی نێـردراو روون بۆتـەوە، هەروەهـا پوختـەی هەژمارەکـە بـە پۆسـتە رەوان کـراوە، بـۆ مووچـەی ئیمامـی حکوومەتـیش ئەگـەر لەلایەکـی تـر رێـك بخرێـت ئـەوا رابگەیەندرێت و بـە ووتـەی قۆمیسـیۆنی بەخێراکردنی مامەڵـەکان نـووسراو کراوە.



DH.TMIK.M.00213.00002.001

| DH.TMIK.M | 00213.00002 | 30 رەمەزان 1323 (28 تشرینی دووەم 1905) |
|---|---|---|

نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف
قەڵەمی مەکتوب
ژمارە ٤٧٨
نەزارەتی ناوخۆی شکۆدار
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم

لە ناو ویلایەتی موسڵ هێڵی تەلەگرافی مەخمور لە ٢٠ تشرینی یەکەمی رابردووەوە تا ١٢ی هەمان مانگ ٧٠ مەتر تێل دزراوە، سەرپەرشتیار بۆ پشکنینی هێڵەکە چۆتە ناوچەکە، هەروەها ئەم هێڵەی لە نێوان سەڵاحیە و توزخورماتو دایە لە رۆژانی ٩ و ١٠ی تشرینی دووەمەوە لە هەر یەکەیان ٥٠ مەتر تێل و هەندێکی تر شکستی هێناوە و دزراوە، هەر چەندە ئەم ناوچانە پەیوەندییان بە حکوومەت کردووە بەڵام سوودی نەبووە، دوو پارچە تەلەگرافنامە لە باش بەرێوەبەرایەتی بەغداد وەرگیراوە، گفتوگۆ لەگەڵ لایەنی مولکیە و سەربازی کراوە، بۆ ئەوەی رێگری بکرێت و رێگە نەدرێت هێڵی تەلەگراف تووشی ئەم زیانە بێت و ئامادەکاری بکرێت، بە تەلەگراف ئاگاداری پێویست بدرێتە ویلایەتی ناوهاتوو، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.


نازری پۆستە و تەلەگراف





DH.ŞFR.00358.00184.001

| DH.ŞFR | 00358.00184 | 17 زیلقەعدە 1323 (13 کانوونی دووەم 1906) |
|---|---|---|

نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
فرقەکانی شـاتری و گەڵاڵی سـەر بە عەشـیرەتی جاف کە لە قەزای سـەڵاحیەی سـەر بە ویلایەتی موسـڵ نیشـتەجێن، بـە نیـازن بـۆ لەوەراندنـی ئاژەڵەکانیـان ناوچـەی قورەتـوی ئێـران بـەکاری بهێنـن، هەروەهـا حاکمـی قورەتـو کەریـم خـان لەگـەڵ براکـەی عەلـی خـان تاقمێـك پیاویـان کۆکردۆتـەوە، هاتوونوتە خۆشـکوری ئێران بـە ئامـاژەی قوماندانی سـنوور قائیمقامیەتـی خانەقیـن ئـاگادار کراوەتـەوە، بـۆ ئـەوەی لـە نێـوان دانیشـتوان و عەشـیرەتەکانی هـەردوولا و بـە درێژایـی سـنوور کارەسـات روونـەدات، بـۆ ویلایەتـی ناوهاتـوو نـووسراو کراوە تا ئامـادەکاری پێویسـت بکرێت.
مەجید والی بەغداد




<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>00980.00060</td><td>22 رەبیعی کۆتایی 1323 (26 حوزەیران 1905)</td></tr>
<tr><td colspan="3">جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت<br>بەهـۆی لێهاتوویـی و خزمەتی باشـی خورشـید ئەفەندی قائیمقامی قەزای سـەڵاحیە، شـایەنی ئەوەیە پلـەی دووەمی پـێ بدرێـت و پلەکـەی بـەرز بکرێتـەوە، لـەم بارەیەوە نـووسراوی ٢ مـارت ١٣٢١ ژمـارە ١ ی ویلایەتی موسـڵ هاتووە، لەگـەڵ پۆسـتەی تۆمـار پێشـکەش کـراوە، جێبەجـێ کردنـی ئـەم کارە دەگەڕێتـەوە بـۆ پەیوەندیـداری سـەدارەت.</td></tr>
</table>


هەواڵنامەی کتێب


DH.MKT.00992.00011.001

<table>
<tr><th>DH.MKT</th><th>00992.00011</th><th>18 ڕەبیعی کۆتایی 1323 (22 حوزەیران 1905)</th></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی بەغداد<br>ژمارە ٦٨<br>نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>لـە قائیمقامیەتـی قـەزای خانەقینـی پاشـکۆی مەرکـەزی ویلایـەت ئاقچـە ڕەوان کـراوە، ژمارەیـەك لـەم پارانـە دوو ڕووی بیـنراوی بـە پێچەوانـە پارچـە کـراوە، ئـەم پارانـەش لـە قـەزای سـەڵاحیەی سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ هاتـووە، بـە پەیوەنـدی کـردن لـە قائیمقامیەتـی خانەقیـن ئاماژەی پێکـراوە، بـۆ پشـکنین و تۆمـار کردنـی پێویسـت، بـە ووتـەی ژمێریـاری ویلایـەت ڕاگەیەنـدراوە فەرمـان دراوەتـە ویلایەتـی ناوهاتـوو، لـەم بابەتـەدا بڕیـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە.<br>والی بەغداد</td></tr>
</table>




DH.MKT.01015.00014.002

<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>01015.00014</td><td>10 شەعبان 1323 (10 تشرینی یەكەم 1905)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی بازرگانی و نافیعە و ویلایەتی موسڵی عالی<br>بـۆ ئـەوەی پۆسـتەكان بـە ئاسـانی و خێرایـی بگاتـە شـوێنی مەبەسـت، پـرد و ڕێگاكانـی قـەزای سـەڵاحیە پێویسـتی بـە نۆژەنكردنەوەیـە، سـەبارەت بـە نۆژەنكردنـەوە و دروسـت كردنـی لـە حكوومەتـی خۆچێـی گرنگـی پـێ نـەدراوە، ئەگـەر بـەم شـێوەیە بـە جـێ بهێڵدرێـت لـە وەرزی زسـتان پۆسـتەكان ئاسـتەنگیان دێتـە پێـش و لـە كاتـی خۆیـدا ناگەنـە شـوێنەكانیان، لـە بـاش بەڕێوەبەرایەتـی بەغـداد بـە بایەخـەوە ڕاگەیەنـدراوە، بـۆ ئـەوەی بـە زووتریـن كات پـرد و ڕێگاكانـی ناوهاتـوو دەسـت بـە نۆژەنكردنەوەیـان بكرێـت، ئـاگاداری دراوەتـە ویلایەتـی موسـڵ و عالـی، لـە نەزارەتـی پۆسـتە و تەلەگرافـی عالـی نـووسراوی ١٢ ئەیلـوول ١٣٢١ ژمـارە ٣٣٨ بـەرز كراوەتـەوە و ئـاگاداری دراوەتـە ویلایەتـی ناوهاتـوو، هیممـەت بكرێـت لـە جێبەجـێ كردنـی.</td></tr>
</table>


هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.01028.00071.004


<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>01028.00071</td><td>17 رەمەزان 1323 (15 تشرینی دووەم 1905)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی دارایی<br>قەڵەمی فەرمانبەران<br>ژمارە ٥٧٩<br>خورشـید ئەفەنـدی قائیمقامـی سـەڵاحیە بـۆ چارەسـەری نەخۆشـیەکەی داواکاری بـەرز کردۆتـەوە و داوای ٣ مانـگ مۆڵەتـی کـردووە، تـا بچێتـە بەغـداد، ئـەم راپۆرتـەی کـە لەگـەڵ داواکاریەکـە بـەرز کراوەتـەوە، لـە ویلایەتـی موسـڵ نـووسراوی مێـژووی ٢٠ ئەیلـوول ١٣٢١ ژمـارە ٧٢ هاتـووە و ئامـاژەی پێکـراوە، بریـاری جەنابـی پەیوەندیـداری نەزارەتیشـی لەگـەڵ بـووە، نـووسراو و هاوپێچـی ناوهاتـوو رەوان کراوەتـەوە، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بـە دەسـتەوەیە.</td></tr>
</table>




DH.MKT.01045.00055.002


| DH.MKT | 01045.00055 | 27 زیلقەعدە 1323 (23 کانوونی دووەم 1906) |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی ...........
٧٣٩
عیـزەت ئەفەنـدی قائیمقامـی پێشـووی دهـۆك داواكاری بـەرز كردۆتـەوە، ئامـاژەی پێکـردوە کـە لـە ئەرکەکـەی کاری باشـی کـردووە، کەچـی بـە مەبەسـتی دوورخسـتنەوەی دراوەتـە دادگا، بـەڵام لـە دادگاکـە بریـار لەسـەر بێتاوانـی دراوە، لەسـەر بێتاوانـی لـە ویلایەتـی موسـڵ ئامـاژەی پێکـراوە کـە لـە قائیمقامیەتـی سـەڵاحیە دامەزرێـت، هەروەهـا لـە نەزارەتـی شـکۆداریش بـە هەمـان شـێوە بریـاری لەسـەر دراوە، کەچـی لـە قۆمیسـۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە ئەرکەکـەی پەسـەند نەکـراوە، مـاوەی ٤ سـاڵە بـێ کارە، بۆیـە داواکـراوە برێـك پـارەی بـۆ دابیـن بکرێـت، چونکـە بارودۆخـی خراپـە، داواکـەش بـە گونجـاو زانـراوە، لەبـەر ئـەوەی جەنابـی پەیوەندیـداری نـەزارەت بـە گونجـاوی زانیـوە، داواکاریەکـە پێشـکەش بکرێـت و رەوان بکرێتـەوە، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بـە دەسـتەوەیە.




هەواڵنامەی کتێب


<table>
<tr><td>ŞD</td><td>02194.00001</td><td>9 زیلحیجه 1323 (4 شوبات 1906)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵ<br>قەڵەمی مەکتوب<br>١١٠<br>نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>روشدی بەگ قائیمقامی سەڵاحیە هەستاوە بە نۆژەنکردنەوەی قۆناغی حکوومەت، بۆ ئەم مەبەستەش بە بێ مۆڵەت زەوییەکی میری فرۆشتووە، لەسەر بڕیار و فەرمانی جەنابی پەیوەندیداری نەزارەت بە فەرمانامەی ژمارە ١٠ی ١٧ مارت ١٣٢١ لەلایەن ویلایەتی سیواسی شکۆدار لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراوە، وەرەقەکانی ئەم بابەتە ڕەوان کراوەتەوە، نووسراوی لێکۆڵینەوەکەش ڕادەستی پۆستە کراوە، بۆ ئەوەی پێشکەشی پەیوەندیداری نەزارەت بکرێت، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>والی موسل</td></tr>
</table>



| BEO | 002753.206433 | 3 زیلحیجە 1323 (29 کانوونی دووەم 1906) |
| --- | --- | --- |
| ویلایەتی موسڵ<br>لە ١٥ کانوونی یەکەم ١٣٢١ بە گونجاو زانراوە تابورەکانی رەدیفی موسڵ، کەرکووك، سلێمانی، سەڵاحیە، کۆی سانجەق، رانیە و مەعمورە چەکدار بکرێن، بە ئاماژەی قوماندانی فرقەی ١٢ بە قوماندانیەتی لەشکری ٦ راگەیەندراوە. | | |




<table>
<tr><td>İ.TKS</td><td>00019.00012</td><td>27 زیلحیجه 1324 (11 شوبات 1907)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>دیوانی همایۆنی ئێستا<br>٣٨٧٠<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>پشت بەستن بە بریارنامەی تایبەتی، روشدی بەگ قائیمقامی پێشووی قەزای سەڵاحیە ٥٢٥ قوروش مووچەی دوورخراوانی بۆ دابین کراوە، لە فەرمانگەی تەنزیماتی شورای دەوڵەت مەزبەتە دراوەتە قەڵەم، لەم بابەتەدا پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، بە راگەیاندنی نووسراو کراوە ئەفەندم.<br>سەدری ئەعززەم</td></tr>
</table>



| DH.TMIK.M | 00219.00002 | 1 سەفەر 1324 (27 مارت 1906) |
|---|---|---|


ویلایەتی موسڵی عالی
بـۆ ئـەوەی جگـە لـە سـەرۆکی عەشـیرەتی جـاف کەسـێکی تـر دەسـت وەرنەداتـە کاروبـاری عەشـیرەتی جـاف، پیرەمێردەکانـی شـاتری مەحمـود و ١٧ هاوەڵـی بـە واژووی خۆیـان لـە ٢٤ شـوبات ١٣٢١ تەلەگرافنامەیـان نـاردووە، کۆپیەیەکـی بـۆ سـەروو رەوان کـراوە، بـە ووتـەی قۆمیسـیۆنی بەخێراکردنـی مامەڵـە چارەسـەر بکرێـت و رابگەیەندرێـت.




DH.TMIK.M.00230.00048.004

هەواڵنامەی کتێب

<table dir="rtl">
<tr><td>DH.TMIK.M</td><td>00230.00048</td><td>12 شەعبان 1324 (1 تشرینی یەکەم 1906)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی بەغدادی پایەبەرز<br>بـە واژووی کازم سـەر کۆمیسـەری بەغـداد تەلەگرافنامـە لـە مێـژووی ٣١ ئۆغسـتۆس ١٣٢٢ لـە سـەڵاحیە دەرچـووە، لـە قۆمیسـیۆن ئاماژەی پێکـراوە کـە بـە پەلـە کۆپیەیەکـی ڕەوان بکرێـت و خوێندنـەوەی بـۆ بکرێـت.</td></tr>
</table>




<table>
<tr><th>Y.MTV</th><th>00291.00082</th><th>25 شەوال 1324 (12 کانوونی یەکەم 1906)</th></tr>
<tr><td colspan="3">خەزینەی تایبەتی شاهانە<br>قەڵەمی تەحریرات<br>ژمارە ٩٥٨<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>لـە هۆبـەی سـەڵاحیەی سـەر بـە قۆمیسـیۆنی ئەملاکـی هومایۆنـی موسـڵ، ٨ تـا ١٠ سـاڵ جارێـك هەندێـك رووبـار هەڵکۆڵینـی تێـدا ئەنجـام دەدرێـت، لەبـەر ئـەوەی ئێسـتا وەرزی هەڵکەندنـە بۆیـە خەریکـی جێبەجـێ کردنەکەینـە، بـۆ خەرجـی دەرخسـتەی ئـەم هەڵکەندنانـە، بـری ٣٢٢١٧ قـوروش نـووسراوە و بـە تەلەگرافنامـە قۆمیسـیۆن داوای رەزامەنـدی بـۆ خـەرج کردنـی کـردووە، پەلـە کـردن لـە کارەکـە لـە بەرژەوەنـدی هەمـوو لایەکـە، بـرە پـارەی دیـاری کـراو، لـە مامەڵـەی قەڵەمـی خەزینـە ئاماژەی پێکـردووە کـە یارمەتـی پەیوەندیـداری خەلافەتـی پێویسـتە، بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بـە دەسـتەوەیە.<br>لایەنی تایبەتی نازر</td></tr>
</table>




MF.MKT 00858.00075.011


هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><td>MF.MKT</td><td>00858.00075</td><td>26 زیلحیجه 1324 (10 شوبات 1907)</td></tr>
<tr><td colspan="3">لایەنی پاشای نەزارەتی مەعاریفی گشتی شکۆدار<br>ڕاگەیەندراوی بەندەمانە<br>فەرمانـنامـەی شـێخ محەمـەد ئەفەنـدی یاریـدەدەری موعەلیمـی مەکتەبـی روشـدیەی سـەڵاحیە لـە مێـژووی ١٩ کانوونـی یەکـەم ١٣٢٢ ژمـارە ٢٩ پێشـکەش کراوە، بریـار و فەرمان لەگـەڵ وەرەقەی وەرگێردراوی کەسـێتی و ئەوراقی چەسـپێنراو بـەرز کراوەتـەوە، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بە دەسـتەوەیە.<br><br>بەڕێوەبەری مەکتەبی دواناوەندی بە هاوبەشی بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی موسڵ</td></tr>
</table>




| DH.MKT | 00942.00075 | 10 موحەررەم 1324 (6 مارت 1906) |
|---|---|---|

جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت
روشـدی بـەگ قائیمقامـی پێشـووی قەزای سـەڵاحیە بـە بیانـوی نۆژەنکردنـەوەی قۆناغـی حکومەتی خۆچێـی، بەبێ مۆڵـەت وەرگرتـن زەوی میـری فرۆشـتووە، بۆیـە لـە ویلایەتـی سـیواس لێکۆڵینـەوەی لەگەڵ کـراوە، هاوپێـچ ئەوراقی لێکۆڵینەوەکـەی رەوان کـراوە، لـە مێـژووی ٢١ کانوونـی دووەم ١٣٢١ ژمـارە ١١٠ بـە نـووسراو وەڵام لـە ویلایەتـی موسـڵ هاتـووە، بـە مەبەسـتی ووردبینـی ئەوراقـی ناوهاتـوو بـۆ سـەروو نێـردراوە، کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت.




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 01114.00060 | 16 رەجەب 1324 (5 ئەیلوول 1906) |
|---|---|---|
| لایەنی عالی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت<br>حاجی عەبدولعەزیز ئەفەندی قائیمقامی قەزای کوتولئیمارەی سەر بە ویلایەتی بەغداد و خورشید ئەفەندی قائیمقامی قەزای سەڵاحیەی سەر بە ویلایەتی موسڵ داواکاریان ناردووە، داوایان کردووە گۆرینەوەیان پێ بکرێت، قەزای ناوهاتوو لە چینی دووەم بووە، ناوبراوانیش لە هەڵبژێردراوەکانن، بۆیە لە گۆرینەوەیان مەغدور نابن، بە لێکۆڵینەوە لە ویلایەتی ناوهاتوو وەڵام هاتووە، وێنەی هاوپێچ پێشکەش کراوە، لە تەلەگرافنامە ئاماژەی پێکراوە، بە بریاری پەیوەندیداری سەدارەت کارەکە جێبەجێ بکرێت. | | |




DH.MKT.01118.00057.001


<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>01118.00057</td><td>26 ڕەجەب 1324 (15 ئەیلوول 1906)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی ............<br>ژمارە ٥٢٩<br>ڕوشدی بەگ قائیمقامی پێشووی سەڵاحیە داوای مووچەی دوورخراوانی کردووە، نووسراوی کەسێتی وەرگێراوی پەسەندکراو ڕێکخراوە، خشتەی ماوەی خزمەت و داواکاریەکە پێشکەش کراوە، نوسراوی نەزارەتی سندوقی خانەنشینی مولکیە بۆ پەیوەندیداری نەزارەت ڕەوان کراوە، بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بەدەستەوەیە.</td></tr>
</table>


İ.DH 1450/27 1324.L/27

İ.DH.01450

| İ.DH | 01450.000027 | 29 رەجەب 1324 (18 ئەیلوول 1906) |
|---|---|---|


بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
دیوانی هومایۆنی ئێستا
٢٤١٥
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
حاجـی عەبدولعەزیـز ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای کوتولئیـمارەی سـەر بـە ویلایەتـی بەغـداد لەگـەڵ خورشـید ئەفەنـدی قائیمقامـی سـەڵاحیەی سـەر بـە ویلایەتـی موسـڵ گۆڕینەوەیـان پـێ دەکرێـت، لەسـەر نـووسراوی نەزارەتـی ناوەخـۆی شـکۆدار، مەزبەتـە لـە قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە ڕێکخـراوە، لەگـەڵ وەرەقەکانـی وەرگێـردراوی کەسـێتی ڕاگەیەنـدراوە و پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت بـە فەرمانـی پاشـا چ بفەرمووێـت جێبەجـێ دەکرێـت، بـە ڕاگەیاندنـی نـووسراو کـراوە ئەفەنـدم.
سەدری ئەعزەم



ŞD 02760.00026.001

| ŞD | 02760.00026 | 3 زیلقەعدە 1324 (19 كانوونی یەكەم 1906) |
|---|---|---|


بابی فەتوا
فەرمانگەی مەشیخەتی ئیسلامی
قەڵەمی مەكتوب
ژمارە ١٣
سەرۆكایەتی شورای دەوڵەتی شكۆدار
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
سـەعید ئەفەنـدی موفتـی قـەزای سـەڵاحیە و نائیبـی پێشـووی قـەزای ناوهاتـوو بـە مۆڵـەت چۆتـە سـلێمانی و ئەركەكـەی بـە وەكالـەت داوەتـە نیابەتـی شـەرعی، لـە هۆبـەی ئەملاكـی هومایـۆن تەنیـا ٥٠٠ قـوروش مووچـەی مودەریسـی هەیـە، لـە ویلایەتـی موسـڵ نـووسراوی وەڵام لەگـەڵ ووتـەی ژمێریـاری زانسـتی رەوانـی ئەنجوومەنـی هەڵبژاردنـی سـەروەران كـراوە، ناوبـراو مووچـەی تایبـەت بـە موفتیەتـی نییـە، بـۆ وەكالەتـی داد لـە فەرمانبەرانـی سـپاردنی ئـەرك نیـوەی مووچـەی نیابەتـی پـێ بدرێـت، بـەڵام دەبـێ لـە شـورای دەوڵـەت داەمەزرێـت و رابگەیەندرێـت، بـۆ ئەمـەش نـووسراو بـۆ عالـی كـراوە، نـووسراو كـراوە ئەفەنـدم.
محەمەد جەمالەددین شێخولئیسلام




هەواڵنامەی کتێب

| BEO | 002830.212244 | 22 ڕەبیعی یەکەم 1324 (16 مایس 1906) |
| --- | --- | --- |

ویلایەتی بەغدادی پایەبەرز
وەڵامی نووسراوی مێژووی ٤ سەفەر ١٣٢٤ ژمارە ١، لە ساڵی ١٣٢٠ کشتوکاڵی قەزای شامیە خراپ بەکارهاتووە و تاڵانکراوە، هەروەها حەسەن واسف ئەفەندی ژمێریاری سانجەقی دیوانیە لەگەڵ ئیسماعیل ئەنوەر بەگ قائیمقامی قەزای ناوهاتوو بۆ دادگاییکردن دەستگیر کراون، عەبدولرەحمان ئەفەندی بەڕێوەبەری دارایی و سەید ساڵح ئەفەندی بەڕێوەبەری ناحیەی سەڵاحیە و یوزباشی کازم ئاغا و فەرمانبەرانی کشتوکاڵ و کاتیبەکانی دەدرێنە دادگا، بە بریاری شورای دەوڵەت و بە فەرمانی پاشا ڕەزامەندی نیشان دراوە چۆنیەتی کارەکەش لە نەزارەتی ناوهاتوو ئاماژەی پێ بکرێت.




| BEO | 002848.213564 | 17 رەبیعی کۆتایی 1324 (10 حوزەیران 1906) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>مەزبەتـەی فەرمانگـەی مولکیـەی شـورای دەوڵـەت کـە لـە قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانـی مولکیـە خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە، لـە بـاڵا تۆمـار کـراوە و لـە نەزارەتـی ناوەخـۆی شـکۆدار هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.<br><br>روشـدی بـەگ قائیمقامـی پێشـووی سـەڵاحیە رێگـەی پێـدراوە دووبـارە ئـەرك وەربگرێـت. | | |




هەواڵنامەی کتێب

| BEO | 002960.221956 | 25 شەوال 1324 (12 کانوونی یەکەم 1906) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>حاجی عەبدولعەزیز ئەفەندی قائیمقامی قەزای کوت ئەلئیمارە لەگەڵ خورشید ئەفەندی قائیمقامی سەڵاحیە گۆرینەوەیان پێکراوە، لەسەر نووسراوی ژمارە ٢٦١٢ ی ١٦ رەجەب ١٣٢٤ و بە بریاری قۆمیسیۆنی فەرمانبەرانی مولکیە لە مێژووی ٢٤ شەوال ١٣٢٤ فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت رەزامەندی دراوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی. | | |




ZB.00111.00005.001

<table>
<tr><td>ZB</td><td>00111.00005</td><td>21 زیلحیجە 1325 (25 كانوونی دووەم 1908)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵ<br>قەڵەمی مەكتوب<br>٢٧٥<br>نەزارەتی زەبتیەی شكۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>شێخ وەسیم ئەفەندی فەرمانبەری پۆلیسی قەزای سەڵاحیە كارەكەی زۆر بە رێكوپێكی و دڵسۆزانە ئەنجام داوە، بۆیە لە پلەی پێنجەم نیشانی مەجیدی پێ بدرێت، بۆ ئەم مەبەستە بە ئاماژەی سەرۆكایەتی قۆمیسیۆنی ئەملاكی هومایۆنی موسڵ، پەیوەندیداری نەزارەت بریار بدات، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم كەسەیە كە فەرمانی بەدەستەوەیە.<br>والی موسڵ</td></tr>
</table>




ML.EEM.00632.00075.003

| | | |
|---|---|---|
| **ML.EEM** | 00632.00075 | **13 رەمەزان 1325 (20 تشرینی یەکەم 1907)** |
| ئەمیـن ئەفەنـدی فەرمانبـەری هۆبـەی سـەڵاحیە دوو جـار لـە دەرەوە ماوەتـەوە، لـە مـاوەی ٢٣ ڕۆژ کاری جۆراوجـۆری لـە دەرەوە ئەنجـام داوە، ئـەم ڕاپۆرتـەی لـە شـوێن خـۆی ڕەوان کـراوە، لەگـەڵ مەزبەتـەی قۆمیسـیۆنی ئەملاکـی هومایۆنـی موسـڵ ڕاپۆرتەکـە خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە، وێنـەی ئامـاژە پێکردنەکـە بـە گونجـاو زانـراوە، لـە بـارەی مامەڵـەی پێویسـت نـوسراوی بـۆ کـراوە. بە ناوی باش کاتیب ئەحمەد | | |



ML.EEM.00636.00041.002


| ML.EEM | 00636.00041 | 23 رەمەزان 1325 (30 تشرینی یەکەم 1907) |
|---|---|---|
| قۆمیسیۆنی ئەملاکی هومایۆنی موسڵ<br>ژمارە ١٥٥<br>نەزارەتی خەزینەی تایبەتی شاهانەی شکۆدار<br>کۆپیـەی رەشـنووس لـە شـوێن خۆیـدا رەوان کـراوە و پشـت بەسـتن بـە نـووسراوی دەرخسـتە، خانـەی کارگێـری هۆبـەی ئەملاکـی هومایۆنـی سـەڵاحیە پێویسـتی بـە نۆژەنکردنەوەیـە، بـە گوێـرەی راپـۆرت ٦٨٤ قـوروش خـەرج کـراوە، لـە وەڵامـدا بـۆ جێبەجـێ کردنـی نۆژەنکردنـەوەی ناوهاتـوو ئاماژە دراوەتـە هۆبـەی ناوهاتـوو، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بـە دەسـتەوەیە.<br>سەرۆکی قۆمیسیۆنی موسڵ / باش کاتیبی تەحریرات / ژمێریاری / سەر ئەندازیا | | |




هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 01148.00004 | 14 سەفەر 1325 (29 مارت 1907) |
|---|---|---|

جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت
وەڵامی ٥ مارت ١٣٢٣ ژمارە ٤٥ی بریاری سەدری ئەعزەمی پەیوەندیداری سەدارەتە، محەمەد رەشید بەگ قائیمقامی پێشووی سەڵاحیە لە قائیمقامیەتی قەزای باقرە دامەزرێت، هاوپێچ نووسراوی کەسێتی وەرگێراوی پەسەند کراو بەرز کراوەتەوە، جێبەجێ کردنی دەگەرێتەوە بۆ پەیوەندیدارانی سەدارەت.



<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>01174.00027</td><td>25 جەمادی یەکەم 1325 (6 تەمموز 1907)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی تەندروستی شکۆدار<br>بەهـۆی نەخۆشـی گـوازراوە کەسـێك لـە بـەسرا مـردووە، بۆیـە لـە مێـژووی ٢٢ مایـس ١٣٢٣ ەوە ئەوانـەی کـە دێـن لـە خاڵەکانـی کەرەنتینـە دەپارێزریـن، هەروەهـا ئەوانـەی لـە رێگـەی رووبـارەوە گەشـت دەکـەن لـە پاراسـتنخانەی سـەڵاحیە پشـکنینی پزیشـکیان بـۆ دەکرێـت، لەسـەر نـووسراوی ٢٤ مایـس ١٣٢٣ ژمـارە ٨٩٩ی سـەدری ئەعـزەم ئـاگاداری دراوەتـە ویلایـەت، سـوپاس بـۆ خـوا لـە ویلایـەت نەخۆشـی گومانلێکـراو نییـە، جگـە لەمـە لـە سـەڵاحیە پزیشـکی سـەربازی نییـە، بـۆ دامەزراندنـی پاراسـتنخانە مەرجـی تـەواو نییـە و شـارۆچکەی سـەڵاحیەش لەسـەر رووبـار نییـە، بۆیـە پێویسـتە لـە ویلایەتـی بـەسرا پاراسـتنخانەی سـاڵحیە دابمەزرێـت، ئەمجـارە لـە ویلایەتـی موسـڵ تەلەگرافنامـە وەرگیـراوە.</td></tr>
</table>




DH.MKT.01174.00027.007

| DH.MKT | 01174.00027 | 6 جەمادی یەکەم 1325 (17 حوزەیران 1907) |
|---|---|---|

نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار


ئەگەرچـی بـۆ ئامـادەکاری خانـەی پاراسـتن ئـاگاداری پێویسـت دەرچـووە و ڕەوان کـراوە، بـەڵام سـوپاس بـۆ خـوا بـۆ ڕۆژێکیـش لـە ویلایـەت نەخۆشـی نەبـووە، لـە سـەڵاحیەش پزیشـکی شـارەوانی و نیزامیـە نەبـووە، بـەم شـێوەیە ئامـادەکاری خانـەی پاراسـتن کەموکـوری تێکەوتـووە، هەروەهـا شـارۆچکەی سـەڵاحیە دەکەوێتـە سـەر ڕووبـار و کەشـتی خۆچێـی نییـە، بۆیـە بـە پێویسـت زانـراوە لـە نـاو ویلایەتـی بـەسرا خانـەی پاراسـتنی سـاڵحیە هەبێـت، ئـاگاداری پێویسـت بدرێتـە ویلایەتـی ناوهاتـوو.

مستەفا والی موسڵ




| BEO | 003005.225335 | 18 موحەررەم 1325 (3 مارت 1907) |
| --- | --- | --- |

جەنابی پەیوەندیداری مەشیخەتی پایەبەرز
موفتـی قـەزای سـەڵاحیە بـووە و نائیبـی پێشـووی قـەزای ناوهاتوو بـە مۆڵـەت چۆتە سـلێمانی، ئەرکەکەشـی داوەتە نائیبـی شـەرعی، بەمـەش دەرکەوتـووە سـەعید ئەفەنـدی لـەم فەرمانبەرانـە نییـە کـە ئەرکـی پێـدراوە، ئـەم ئەرکـەی کـە بـە وەکالـەت بەڕێوەی دەبات، پێویسـتە ناوبراو نیوەی مووچـەی پێ بدرێت، نووسراوی شێخولئیسـلام لە مێژووی ٣ زیلقەعـدە ٣٢٤ ژمـارە ١٣ دراوەتـە شـورای دەوڵـەت، بـە مەزبەتـە لـە فەرمانگـەی دارایی نـووسراو بـەرز کراوەتەوە.




BEO.003031.227287.001

| BEO | 003031.227287 | 26 سەفەر 1325 (10 نیسان 1907) |
|---|---|---|
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>فـەوزی بـەگ قائیمقامـی باقرە لـە قائیمقامیەتـی قـەزای گـەوار و بـۆ قائیمقامـی باقـرەش روشـدی بـەگ قائیمقامی پێشـووی سـەڵاحیە دادەمەزرێن، نووسراوی مێژووی ١٤ سـەفەر ١٣٢٥ ژمارە ٢٠٥ و بڕیاری قۆمیسـیۆنی فەرمانبەرانی مولکیـە بـە فەرمانـی پاشـای جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت لـە ٢٥ سـەفەر ١٣٢٥ ڕەزامەنـدی دراوە، هەروەها کاتێـك ناوبـراو لـە قائیمقامیەتی سـەڵاحیە بـووە، بە مۆڵـەت وەرگرتـن و بەهۆی هەندێـك کارەوە لە شـورای دەوڵەت بڕیـاری ئەرکـی وەسـتێنراوە، ئێسـتا لـەم کارە نوێیەیـدا پێویسـتە قۆمیسـیۆن روون کردنـەوە لـەم بارەیـەوە بـدات. | | |




<table>
<tr><th>BEO</th><th>003093.231945</th><th>22 جەمادی یەکەم 1325 (3 تەمموز 1907)</th></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>بە پشت بەستن بە بریارنامەی تایبەتی ئەحکام روشدی بەگ قائیمقامی پێشووی قەزای سەڵاحیە بری ٥٢٥ قوروش مووچەی دابراوی بۆ دابین دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش بە بریاری شورای دەوڵەت لەلایەن جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا رەزامەندی نیشان دراوە.<br><br>نەزارەتی سندوقی خانەنشین و دابراوانی مولکیەی پایەبەرز<br>زانیاریەکان لە باڵادا نووسراوەتەوە، هەرچی زووە بە فەرمانی پاشای جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت لە نەزارەتی سندوقی خانەنشین و دابراوان هیممەت بکرێت لە جێبیەجێ کردنی.</td></tr>
</table>



BEO 003237.242767.002


هەواڵنامەی کتێب

| BEO | 003236.242767 | 23 زیلحیجە 1325 (27 کانوونی دووەم 1908) |
|---|---|---|
| فەرمانگەی ئەرکانی گشتی جەنگی<br>هۆبەی چوارەم<br>٣٩٣٥<br>راگەیەندراوی بەندەمانە<br>بـۆ رەوان کردنـی تابـوری ١٢ ی نیشـانچی کەرکـووك بـۆ سـەڵاحیە، لەوێشـەوە بـۆ خانەقیـن، بـە فەرمانـی پاشـای پەیوەندیـداری خەلافـەت پـارەی خۆچێـی رێـك دەخرێـت، بـەڵام بەهـۆی خـەرج نەکردنـی پارەکـە، کارەکـە دواکەوتـووە، چەنـد جارێـك بـۆ ویلایەتی موسـڵ نووسراو کـراوە، بۆ ئـەوەی هۆکارەکانی خێراکردنی تابـوری ناوبراو لە قوماندانیەتـی لەشـکری ٦ ی هومایـۆن تەلەگرافنامـە هاتـووە، لـەم بابەتـەدا ئاگاداریـەکان راگەیەندراوە و پەیوەسـتە بـە پەیوەندیـداری سـەدارەت، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە بریـاری بەدەسـتەوەیە.<br>سورەیا سەرعەسکەر | | |




DH.MUI_00026_2_00041.001


| DH.MUİ | 00026.2.00041 | 30 ڕەمەزان 1326 (26 تشرینی یەکەم 1908) |
|---|---|---|
| ویلایەتی موسڵ<br>لـەم سـەربازانەی عوسـمانی کـە لـە سـنووری ئێرانـن، دوو تابـور لـە جـەژن مووچەیـان وەرنەگرتـووە، بۆیـە لـە سـەڵاحیە دوکان و فرۆشـگاکانیان تـاڵان کـردووە، تەنانـەت خەریکـە دەسـت بەسـەر لەشـکری چوارەمـی سـەربازیدا دەگـرن، ئـەم زانیاریـەش لـە رۆژنامـەی بریـز تاغبلات بیـنراوە، بە پەلـە زانیـاری بدرێتە ویلایـەت و چارەسـەر بکرێت. | | |



هەواڵنامەی کتێب


Y.MTV.00311.00163.001

<table>
<tr><td>Y.MTV</td><td>00311.00163</td><td>27 جەمادی یەکەم 1326 (27 حوزەیران 1908)</td></tr>
<tr><td colspan="3">باب فەاتوە<br>فەرمانگەی مەشیخەت<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>ئەرکەکانیان زۆر بە رێکوپێکی و بە شێوەیەکی جوان بەڕێوە بردووە، عەبدولعەزیز ئەفەندی نائیبی عەمارەی سەر بە ویلایەتی بەسرا و مەحمود رەشید ئەفەندی نائیبی پێشووی سەڵاحیەی سەر بە ویلایەتی موسڵ شایەنی وەرگرتنی پلەن، بڕیار و فەرمان دەربچێت، تا کارەکە جێبەجێ بکرێت.<br>شێخولئیسلام محەمەد کەمالەددین</td></tr>
</table>




ZB.00322.00039.001

| ZB | 00322.00039 | 15 موحەررەم 1326 (18 شوبات 1908) |
|---|---|---|
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>شـێخ وەسـیم ئەفەنـدی فەرمانبەری پۆلیسـی قەزای سـەڵاحیە لـە ئەرکەکەیدا زۆر بـە رێکوپێکی و بـە جوانی ئەنجام داوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە ویلایەتـی موسـڵ ئامـاژەی پێکـراوە کـە لـە پلـەی پێنجـەم نیشـانی مەجیدی پـێ بدرێت. | | |



İ.TAL.00448.00045.001

| İ.TAL | 00448.00045 | 25 ڕەبیعی یەکەم 1326 (27 نیسان 1908) |
| --- | --- | --- |


کۆشکی یڵدزی هومایۆن
فەرمانگەی باش کیتابەت
١٧٩٢
ڕاگەیەندراوی بەندەمانە
لەسەر خزمەتە باشەکانیان مستەفا ئەفەندی کاتیبی یەکەمی هۆبەی ئەملاکی هومایۆنی سەڵاحیە و عەبدولڕەزاق ئەفەندی کاتیبی دووەم لەگەڵ خضر ئەفەندی کاتیبی یەکەمی هۆبەی شەمامك و زەکی ئەفەندی کاتیبی هۆبەی شەرقات پلەی چوارەمیان پێ دەدرێت، جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، لەم بابەتەدا بڕیار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.
سەرکاتیب شەهریاری




ŞD 01073.00052.002

| ŞD | 01073.00052 | 16 موحەررەم 1326 (19 شوبات 1908) |
| --- | --- | --- |


نەزارەتی سندوقەکانی خانەنشین و دوورخراوانی مولکیە
قەڵەمی مەکتوب
ژمارە ٧٩٦١
خورشـید ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای سـەڵاحیە مـردووە، داواکاری لەلایـەن خێزانەکـەی عائیشـە خانـم بـەرز کراوەتـەوە و داوای مووچـەی کـردووە، داواکاریەکـە نێردراوەتـە نەزارەتـی ناوەخـۆی شـکۆدار لەگـەڵ خشـتەی مـاوەی خزمـەت و لەسـەر نـووسراوی پەیوەسـت بـەم بابەتـە پەراوێـز لـە ژمێریـاری ڕێکخـراوە، لـە دەسـتەی گشـتیش خوێندنـەوەی بـۆ کـراوە. لـە پۆسـتەی ناوهاتـوو خزمەتـی پێشـووی ناوبـراو و بـڕی مووچـەی وەرگیـراو و بـە پشـت بەسـتن بـە بڕیارنامـەی خانەنشـینی فەرمانبەرانـی مولکیـە ناوبـراو ٤٣١ قـوروش مووچـەی بـۆ دابیـن کـراوە، مووچـەی ناوهاتـوو بـە بڕیانامـە جێبەجـێ دەکرێـت، بـۆ دابیـن کردنیشـی نـووسراو لـە سـندوق کـراوە لـەم بابەتـەدا بڕیـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە.



هەواڵنامەی کتێب


| DH.MKT | 01237.00023 | 29 موحەررەم 1326 (3 مارت 1908) |
| --- | --- | --- |

جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت
شێخ وەسیم ئەفەندی فەرمانبەری پۆلیسی قەزای سەڵاحیە لە ئەرکەکەیدا هاوکاری و لێهاتوویی بینراوە، بۆیە لە ویلایەتی موسڵ ئاماژەی پێکراوە لەگەڵ پلەی پێنجەم نیشانی مەجیدی پێ دەدرێت، لە نەزارەتیش نووسراوی ٩ شوبات ١٣٢٣ هاوپێچ پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا جەنابی پەیوەندیداری پایەبەرز کارەکە جێبەجێ بکات.





DH.MKT.01288.00013.001

<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>01288.00013</td><td>28 جەمادی یەکەم 1326 (28 حوزەیران 1908)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی مەکتەبەکانی سەربازی شاهانە<br>مەکتەبی پزیشکی شاهانە<br>قەڵەمی تەحریرات<br>لە ٨ حوزەیران ١٣٢٤ بە بریاری شکۆدار بەرپرسان لە سەڵاحیە خەریکی ئامادەکارین، عەبدوڵڵا ئەفەندی کە لە بریکاری شارەوانی پزیشکی هەولێرە، نێردراوەتە سەڵاحیە، بریار لەسەر جێبەجێ کردنی دراوە، بەهۆی بەردەوام بوونی نەخۆشی لە قەزای سەڵاحیە، پێویستە کەرەنتینە هەبێت، ئەوانەی لە بەغداد دێن دەبێ بۆ ماوەی ٤ رۆژ لە سەڵاحیە کەرەنتینە بکرێن، هەروەها تەتەرەکانی پۆستە دەگۆردرێن بۆیە تێپەربوونیان بە ئاسایی بینراوە، بۆ پاراستنی تەندروستی گشتیش ئامادەکاری بۆ دروست کردنی پاراستن خانە بکرێت، جێبەجێ کردن و قەدەغەکردنی بۆ ویلایەتی موسڵ پێشنیار کراوە، راگەیەندراوە فەرمان.<br>سەرپەرشتیاری تەندروستی ویلایەتی موسڵ فەتحی</td></tr>
</table>




| İ.DH | 01470.000092 | 12 شەوال 1326 (7 تشرینی دووەم 1908) |
|---|---|---|


بابی عالی
فەرمانگەی سەدارەت
دیوانی هومایۆنی ئێستا
٣١٧١
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
نیهاد بەگ قائیمقامی قەزای هەولێری سەر بە ویلایەتی موسڵ ئەرکەکەی لەم شوێنە بە گونجاو نەزانراوە، لەگەڵ حاجی عەبدولعەزیز ئەفەندی قائیمقامی قەزای سەڵاحیە گۆرینەوەیان پێ بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، لەم بابەتەدا جەنابی پەیوەندیداری خەلافەت بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، بۆ ئەمەش نووسراو کراوە ئەفەندم.
سەدری ئەعزەم




DH.MKT 02643.00093.002

| DH.MKT | 02643.00093 | 6 شەوال 1326 (1 تشرینی دووەم 1908) |
| --- | --- | --- |

لایەنی عالی جەنابی پەیوەندیداری سەدارەت
نیهاد بـەگ قائیمقامـی قـەزای هەولێـر دژایەتـی دانیشـتوانی خۆچێـی دەکات، بۆیە مانـەوەی لە ئەرکەکـەی گونجاو نییـە، لـە ویلایەتـی موسـڵ ئاماژەی پێکـراوە لەگـەڵ حاجـی عەبدولعەزیـز ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای سـەڵاحیە گۆڕینەوەیـان پـێ بکرێـت، هەروەهـا هـەردوو قەزاکـە لـە چینـی دووەمـن و هەردووکیانیـش لـە چینـی ناوهاتوو لە هەڵبژێردراوەکانـن، لەسـەر مەزبەتـەی قۆمیسـیۆنی تۆمـاری کەسـێتی فەرمانبـەران، کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت.




| DH.MKT | 02647.00092 | 10 شەوال 1326 (5 تشرینی دووەم 1908) |
| --- | --- | --- |
| تەلەگرافنامە بۆ ویلایەتی موسڵ<br>بە گوێرەی زانیاریەکان سوکایەتی بە هاووڵاتیانی ئێرانی نیشتەجێی سەڵاحیە کراوە، جگە لەمە لە کەرکووک ١٠ هاووڵاتی ئێرانی خراونەتە ئەرکی سەربازییەوە، هەرچی زووە ئەم زانیاریەی باڵیۆزخانە ووردبینی بۆ بکرێت و راستی زانیاریەکە رابگەیەندرێت. | | |



DH.MKT.02657.00077.001

| DH.MKT | 02657.00077 | 20 شەوال 1326 (15 تشرینی دووەم 1908) |
| --- | --- | --- |
| ویلایەتی موسڵ<br>لە مێژووی ١٣ شەوال ١٣٢٦ نیهاد بەگ قائیمقامی هەولێر لەگەڵ حاجی عەبدولعەزیز ئەفەندی قائیمقامی سەڵاحیە گۆرینەوەیان پێ کراوە. | | |




DH.MKT 02670.00070.001

هەواڵنامەی کتێب


| DH.MKT | 02670.00070 | 5 زیلقەعدە 1326 (29 تشرینی دووەم 1908) |
| --- | --- | --- |

ویلایەتی موسڵی پایەبەرز
بریار دراوە قائیمقامەکانی قەزای هەولێر و سەڵاحیە گۆرینەوەیان پێ بکرێت، نیهاد بەگ و حاجی عەبدولعەزیز ئەفەندی لە مێژووی دەست بە کار بوونی ئەرکە نوێیەکەیان مانگانە هەریەکەیان ١٥٧٥ قوروشیان بۆ دابین دەکرێت، لەگەڵ دەست بە کاربوونیان مێژووی دەست لە کار هەڵگرتنیشیان رابگەیەندرێت، بە ووتەی ژمێریاری نووسراو کراوە.





DH.MKT.02706.00055.001

<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>02706.00055</td><td>20 زیلحیجە 1326 (13 کانوونی دووەم 1909)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵی پایەبەرز<br>ئـەم ئەرکانـەی عەلـی ئەفەنـدی کاتیبـی ناسـنامەی قـەزای سـەڵاحیە وەریگرتـووە، لـە تۆمـار زانیارییـەکان نووسراوەتـەوە، بـە پشـت بەسـتن بـە سـەنەد لـە مێـژووی ٣٠ حوزەیـران ١٣٢١ و ١٠ حوزەیـران ١٣٢٤ نووسراوەتـەوە، بـە پەلـە هیممـەت بکرێـت لـە وەڵامدانـەوە.</td></tr>
</table>




| BEO | 003248.243580 | 12 موحەڕڕەم 1326 (15 شوبات 1908) |
|---|---|---|
| ویلایەتەکانی بەغداد و بەسرا<br>نەفەری یەدەگی فرقەی ڕەدیفی پیادەی بەغداد کۆبکرێنەوە و بهێنرێن، دواتر بەسەر پارچەکانی نیزامیە دابەش بکرێن، حاڵی حازر ئەمانە لە شوێن خۆیان بەکار بهێنرێن و تابورەکانی ڕەدیفی سلێمانی و مەندەلی لەگەڵ ئەمانەش تابوری ڕەدیفی خانەقین چەکدار بکرێن، هەروەها تابوری پێنجەم کە لە کەرکووك بۆ سەڵاحیە ڕەوان دەکرێت، هەر ئێستا ڕێکخستنی بۆ بکرێت، بە بڕیاری ئەنجوومەنی بریکارەکان فەرمانی پاشا دەرچووە، ئاگاداری دراوەتە بەسرا و موسڵ، جێبەجێ بکرێت. | | |

هەواڵنامەی کتێب




| BEO | 003430.257246 | 15 شەوال 1326 (10 تشرينى دووەم 1908) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتى ناوەخۆى پايەبەرز<br>نيهـاد بـەگ قائيمقامـى قـەزاى هەولێـر لەگـەڵ حاجـى عەبدولعەزيـز ئەفەنـدى قائيمقامـى قـەزاى سـەڵاحيە گۆڕينەوەيـان پـێ بكرێـت، لەسـەر نـووسراوى ٦ شـەوال ١٣٢٦ ژمـارە ٣١٢١ جەنابـى پەيوەنديـدارى خەلافـەت لـە مێـژووى ١٣ شـەوال ١٣٢٦ بـە فەرمانـى پاشـا ڕەزامەنـدى داوە، هيمـمـەت بكرێـت لـە جێبەجـێ كردنـى. | | |



هەواڵنامەی کتێب


| DH.MUİ | 00048.00018 | 27 رەبیعی یەکەم 1327 (18 نیسان 1909) |
|---|---|---|
| ویلایەتی موسڵی پایەبەرز<br>بەرامبەر بە ۳۵۰ لیرەی عوسمانی مولکی کردۆتە بارمتە، لەگەڵ ئەوەی داهاتی ۳-٤ ساڵ زیاتر لە ۵۰۰ لیرە بووە، هەر چەندە داوای کردووە مولکی ناوهاتوو وەربگرێتەوە بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، سەبارەت بە پاراستنی ماف بۆ گەرانەوەی ئەم ئاقچانەی چۆتە گیرفانی ئیبراهیم ئەفەندی و خەلیل ئەفەندی، بە واژووی خەلیل ئاغازادە خضر حامد سەڵاحیەیی داواکاری رەوان کراوە و لەگەڵ نووسراوی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی نێردراوان رەوان کراوەتەوە، بە هاوپێچ بەرز کراوەتەوە، بە تێروانین لە هاوپێچەکانی بە لێکۆڵینەوە هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردن و راگەیاندنی. | | |



DH.MEM.00069.00042.001


| DH.MEM | 00069.00042 | 30 زیلقەعدە 1329 (22 تشرینی دووەم 1911) |
| --- | --- | --- |

ویلایەتی موسڵ
عاسم ئەفەندی قائیمقامی قەزای سەڵاحیە پێچەوانەی شەرع مامەڵەی نەگونجاوی ئەنجام داوە، سکاڵا بە واژوویەکی زۆر لەگەڵ یاسای پەیوەندیداری موشیخەتی قەزای ناوهاتوو هاوپێچ بەرز کراوەتەوە، بە تێروانین لە هاوپێچەکانەوە لێکۆڵینەوە ئەنجام بدرێت و ئەنجامەکەی رابگەیەندرێت، بۆ ئەمەش بە ووتەی بەرێوەبەرایەتی فەرمانبەران نووسراو لە پەیوەندیدارانی ویلایەت بەرز بکرێتەوە.




DH.TMIK.M.00214.00029.003

| 27 ڕەبیعی یەکەم 1327 (18 نیسان 1909) | 00214.00029 | DH.TMIK.M |
|---|---|---|
| ویلایەتی موسڵی پایەبەرز<br>فرقەکانی شاتری و گەڵاڵی سەر بە عەشیرەتی جافی قەزای سەڵاحیە بیرۆکەی ئەوەیان هەیە لە قورەتووی ئێران کۆببنەوە، هەروەها لەگەڵ کۆمەڵەی کەریم خان حاکمی قورەتو و عەلی خانی برای بە خۆشحاڵی وەرگیراون، بە ئاماژەی قۆماندانی سنوور و قائیمقامی خانەقین لە ویلایەتی بەغداد ڕاگەیەندراوە، بۆ ئەوەی لە نێوان عەشیرەتەکانی هەردوولا گرژی و ناکۆکی لە سەر سنوور دروست نەبێت، لە قۆمیسیۆن ڕاگەیەندراوە ئامادەکاری پێویست بکرێت و لە کاتی سەرهەڵدانی هەر ڕووداوێك زانیاری ڕەوان بکرێت. | | |


İ.DH.01477


<table dir="rtl">
<tr><th>İ.DH</th><th>01477.000051</th><th>25 رەمەزان 1327 (10 تشرینی یەکەم 1909)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>قەڵەمی ئەنجوومەنی بریکاران و راگەیەندراوان<br>١٦٩٤<br>جەنابی بەرێزی ئەفەندم<br>لەسەر داواکاری محەمەد عەلی بەگ قائیمقامی حللە و محەمەد نیهاد بەگ قائیمقامی قەزای سەڵاحیە لە ویلایەتی بەغداد کۆتایی بە کارەکە هاتووە، لە بارەی گۆرینەوەی ئەرکەکانیان نووسراوی نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار هاوپێچ راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، بە راگەیاندنی نووسراو کرا ئەفەندم.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>




DH.MKT.02741.00030.002


هەواڵنامەی کتێب

| DH.MKT | 02741.00030 | 28 موحەررەم 1327 (19 شوبات 1909) |
| --- | --- | --- |
| ویلایەتی موسڵ<br>لـە دامەزرانـدن و مووچـەی ٦ مانگـی ئەفسـەرانی تابـوری رەدیفـی سـەڵاحیە دەسـتکاری هەبـووە، بـۆ ئـەوەی دووچـاری تەنگانـە نەبنـەوە، لـە قـەزاکان بـرە پـارەی رێکخـراو و لـە ویلایـەت بـە زانایـی نیزامیـە رێـك بخرێـت و خـەرج بکرێـت، لەسـەر ئامـاژەی سـەرۆکایەتی ئەنجوومەنـی ئەعیانـی شـکۆدار ئـاگاداری رابگەیەندرێـت. | | |



DH.MKT.02891.00088.001

<table>
<tr><td>DH.MKT</td><td>02891.00088</td><td>17 رەجەب 1327 (4 ئۆغستۆس 1909)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ویلایەتی موسڵ<br>محەمـەد عەلـی بـەگ قائیمقامـی پێشـووی سـەڵاحیە لـە سـاڵی ١٣١٩ ەوە مووچـەی کۆکـراوەی داوا کـردووە، لـە دەفتـەری قـەرزی نارێکخـراو تۆمـار کـراوە.</td></tr>
</table>




هەواڵنامەی کتێب

DH.MKT.02894.00022.001


| 17 رەجەب 1327 (4 ئۆغستۆس 1909) | 02894.00022 | DH.MKT |
|---|---|---|

بابی عالی
فەرمانگەی کاروباری ناوەخۆ
قەڵەمی مەکتوب
شیفرەی وەرگیراوی ویلایەتی موسڵ
جەنابی مستەر لۆن باڵیۆزی ئینگلتەرا لە موسڵ هاتۆتە قەزای سەڵاحیەی سەر بە کەرکووک، نیازی وایە لەوێ بە ڕێگەی سەرگمە بچێتە سلێمانی، هەروەها چاودێری چەتەکانی هەمەوەند کراوە، لەم ماوەیەدا بە ڕێگای دیاری کراو بڕوات مەغدور دەبێت، پرس بە قوماندانی فرقەی ١٢ کراوە، هەروەها بە قوماندانیەتی ناوهاتوو ڕاگەیەندراوە، کە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بە ناوبراو بوترێت و بۆی ڕوون بکرێتەوە، بەڵام ئەگەر پێداگری بکات ئەوا ئەم هێزەی لە ناوچەکەیە پارێزگاری لێ بکات، زانیاری ڕاگەیەندراوە.
ڕەشید والی موسڵ




| BEO | 003496.262127 | 28 موحەررەم 1327 (19 شوبات 1909) |
|---|---|---|

نەزارەتی دارایی پایەبەرز
بەهـۆی وەرنەگرتنـی مووچـە، ئەفسـەرانی تابـوری رەدیفـی سـەڵاحیە تووشـی تەنگانەیـی بوونەتـەوە و تەلەگرافنامەیـان بـۆ نەزارەتـی جەنگـی شـكۆدار رەوان كـردووە، قوماندانیەتـی موسـڵیش گفتوگـۆی لەسـەر كـردووە، دەركەوتـووە ئەفسـەران بەهـۆی وەرنەگرتنـی مووچەكەیـان تووشـی تەنگانەیـی بوونەتـەوە، گەیشـتونەتە ئاسـتێك پارێـزگاری لـە شـەرەفی سـەربازی ناكـەن، لـە مێـژووی ٢٤ موحـەررەم ١٣٢٧ ژمـارە ٢٥١٤ نـووسراوی نەزارەتـی جەنگـی شـكۆدار نێـردراوە، بـە تێروانیـن لـە ئاماژەكـە هیممـەت بكرێـت لـە جێبەجـێ كردنـی، هەروەهـا رابگەیەندرێـت و رەوان بكرێتـەوە.




هەواڵنامەی کتێب

| BEO | 003499.262422 | 3 سەفەر 1327 (24 شوبات 1909) |
|---|---|---|
| نەزارەتی دارایی پایەبەرز<br>هاوپێچـی نـووسراوی ٢٩ موحـەررەم ١٣٢٧، بـۆ ئـەوەی بەپەلـە دەرماڵـەی کۆکراوەکەیـان خـەرج بکرێـت، راغـب ئەفەنـدی ئاغـای قولـی تابـوری یەکەمـی سـەڵاحیەی ئـاڵای ٩٢ی رەدیـف و ٥ لـە هاوەڵانـی بـە واژووی خۆیـان تەلەگرافنامەیـان نـاردووە، بـە ئاماژەی قوماندانیەتـی موسـڵ نـووسراو لـە نەزارەتـی جەنگـی شـکۆدار کـراوە، لـە سـەرۆکایەتی دەسـتەی ئەعیانیـش نـووسراوی ژمـارە ٢٥ ی ١ سـەفەر ١٣٢٧ هاوپێـچ نێـردراوە، بـە تێروانیـن لـە ئاماژەی پێشـوو بەپەلـە کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت و هیممـەت بکرێـت لـە ناردنـەوەی هاوپێچەکـە. | | |




| BEO | 003506.262946 | 15 سەفەر 1327 (8 مارت 1909) |
|---|---|---|

نەزارەتی دارایی پایەبەرز
هاوپێچـی نـووسراوی ١٤ شـوبات ١٣٢٤، لـە بـارەی ڕێكخسـتنی دەرماڵـەی كۆكـراوە، ئـەم فەرمانانـەی كـە دراوە گوێرایەڵـی نەبـوون و لـە سەردانەكانیشـیان هیـچ ئەنجامێـك دەسـت نەكەوتـووە، بـۆ ئـەوەی كۆتایـی بـە تەنگانەییـان بێـت، داواكاریـەكان دراوەتـە هۆبـەی سـەڵاحیە، تەلەگرافنامـەی ئاغـای قولـی تابـوری یەكەمـی ئـاڵای ٩٢ی ڕەدیـف لەگـەڵ ٥ هاوەڵـی ڕەوان كـراوە، وێنەیەكـی بـەرز كراوەتـەوە و نـووسراوی سـەرۆكایەتی دەسـتەی ئەعیـان لـە ١٣ سـەفەر ١٣٢٧ ژمـارە ٣٥ بـەرز كراوەتـەوە، بـە گوێـرەی ئامـاژەی پێشـوو هیممـەت بكرێـت لـە جێبەجـێ كـردن و ناردنـەوەی نووسراوەكـە.




BEO.003517.263718.001



BEO.003517.263718.002

| BEO | 003517.263718 | 25 سەفەر 1327 (18 مارت 1909) |
| --- | --- | --- |
| نووسراو بۆ نەزارەتی جەنگی شکۆدار<br>وەڵامـی نـووسراوی مێـژووی ٣ شـوبات ١٣٢٤ ژمـارە ٢٥١٤، دەرماڵـەی ئەفسـەرانی تابـوری رەدیفـی سـەڵاحیە دابیـن بکرێـت و رێگـە نەدرێـت تووشـی تەنگانەیـی ببنـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لـە ٢٢ شـوبات ٣٢٤ نـووسراو بـۆ ویلایەتـی موسـڵ کـراوە، بـە گفتوگـۆ لـە نەزارەتـی دارایی شـکۆدار وەڵام دراوەتـەوە، بـە راگەیاندنی نـووسراو بکرێت. | | |


| BEO | 003517.263718 | 24 سەفەر 1327 (17 مارت 1909) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتی کاروباری دارایی<br>خەرجی ژمێریاری<br>٢٩<br>راگەیەندراوی بەندەمانە<br>ئەفسـەرانی تابـوری رەدیفـی سـەڵاحیە بەهـۆی وەرنەگرتنـی مووچەکانیـان، لـە بارودۆخێکـن ناتوانـن شـەرەفی سـەربازیەتیان بپارێـزن، نـووسراو لـە نەزارەتـی جەنگـی شـکۆدار پێشـکەش کـراوە، لەگـەڵ نـووسراوی سـەرۆکایەتی دەسـتەی ئەعیانـی شـکۆدار هاوپێـچ رەوان کـراوە، هەروەهـا لـە مێژووەکانـی ٨ و ١٤ شـوبات ١٣٢٤ ژمـارە ٣٥٨٠ و ٣٦٣٧ دوو پارچـە نـووسراوی سـەدری ئەعزەمـی جەنابـی پەیوەندیـداری سـەدارەت ئامـاژەی پێکـراوە، دەرماڵـەی ئەفسـەرانی ناوبـراو بدرێـت و رێگـە نەدرێـت دووچـاری تەنگانەیـی ببنـەوە، پێشـەکی نـووسراوی ٢٢ شـوباتی هەمـان سـاڵ بـۆ ویلایەتـی موسـڵ نووسراوەتـەوە، لـە خەرجـی ژمێریـاری بـاس کـراوە و هاوپێـچ رەوان کـراوە و نێردراوەتـەوە، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە بریـاری بـە دەسـتەوەیە.<br>نازری دارایی | | |




هەواڵنامەی کتێب

| BEO | 003527.264499 | 10 ڕەبیعی یەکەم 1327 (1 نیسان 1909) |
|---|---|---|

نەزارەتی دارایی پایەبەرز
لەبەر ئـەوەی دەرماڵـەی ئەفسـەرانی تابـوری ڕەدیفـی سـەڵاحیە ڕێکنەخـراوە و خـەرج نەکـراوە، سـکاڵاکان بـەرز بوونەتـەوە، چ تابـوری ناوبـراو چ ئـەم پارچانـەی کـە پەیوەسـتن بـە فرقەکانـی ڕەدیفـی کەرکـووك و موسـڵ لـە نـاو تەنگانەیـی و نەبوونیـن، هەروەهـا زۆربـەی فەرمانبەرانـی ویلایـەت مووچـەی کانوونـی دووەمیـان وەرگرتـووە، بـەڵام لـە لایەنـی سـەربازی بێبـەش بوونـە، بـۆ ئـەوەی کێشـەکە چارەسـەر بکرێـت ئـاگاداری دراوەتـە نەزارەتـەکان، لـە ئەنجوومەنـی نێـردراوان نـووسراوی ١٨ مـارت ١٣١٧ ژمـارە ٢٥٣ ڕەوان کـراوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی و ناردنـەوەی هاوپێچـەکان.




| BEO | 003648.273598 | 27 رەمەزان 1327 (12 تشرينى يەكەم 1909) |
|---|---|---|
| نەزارەتى ناوەخۆى پايەبەرز<br>محەمـەد عەلـى بـەگ قائيمقامـى قـەزاى حللـە و محەمـەد نيهـاد بـەگ قائيمقامـى قـەزاى سـەڵاحيە گۆرينەوەيـان پێكـراوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لەسـەر نـووسراوى ژمـارە ٢٧٠٨ ى ٢٤ ئەيلـوول ١٣٢٥ لـە مێـژووى ٢٨ ئەيلـوول ١٣٢٥ بـە فەرمانـى پاشـاى جەنابـى پاشـا رەزامەنـدى نيشـان داوە، هيممـەت بكرێـت لـە جێبەجـێ كردنـى. | | |




| BEO | 003649.273656 | 2 شەوال 1327 (17 تشرینی یەکەم 1909) |
| --- | --- | --- |

نەزارەتی راوێژکاری دارایی
تابـوری ١٢ی نیشـانچی سـەر سـنووری ئێـران لەگـەڵ تابـوری رەدیفـی دەلیم کـە رەوانی سـەڵاحیە کـراوە، دەرماڵەیان رێکنەخـراوە، بۆیـە لـەلای هەندێـك ئەندامانـی تابـورەکان دەسـت بـە کاری سـەرپێچی کـراوە، هەروەهـا قوماندانـی لەشـکری شەشـەم ئامـاژەی پێکـردووە کـە دەرماڵـەی ئـەم تابورانـە لـە داهاتـی موسـڵ رێکخـراوە، نووسراویـش بـۆ دەفتـەرداری موسـڵ کـراوە کـە هەرچـی زووە ئـەم دەرماڵەیـە بدرێـت، ئـەم نـووسراوەی ئێسـتا لـە وەکالەتـی نەزارەتـی جەنگـی وەرگیـراوە، دەرکەوتـووە داواکـراوە، بۆیـە هەرچـی زووە ئـەم دەرماڵەیـە بدرێت و خـەرج بکرێت.




| BEO | 003653.273933 | 11 شەوال 1327 (26 تشرینی یەكەم 1909) |
| --- | --- | --- |


وەكالەتی نەزارەتی جەنگی پایەبەرز
دوو تابـوری سـەربازی عوسـمانی سـەر سـنووری ئێـران لـە جەژنـدا مووچـە و جەژنانەیـان وەرنەگرتـووە، بۆیـە دوكان و فرۆشـگایەكانی سـەڵاحیەیان تـاڵان كـردووە، هەروەهـا خەریكـە دەسـت بەسـەر لەشـكری چوارەمـی سـەربازی دابگـرن، ئـەم راگەیەنـدراوەی لـە ٢١ تشرینـی یەكـەم ١٩٠٩ بـە تەلەگرافنامـە ئامـاژەی پێكـراوە، كۆپیەیەكـی لـە دەرسـەعادەتە، بـە پەلـە لێكۆڵینـەوە لـەم بابەتـە بكرێـت، بـۆ ئەمـەش لـە فەرمانگـەی سـەربازی زانیـاری و تەلەگـراف وەردەگیرێـت، بـە گوێـرەی وەڵامەكـە دەسـت بـە كار بكرێـت.



هەواڵنامەی کتێب

| DH.MUİ | 00073.1.00030 | 1 ڕەبیعی یەکەم 1328 (13 مارت 1910) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتی دەفتەرخاقانی شکۆدار<br>بەهـۆی مەغـدور بوونیـان، داواکاری بـە واژوو لەلایـەن حوسـێن سری کاتیبـی پێشـووی تاپـۆ بـۆ سـەرۆکایەتی ئەنجوومەنـی نێردراوانـی شـکۆدار بـەرز کراوەتـەوە و لـە ١٠ شـوبات ١٣٢٥ بـۆ سـەروو بـەرز کراوەتـەوە، دوای نووسـینەوەی پەراوێـز بـە پەلـە ڕەوان بکرێتـەوە. | | |





| 26 سەفەر 1329 (26 شوبات 1911) | 00018.1.00051 | DH.İD |
|---|---|---|


ویلایەتی موسڵی شکۆدار
پێویستە لە قەزاکانی رواندز و کۆی سانجەق و رانیە و سەڵاحیەی سەر بە سانجەقی کەرکوک پزیشك دابمەزرێت، لە داواکاری گشتی ئیستینافی ویلایەت ئاماژەی پێکراوە و لە نەزارەتی دادی شکۆدار نوسراوی بۆ کراوە، بۆ چۆنیەتی کارەکەش نوسراو بۆ ئەنجوومەنی پزیشکی مولکیە و سەرۆکایەتی گشتی تەندروستی کراوە، لەم وەڵامەی کە وەردەگیرێت کارەکە جێبەجێ دەکرێت، بەڵام حاڵی حازر لە تواناداا نییە پزیشك بۆ ئەم قەزایانە بنێردرێت.

نەزارەتی دادی شکۆدار
وەڵامی نووسراوی ٢٧ کانوونی دووەم ١٣٢٦ ژمارە ٤٦٥ی پەیوەندیداری نەزارەتە، بۆ پزیشکانی قەزاکانی کۆی سانجەق و رواندز و رانیە و سەڵاحیەی سەر بە سانجەقی کەرکووك، لە سەرۆکایەتی تەندروستی گشتی و ئەنجوومەنی پزیشکی مولکیە راگەیەندراوە و وەڵام هاتووە کە حاڵی حازر لە تواناادا نییە پزیشك بۆ ئەم قەزایانە دابمەزرێن و رەوان بکرێت.

هەولێرنامەی کتێب

| 20 سەفەر 1329 (20 شوبات 1911) | 00018.1.00051 | DH.İD |
|---|---|---|


نەزارەتی کاروباری پزیشکی مولکیە و تەندروستی گشتی
قەڵەمی تەحریرات
ژمارە ٩٥٩
نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
جەنابی نازر بەگی ئەفەندی
وەڵامی نووسراوی ٢٣ کانوونی یەکەم ١٣٢٦ ژمارە ٤٦٥ کە لە نەزارەتی دادی شکۆدار رێکخراوە و بەرز کراوەتەوە. ئەگەرچی قەزاکانی رواندز و کۆی سانجەق و رانیە و سەڵاحیە سەر بە سانجەقی کەرکوك پزیشکیان نییە، بەڵام پزیشك دەست نەکەوتووە تا خزمەت بکەن، بۆیە حاڵی حازر دامەزراندن و ناردنیان ئەستەمە و گونجاو نییە، ئەم زانیارییە لە ئەنجوومەن بە سەروو راگەیەندراوە، بە نووسراوی هاوپێچ پێشکەش کراوە جەنابی ئەفەندم.
بریکاری سەرۆکی ئەنجوومەنی پزیشکی مولکیە و تەندروستی گشتی





ML.EEM.01107.00002.004

| ML.EEM | 01107.00002 | 29 شەوال 1329 (23 تشرینی یەکەم 1911) |
| --- | --- | --- |

دەفتەرداری ویلایەتی موسڵ
ژمارە ٥٤١٦ گشتی
٦٦١ تایبەتی
بۆ لایەنی عالی نەزارەتی دارایی شکۆدار
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
لە مولکی میری بۆ هەر یەکە لە یاریدەدەری قەرەتەپە و توزخورماتو کاتبێك بە مووچەی ٣٠٠ قوروش کە هۆبەی سەڵاحیەشی لەگەڵ دایە، هەروەها بۆ هەر یەکەیان ٣ نەفەر قۆڵچی بە مووچەی ٢٥٠ قوروش دابمەزرێت، بۆ ئەم مەبەستە نووسراوی یاریدەدەری قەرەتەپە و توزخورماتو لەگەڵ فەرمانبەرانی تۆماری سەڵاحیە و وێنەی پەراوێزی بەرێوەبەرایەتی کارگێری ئەملاکی موسڵ راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، جێبەجێ کردنی گەراوەتەوە بۆ پەیوەندیداری نەزارەت، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە بریاری بەدەستەوەیە.
دەفتەرداری موسڵ محەمەد موختار





<table dir="rtl">
<tr><td>İ.DH</td><td>01486.000030</td><td>5 سەفەر 1329 (5 شوبات 1911)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>فەرمانگەی سەدارەت<br>قەڵەمی ئەنجوومەنی بریکاران و راگەیەندراوان<br>٤٢٣٦<br>بە ئاماژەی ویلایەتی ناوهاتوو، قائیمقامەکانی قەزای هەولێر و سەڵاحیەی سەر بە ویلایەتی موسڵ عاسم بەگ و محەمەد عەلی بەگ گۆرینەوەیان پێ دەکرێت، نووسراوی نەزارەتی ناوخۆی شکۆدار و بریارنامە راگەیەندراوە و پێشکەش کراوە، جەنابی پاشا بە فەرمانی پاشا چ بفەرمووێت جێبەجێ دەکرێت، بە راگەیاندنی نووسراو کراوە ئەفەندم.<br>سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>




| BEO | 003855.289064 | 8 سەفەر 1329 (8 شوبات 1911) |
|---|---|---|

نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
بـە ئامـاژەی ویلایەتـی موسـڵ قائیمقامەکانـی قـەزای هەولێـر و سـەڵاحیە عاسـم بـەگ و محەمـەد عەلـی بـەگ گۆرینەوەیـان پـێ دەکرێـت، لەسـەر نـووسراوی ژمـارە ٢٥٥٠ ی ٢٢ کانوونـی یەکـەم ١٣٢٦، فەرمانـی پاشـا لـە ٢٥ کانوونـی دووەم ١٣٢٦ دەرچـووە و رەزامەنـدی نیشـان داوە، لـەم بارەیـەوە وێنـەی بریارنامـەی پەسـەند کـراو هاوپێـچ بـەرز کراوەتـەوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.



| DH.MEM | 00077.00009 | 22 رەبیعی یەکەم 1330 (11 مارت 1912) |
|---|---|---|

قائیمقامیەتی‌سەڵاحیە
زۆر گوند لە قەزای هەولێر سەر بە سانجەقی کەرکووک کە قیمەتەکەیان دەگاتە ١٠٠ تا ٢٠٠ هەزار لیرە، ساڵانێکی زۆرە لە ژێر دەستی کەسانێکە بۆ خۆیان قۆرخیان کردووە، بەڵام ئێستا بێ خاوەنە، لە لایەن عەلی سەیدی بەگ سەرپەرشتیارانی مولکیە خوێندنەوەی بۆ کراوە و زانیاری دراوە، بەم ئاماژەوە بە ووتەی بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران داواکراوە.





DH.İD.00081.2.00028.002


| DH.İD | 00081.2.00028 | 21 رەبیعی کۆتایی 1330 (9 نیسان 1912) |
| --- | --- | --- |

نەزارەتی پۆستە و تەلەگراف و تەلەفۆن
قەڵەمی تەحریرات
ژمارە ٣٢
وەکالەتی نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم

تۆفیـق ئەفەنـدی بەڕێوەبـەری ناحیـەی توزخورماتـو بەهـۆی سـەرپێچی مەرجەعـی، بـە نـووسراو پۆسـتە بـۆ موتەسـەرف و نیابەتـی شـەرعیە نێـردراوە، هەروەهـا بـە فەرمـی بـۆ قائیمقامیەتـی سـەڵاحیە ڕۆیشـتووە و وێنەکانـی پێشـکەش کـراوە، کرێـی ئـەم چـوار تەلەگرافنامـە ١٢٣ قوروشـی کـردووە، لـە ئەنجوومەنـی بریـکارەکان بریـاری لەسـەر دراوە، لـە بەڕێوەبـەری ناوهاتـوو دوای وەرگرتنـی بـڕە پارەکـە بدرێتـە مەرکـەزی تەلەگرافـی خۆچێـی، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بـە دەسـتەوەیە.
نازری پۆستە و تەلەگراف و تەلەفۆن



| 22 شەعبان 1330 (6 ئۆغستۆس 1912) | 00098.00001 | DH.MEM |
|---|---|---|
| ويلايەتى موسڵ<br>وەڵامــى نــوسراوى ٢٥ حوزەيــران ١٣٢٨ ژمــارە ١١٠ ى عاليــە، روون بۆتــەوە زەكــى ئەلخەتيــب ئەفەنــدى قائيمقامــى قــەزاى ســەڵاحيە بەهــۆى شــەرەوە لــە ئەركەكــەى دەســتى لــە كار كێشــاوەتەوە، ئــەم كارەش گونجــاو نييــە، بــە بەرێوەبەرايەتــى فەرمانبــەران راگەيەنــدراوە. | | |





ML.EEM.00917.00020.002

| | | |
|---|---|---|
| ML.EEM | 00917.00020 | 3 رەجەب 1330 (18 حوزەیران 1912) |

بۆ دەفتەرداری موسڵ

وەڵامـی نـووسراوی ٧ مایـس ١٣٢٨ ژمـارە ١٨٥٨/٣١٤ی پایەبـەرزە، عەبدولـڕەزاق ئەفەنـدی یاریـدەدەری توزخورماتـو سـەر بـە هۆبـەی ئەملاکـی سـەڵاحیە، لـە ١٣٢٧ کانوونـی یەکـەم کـە یاریـدەدەری قەرەتەپـە بـووە، بـە ئـەرك چۆتـە دەرەوە و ڕۆژانـەی بـۆ هەژمـار کـراوە، مافـی خۆیەتـی ڕۆژانەکـەی پـێ بدرێـت بـە دەسـتەواژەی ٢٤ و ٣٨ یاسـای نیزامیـە خـەرج بکرێـت، بـۆ ڕێکخسـتنی رادەگەیەندرێـت ئەفەنـدم.



İ.DH.01493


هەواڵنامەی کتێب

| İ.DH | 01493.00019 | 15 جەمادی یەکەم 1330 (2 مایس 1912) |
|---|---|---|


بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی قەڵەمی فەرمانبەران
ژمارە ٤٨٢
فەرمانی پاشا
لە ناو ویلایەتی موسڵ زەکی ئەفەندی و عاسم ئەفەندی قائیمقامەکانی سنجار و سەڵاحیە گۆڕینەوەیان پێ کراوە.

بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا نەزارەتی ناوەخۆ ئەرکی پێدراوە، لە ١٥ جەمادی یەکەم ١٣٣٠ و ١٩ نیسان ١٣٢٨.

وەکیلی نازری ناوەخۆ سەدری ئەعزەم


OSMANLI ARŞİVİ
BEO

| BEO | 004035.302567 | 17 جەمادی یەکەم 1330 (4 مایس 1912) |
|---|---|---|
| بریکاری نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>لە بارەی گواستنەوەی ئەرکی قائیمقامەکانی سنجار و سەڵاحیە زەکی ئەفەندی و عاسم ئەفەندی، نووسراو لە ١٧ نیسان ١٣٢٨ ژمارە ٤٢٠ ڕێکخراوە، لیستی فەرمانی پاشا بە واژووی هومایۆنی جەنابی پاشا دەرچووە و پەسەند کردنەکەی ڕاگەیاندووە، وێنەی پەسەند کراویشی بۆ واڵا بەرز کراوەتەوە، هیممەت بکرێت لە جێبەجێ کردنی. | | |




هەواڵنامەی کتێب


| BEO | 004045.303335 | 10 جەمادی کۆتایی 1330 (27 مایس 1912) |
| --- | --- | --- |

وەکالەتی نەزارەتی دارایی شکۆدار
پێنـج سـاڵ لەمەوبـەر فرقەکانـی هارونـی و بەراغـی و سـاداتی سـەر بـە عەشـیرەتی جـاف کـە لـە پاشـکۆکانی سـانجەقی سـلێمانین، چوونەتـە ناحیـەی زەهـاوی سـەر بـە ئێـران، لەبـەر ئـەوەی هەندێـك لەمانـە هاووڵاتـی عوسـمانین، ئەگـەر لـە تەکالیفـی میـری ببوردرێـن ئـەوا هـۆکار دەبێـت بـۆ گەرانەوەیـان، لەلایـەن سـەید سـاڵح ڕۆژ ئەفەنـدی پۆسـت نشـینی گونـدی یاوەنـوری سـەر بـە قـەزای سـەڵاحیەی سـلێمانی تەلەگرافنامـە دەرچـووە و بـۆ عالـی ڕەوان کـراوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.

لەگـەڵ تەلەگرافنامـەی ناوبـراو تەلەگرافنامەکـەی تریـش بـۆ ئاوقـاف ڕەوان کـراوە، لەگـەڵ ئـەوەی پەیوەسـتە بـە دارایـی، کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت.




| DH.SYS | 00026.00004 | 16 ڕەبیعی یەکەم 1331 (23 شوبات 1913) |
|---|---|---|
| ویلایەتی موسڵ<br>لە سەڵاحیە بە کوشتنی فەرمانبەرانی ئەملاکی خولاوە، بە بێ ئامادە بوون لە دادگای ماردین دادگایی کراوە، بەڵام شێخ مەحمود ئەفەندی هەڵاتووە و لەبەر مافی گشتی چاودێری یاسایی دوانەکەوێت، بە بڕیاری ئەنجوومەنی بریکارەکان ئاگاداری دراوەتە نەزارەتی داد، بە گوێرەی ئەمە جێبەجێ بکرێت. | | |




هەواڵنامەی کتێب

DH.ŞFR.00052.00316.001


<table>
<tr><th>DH.ŞFR</th><th>00052.00316</th><th>26 جەمادی کۆتایی 1333 (11 مایس 1915)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیەتی گشتی<br>ویلایەتی بەسرا<br>نووسەری خانەی پاراستنی سەڵاحیە غوالدیەری ئەفەندی هاونیشتیمانی ئیتاڵیا هاتۆتە دەرسەعادەت بە پروپاگەندەی خۆی لەلایەن حکوومەتەوە لە بەسرا بە دیل گیراوە، هیچ هەواڵێکی لەم جۆرەش نەهاتۆتە ویلایەت، هەروەها فەرمانبەرانی کەرەنتینە لە بەسرا درەنگ بەرێکەوتوون هۆکارەکەی لە نەزارەتی تەندروستی روون نەکراوەتەوە، بە تەلەگراف رابگەیەندرێت.<br>نازر</td></tr>
</table>



DH.MTV.00062.2.00032.004

| DH.MTV | 00062.2.00032 | 16 شەوال 1331 (18 ئەیلوول 1913) |
|---|---|---|


نائیبی فەتوا
فەرمانگەی مەشیخەتی ئیسلامی
قەڵەمی تەحریرات
ژمارە ٧٥
نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم
بـە ووتـەی هۆبـەی دووی فەرمانگـەی هەواڵگـری گشـتی، وەڵامـی نـووسراوی ٥ شـەوال ١٣٣١ ژمـارە ٨٣٨٥ گشـتی و ٩٠ تایبەتـی نێـردراوە، لـە مێـژووی ١٥ تەممـوز ١٣٢٩ ئەحمـەد راسـم ئەفەنـدی نائیبـی پێشـووی قـەزای مجـوە لـە قـەزای سـەڵاحیە دادەمەزرێـت، ئـەم بابەتـە بـۆ ویلایەتـی موسـڵ نێـردراوە و ئـەم ئاماژەیـەش لـە بەرێوەبەرایەتـی قەڵەمـی فەرمانبـەران گفتوگـۆی لەسـەرکراوە و نـووسراوی بـۆ کـراوە.
شێخولئیسلام........



هەواڵنامەی کتێب


| MV | 00174.00054 | 11 رەبیعی یەکەم 1331 (18 شوبات 1913) |
| --- | --- | --- |

پوختەی بابەتەکە
نووسراوی ٣ شوباتی ناوەخۆ خوێندنەوەی بۆ کراوە.
بریار
بەهـۆی کوشـتنی فەرمانبەرانـی ئەملاکـی خـولاوە، بـە بـێ ئامـادە بـوون لـە دادگای ماردیـن ٣ سـاڵ زیندانـی بەسـەر سـەپێنراوە، ئێسـتا هەڵاتـووە و لەلایەنـی سـلێمانی و ئێـران لـە نێـوان سـەیدەکاندا خاوەنـی دەسـەڵاتە، سـەبارەت بـە لێبووردنـی شـێخ مەحمـود ئەفەنـدی لـە موتەسـەرفی سـلێمانی تەنیـا لـە مافـی گشـتی چاودێـری یاسـایی ئەنجـام بدرێـت، دواکەوتنیشـی بـە گونجـاو زانـراوە، بـۆ جێبەجـێ کردنـی بـە نـووسراو زانیـاری بـۆ نەزارەتـی داد و نەزارەتـی ناوەخـۆ نێـردراوە.



İ.HR.00431.00014.005

<table>
<tr><th>23 جەمادی یەکەم 1331 (30 نیسان 1913)</th><th>00431.00014</th><th>İ.HR</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>نەزارەتی دەرەوە<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری سیاسی<br>ژمارە ٣٥٢<br>فەرمانی پاشا<br>لـە ویلایەتـی موسـڵ مۆڵـەت دراوە حکوومەتـی ئێـران لـە سـەڵاحیە وەکالەتێکـی کارگـوزار بکاتـەوە.<br><br>بـۆ جێبەجـێ کردنـی ئـەم فەرمانـە نەزارەتـی دەرەوە ئەرکـی پێـدراوە.<br>نازری دەرەوە و سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>




İ.DH. 01498

هەواڵنامەی کتێب

| İ.DH | 01498.000028 | 20 رەبیعی کۆتایی 1331 (29 مارت 1913) |
| --- | --- | --- |


بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی قەڵەمی فەرمانبەران
٨٧
فەرمانی پاشا
عەلـی نیـازی ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای زاخـۆ دەگوازرێتـەوە بـۆ قائیمقامیەتـی سـەڵاحیە، زەکـی ئەفەنـدی قائیمقامـی سـەڵاحیەش بـۆ قائیمقامیەتـی سـنجار و عاسـم ئەفەنـدی قائیمقامـی سـنجاریش بـۆ قائیمقامیەتـی زاخـۆ گوازراونەتـەوە.

بـۆ جێبەجـێ کردنـی ئـەم کارە نەزارەتـی ناوەخـۆ ئەرکـی پێـدراوە، ٢٠ رەبیعـی کۆتایـی ١٣٣١ و ١٦ مـارت ١٣٢٩.
سەدری ئەعزەم نازری ناوەخۆ




BEO.004159.311873.001


<table>
<tr><td>BEO</td><td>004159.311873</td><td>21 ڕەبیعی کۆتایی 1331 (30 مارت 1913)</td></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>عەلـی نیـازی ئەفەنـدی قائیمقامـی قـەزای زاخـۆ بـۆ قائیمقامیەتـی سـەڵاحیە گوازراوەتـەوە، قائیمقامـی سـەڵاحیەش زەکـی ئەفەنـدی لـە قائیمقامیەتـی سـنجار و عاسـم ئەفەنـدی قائیمقامـی سـنجاریش لـە قائیمقامیەتـی زاخـۆ گۆڕینەوەیـان پـێ بکرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە ١٣ مـارت ١٣٢٩ نـووسراو ڕێکخـراوە و نێـردراوە، لیسـتی فەرمانـی پاشـا بـە واژووی جەنابـی پاشـا پەسـەند کـراوە، وێنـەی پەسـەندکراوی ڕەوان کـراوە.</td></tr>
</table>



| BEO | 004169.312612 | 24 جەمادی کۆتایی 1331 (31 مایس 1913) |
| --- | --- | --- |
| نەزارەتی دەرەوەی شکۆدار<br>بـۆ وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی و بـۆ ئـەوەی ڕێگـە بدرێت لە سـەڵاحیەی سـەر بە ویلایەتی موسـڵ بە وەکالەت شـوێنێکی کارگـوزاری ئێرانـی بکرێتـەوە، لـە ١٥ نیسـان ١٣٢٩ نـووسراوی ژمـارە ١٧٦ لەگـەڵ لیسـتی فەرمانـی پاشا بـە واژووی هومایۆنـی جەنابـی پاشا پەسـەند کـراوە، وێنـەی پەسـەند کـراوی نێـردراوە و هیممـەت بکرێت لە جێبەجـێ کردنی. | | |




| BEO | 004203.315214 | 3 رەمەزان 1331 (6 ئۆغستۆس 1913) |
|---|---|---|
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>بەهـۆی ئـەم سـکاڵایانەی لەسـەر موتەسـەرفی سـلێمانی هەیـە، لەلایـەن سـەرۆکی عەشـیرەتی جـاف مەحمـود پاشـا تەلەگرافنامـە لـە مەرکـەزی سـەڵاحیە رەوان کـراوە، هاوپێـچ بـۆ سـەروو رەوان کـراوە، لـە نـوسراوەکان روون بۆتـەوە کـە مەحمـود پاشـا لەلایـەن ئێـران هـان دەدرێـت و جولـەی پـێ دەکرێـت، کەچـی مەیلـی بـۆ ناچێـت، دڵسـۆزی خـۆی بـۆ دەوڵـەت نیشـان داوە، بـەم تێروانینـە رێگـە بـە هەڵچوونـی نەدرێـت، لـە تەلەگرافنامـەی باسـکراو لێکۆڵینـەوە بکرێـت و بـە گوێـرەی لێکۆڵینەوەکـە هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی. | | |



ML.EEM.01106.00022.007

هەواڵنامەی کتێب

| 27 شەوال 1332 (18 ئەیلوول 1914) | 01106.00022 | **ML.EEM** |
| --- | --- | --- |
| ویلایەتی موسڵ<br>قەڵەمی مەکتوب<br>١٢٥٠ تایبەتی<br>نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>داهاتـی زسـتانەی ئـەم سـاڵی گوندەکانـی هۆبـەی ئەملاکـی سـەڵاحیە، بەهـۆی هێرشـی کوللـەوە زیانـی پێگەیشـتووە، زیانەکانـی لـە هۆبـەی ناوهاتـوو ئامـاژەی پێکـراوە و دەفتـەر لـە ژمێریـاری ویلایـەت ڕەوان کـراوە، وێنـەی دەفتەرەکـە بـە ووتـەی ئەنجوومەنـی کارگێـری ویلایـەت پێشـکەش کـراوە، لـەم بابەتـەدا بریـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە.<br>والی موسڵ | | |




ML.EEM.01106.00026.003

<table>
<tr><th>ML.EEM</th><th>01106.00026</th><th>12 شەوال 1332 (3 ئەیلوول 1914)</th></tr>
<tr><td colspan="3">خەزینەی تایبەتی شاهانە<br>ژمارە ۱۱۳<br>نەزارەتی دارایی شکۆدار<br>جەنابی پایەبەرزی ئەفەندم<br>وەڵامـی نـووسراوی ٢٢ تەممـوز ١٣٣٠ و ژمـارە ٢٩٩٧-٢٤ی بەڕێوەبەرایەتـی ئەملاکـی میـری قەڵەمـی دووەمـی پەیوەندیـداری نەزارەتـە، مسـتەفا ئەفەنـدی کاتیبـی یەکەمـی هۆبـەی سـەڵاحیە مـردووە، خشـتەی خزمەتـی ڕێکخـراوە و هاوپێـچ بـەرز کراوەتـەوە، لـەم بابەتـەدا بڕیـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بـە دەسـتەوەیە.<br>بەڕێوەبەری گشتی خەزینەی تایبەت</td></tr>
</table>



ML.EEM.01123

<table>
<tr><th>ML.EEM</th><th>01123.00010</th><th>24 سەفەر 1332 (22 کانوونی دووەم 1914)</th></tr>
<tr><td colspan="3">نەزارەتی دارایی<br>قورووش ۳۰۰۰/ بەش ۵۹/ بابەت ۲/ ساڵ ۱۳۲۹/ پارەی ویلایەتی موسڵ<br>بـۆ خاوێنکردنـەوە و هەڵکەندنـی رووبارەکانـی هۆبـەی سـەڵاحیە و یاریدەدەرانـی سـەر بـە کارگێـری ئەملاکـی ویلایەتـی موسـڵ ۷۰۰۳۵ قـورووش بـۆ هەڵکەنـدن و ۲۸۷۵ قـورووش بـۆ رێکخسـتنی جۆراوجـۆر دانـراوە، بـۆ بریـاری دابیـن کـردن و خـەرج کردنـی ۷۲,۹۱۹ قـوروش بـە دەفتـەرداری ویلایەتـی موسـڵ و بەرێوەبەرایەتـی ئەمـلاك بـە هاوبەشـی تەلەگرافنامـە لـە مێـژووی ۲۸ کانوونـی یەکـەم ۱۳۲۹ ژمـارە ۷۷٦/۱۰۸٦۷ رەوان کـراوە، ئەگەرچـی بـە گونجـاو زانـراوە، بـەڵام لـە رێکخسـتنی هەڵکەنـدن پارەیەکـی کـەم خـەرج کـراوە، بـۆ دابیـن کردنـی ئاقچەیەکـی گونجـاو حاڵـی حـازر ۳۰۰۰۰ قـورووش لـە بەشـی ۵۹ و بابەتـی ٥ لـە بودجـەی دارایـی ئـەم ساڵـەدا ۲۸۷۵ قـورووش رێکخـراوە، ئەمـەش بـە تەلەگـراف راگەیەنـدراوە و بریـار و حەواڵـە دەدرێتـە بەرێوەبەرایەتـی ژمێریـاری دارایـی.</td></tr>
</table>





| İ.DH | 01506.000027 | 7 ڕەبیعی کۆتایی 1332 (5 مارت 1914) |
|---|---|---|

بابی عالی
نەزارەتی ناوەخۆ
بەڕێوەبەرایەتی‌فەرمانبەران
ژمارە ٣٦٦٤
فەرمانی پاشا

ڕاغب بەگ کە لە قائیمقامیەتی قەزای ئەرگلی جیابۆتەوە، بە مووچەی چینی دووەمی قائیمقامیەتی لە قەزای سەڵاحیە دامەزراوە.


بۆ جێبەجێ کردنی ئەم کارە نازری ناوەخۆ ئەرکی پێدراوە، ٧ ڕەبیعی کۆتایی ١٣٣٢ و ٢٠ شوبات ١٣٢٩.
نازری ناوەخۆ سەدری ئەعزەم



هەواڵنامەی کتێب


| BEO | 004265.319870 | 9 رەبیعی کۆتایی 1332 (7 مارت 1914) |
| --- | --- | --- |

نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
وەڵامـی نـووسراوی ١٨ شـوبات ١٣٢٩ ژمـارە ٢٠٧٣: راغـب بـەگ کـە لـە قائیمقامیەتـی قـەزای ئەرگلـی دوورخراوەتـەوە، بـە مووچـەی چینـی دووەمـی قائیمقامیەتـی، لـە قائیمقامیەتـی قـەزای سـەڵاحیە دادەمەزرێـت، بـە فەرمانـی پاشـا جەنابـی پەیوەندیـداری خەلافـەت رەزامەنـدی نیشـان داوە، وێنـەی پەسـەند کـراوی رەوان کـراوە، هیممـەت بکرێـت لـە جێبەجـێ کردنـی.




DH.MB.HPS.00011.00016.001

| DH.MB.HPS | 00011.00016 | 15 ره‌جه‌ب 1333 (29 مایس 1915) |
|---|---|---|
| له‌لایه‌ن ته‌ڵعه‌ت به‌گ ئه‌فه‌ندی نازری ناوه‌خۆ بۆ بریكاری مه‌كتوبچی والی موسڵ شه‌ریف موختار به‌گ ئه‌فه‌ندی<br><br>وه‌ڵامی نووسراوی ٩ شوبات ١٣٣١ ژماره ٣٣٦ی عالیه، بۆ نۆژه‌نكردنه‌وه‌ی گرتووخانه‌ی سه‌ڵاحیه، ٢٧٥ قوروش رێكخراوه، حه‌واڵه‌نامه‌ی ٨ مایس ١٣٢٢ ژماره ٢٣٢-٩ له‌گه‌ڵ نووسراوی ده‌رخسته و وێنه‌ی په‌سه‌ند كراوی و خشته‌ی رێكخراوی كارگێری گرتووخانه‌كان له هه‌ر یه‌كه دوو كۆپی به‌رز كراوه‌ته‌وه. | | |




هەواڵنامەی کتێب

| DH.SYS | 00049.00089 | 29 موحەررەم 1333 (17 کانوونی یەکەم 1914) |
| --- | --- | --- |
| سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نێردراوانی شکۆدار<br>بریاردراوە مانگانە کاروان بۆ بەغداد بەرێبکەوێت، بۆ راگەیاندنیشی نێردراوی کەرکووک محەمەد عەلی بەگ لە سەڵاحیە تەلەگرافنامەی بۆ سەرۆکایەتی یەکەم ناردووە. | | |




DH.UMVM.00131.00080.001

<table>
<tr><th>DH.UMVM</th><th>00131.00080</th><th>17 شەعبان 1333 (30 حوزەيران 1915)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران و تۆماری كەسێتی<br>١٧١٩٢ گشتی<br>٤ تايبەتی<br>لە مێژووی ١٠ حوزەيران ١٣٣١ لە ويلايەتی بەغداد عاسم بەگ باش كاتيبی تايبەتی ژمێرياری بە وەكالەت لە قائيمقاميەتی سەڵاحيە كە لە چينی دووەمە بە نيوە مووچە دامەزراوە، چۆنيەتی كارەكەش بە تەلەگراف بە ويلايەتەكانی موسڵ و بەغداد راگەيەندراوە، زانياری بۆ بەڕێوەبەرايەتی عالی رەوان دەكرێت.</td></tr>
</table>



هەواڵنامەی کتێب


| 11 ڕەبیعی یەکەم 1333 (27 کانوونی دووەم 1915) | 00196.00019 | MV |
|---|---|---|

پوختەی بابەت


نـووسراوی ٧ ڕەبیعـی یەکـەم ١٣٣٣ واتـە ١٠ کانوونـی دووەم ١٣٣٠ ژمـارە ٤٥٦ ی نەزارەتـی داد خوێندنـەوەی بـۆ کـرا.

بڕیار

بــە ئامــاژەی نەزارەتــی ناوەخــۆ ڕاگەیەنــدراوە، فەرحــان بــەگ زادە ســلێمان بــەگ لــە ســەرۆکەکانی عەشـیرەتی بەیانـی و دانیشـتوانی گونـدی ئەبـو حەسـەن سـەر بـە قـەزای سـەڵاحیە بـووە، بـە مەبەسـتی کوشـتن ناوبـراو لێـی داوە و برینـداری کـردووە، بۆیـە بەبـێ ئامـادە بـوون سـزای ٣ سـاڵ زیندانـی بەسـەر سـەپێنراوە، عـەلاوی خالـد بـەگ مەعـروف لـە سـەرۆکەکانی زەنـد و دانیشـتووی گونـدی سـەباحیلەر بـە بابەتـی دزیکـردن بەبـێ ئامادەبـوون سـزای ٣ سـاڵ زیندانـی بەسـەر سـەپێنراوە، لـە بارەیانـەوە چاودێـری یاسـایی ئەنجـام بدرێـت، نـووسراو بـۆ نەزارەتـی ناوهاتـوو کـراوە تـا کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت.





<table>
<tr><td>İ.DH</td><td>01516.000034</td><td>5 زیلقەعدە 1333 (14 ئەیلوول 1915)</td></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کەسێتی و فەرمانبەران<br>١١٦١<br>فەرمانی پاشا<br>سـادق ئەفەنـدی بەڕێوەبـەری ناحیـەی نزیـب بـە مووچـەی چینـی سـێیەم لـە قائیمقامیەتـی سـەڵاحیە دامـەزراوە.<br><br>بــۆ جێبەجــێ کردنــی فەرمانــی پاشــا نــازری ناوەخــۆ ئەرکــی پێــدراوە، ٥ زیلقەعــدە ١٣٣٣ و ١ ئەیلــوول ١٣٣١.</td></tr>
</table>



ŞD.02209.00046.002


هەواڵنامەی کتێب

| ŞD | 02209.00046 | 3 رەبیعی کۆتایی 1333 (18 شوبات 1915) |
| --- | --- | --- |
| ویلایەتی موسڵ<br>راغب ئەفەندی قائیمقامی قەزای ئۆوەجق، کاتی خۆی کە قائیمقامی قەزای سەڵاحیە بووە، کاری سەرپێچی ئەنجام داوە، بۆیە ناوبراو لەگەڵ هاوەڵانی دەدرێنە دادگا، مەزبەتە لە فەرمانگەی مەعاریفی مولکیە ڕێکخراوە، مەزبەتە و ئەوراقەکانی پەیوەست بەم بابەتەش بەرز کراوەتەوە. | | |




| BEO | 004334.324998 | 14 ڕەبیعی یەکەم 1333 (30 کانوونی دووەم 1915) |
|---|---|---|

نەزارەتی داد و ناوەخۆی شکۆدار
وەڵامـی نـووسراوی ١٠ کانوونـی دووەم ١٣٣٠ ژمـارە ٤٥٦ی عالیـە، فەرحـان بـەگ زادە سـلێمان بـەگ دانیشـتوی گونـدی ئەبـو حەسـەن کـە سـەر بـە قـەزای سـەڵاحیەیە و سـەرۆکی عەشـیرەتی بەیـات لەسـەر بابەتـی کوشـتن بـە بـێ ئامادەبـوون بـە ٣ سـاڵ و عـەلاوی خالـد کـوڕی مەعـروف دانیشـتوی گونـدی سـەباحیلری سـەر بـە قـەزای ناوهاتـوو و لـە سـەرۆکەکانی زەنـد لـە سـەر دزیـن بـە بـێ ئامـادە بـوون بـە ٣ سـاڵ زیندانـی سـزا دراون، لـە بارەیانـەوە چاودێـری یاسـایی دواخـراوە، بـە ئامـاژەی ناوەخـۆ و لەسـەر نـووسراوی هاتـووی نەزارەتـی دادی شـکۆدار لـە ئەنجوومەنـی بریـکارەکان ئـاگاداری دراوەتـە نەزارەتـی ناوهاتـوو، لـە ئەنجوومەنـی بریـکارەکان زانیـاری دراوەتـە نەزارەتـی ناوەخـۆی شـکۆدار، کارەکـە جێبەجـێ بکرێـت.


هەواڵنامەی کتێب

İ.DUİT.00044


| İ.DUİT | 00044.000057 | 8 شەوال 1334 (8 ئۆغستۆس 1916) |
|---|---|---|
| بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران و تۆماری کەسێتی<br>ژمارە ١٣٠٢<br>فەرمانی پاشا<br>ڕەفعەت ئەفەندی قائیمقامی خوشاب لە قائیمقامیەتی سەڵاحیە بە مووچەی چینی دووەم دادەمەزرێت.<br><br>بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا نازری ناوەخۆ ئەرکی پێدراوە، لە ٨ شەوال ١٣٣٤ و ٢٥ تەمموز ١٣٣٢.<br>سەدری ئەعزەم نازری ناوەخۆ | | |




ML.EEM.01196.00001.002

| ML.EEM | 01196.00001 | 28 رەجەب 1334 (31 مایس 1916) |
|---|---|---|

نەزارەتی دارایی
بەڕێوەبەرایەتی ئەملاکی میریە
قەڵەمی دووەم
ژمارە ٣٠٨
١٠٩٩ گشتی
٢٠١٦٢ قوروش/ ساڵ ١٣٣٢/ بەشی ٩/ مادده ٤/ پارەی ویلایەتی موسڵ
لـە یاریـدەدەری قەرەتەپـە و هۆبەی سـەڵاحیە وەکـو قەرەبووکردنـەوە ٢١,٦٨٠ قیە چەڵتـوك دابەش کـراوە، هەروەها بـۆ ڕەزامەنـدی هەشـت یـەك وەکـو قەرەبووکردنـەوە ٢٠,١٦٢ قـوروش ڕێکخـراوە، بـۆ ئەمـەش حەواڵەنامـە ڕەوان کـراوە، لـە بەڕێوەبەرایەتـی ئەمـلاك و دەفتـەرداری موسـڵ بـە هاوبەشـی تەلەگرافنامـە هاتـووە و ڕاگەیەنـدراوە، بـە پێویسـت زانـراوە ڕەزامەنـدی خـەرج کردنـی بدرێـت، بـڕە پـارەی باسـکراو لەم سـاڵەدا لـە بودجەی دارایی بەشـی ٩ی مـاددەی ٤ پەیوەسـت بـە کشـتوکاڵ بـە تەخمینـی، لـە ڕێکخسـتنی زەخیـرە لەگـەڵ نێرومێـی ئـاژەڵ و ئامێـری بـە نـرخ حەواڵەنامـە نێـردراوە، هەروەهـا بـۆ بڕیـاری خـەرج کردنـی خەرجـی ڕابـردووی وەرزی کشـتوکاڵ بـە تەلەگرافنامە هاتـووە، لـەم بابەتـەدا بڕیـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی ئـەم کەسـەیە کـە فەرمانـی بەدەسـتەوەیە.





ML.EEM.01212.00001.003

هەواڵنامەی کتێب

| ML.EEM | 01212.00001 | 11 سەفەر 1334 (19 کانوونی یەکەم 1915) |
|---|---|---|


نەزارەتی دارایی
بەڕێوەبەرایەتی ئەملاکی میریە
قەڵەمی دووەم
ژمارە ٩٧٩
٢٤٤٤ قوروش/ ساڵ ١٣٣١/ بەشی ٩/ ماددە ٥/ پارەی ویلایەتی موسڵ
خانەی کارگێری هۆبەی ئەملاکی سەڵاحیە پێویستی بە نۆژەنکردنەوەیە، نووسراوی دەرخستەکەی ڕەوانی پۆستە کراوە، بۆ جێبەجێ کردنیشی ٢,٤٤٤ قوروش ڕەوان بکرێت، هەروەها بۆ خەرج کردنیشی بە تەلەگراف ڕەزامەندی بدرێت، لە دەفتەرداری موسڵ و بەڕێوەبەرایەتی ئەملاک بە هاوبەشی لە تەلەگرافنامەی ٢٩ تشرینی دووەم ١٣٣١ داواکراوە، بۆ ڕەزامەندی خەرج کردنیشی بە پێویست زانراوە برە پارەی دیاری کراو لە بودجەی ئەم ساڵەدا بەشی ٩ ماددەی ٥ی بابەتی داهات وەرگیراوە، سەبارەت بە دروست کردن و نۆژەنکردنەوە و هەڵکەندنی ئەملاک و زەوی میری حەواڵەنامە ڕەوان کراوە، لەم بابەتەدا بریار و فەرمان بۆ جەنابی ئەم کەسەیە کە فەرمانی بەدەستەوەیە.



BEO.004422.331602.001

| BEO | 004422.331602 | 16 رەمەزان 1334 (17 تەمموز 1916) |
| --- | --- | --- |


نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار
وەڵامـی نـووسراوی مێـژووی ٢٩ حوزەیـران ١٣٣٢ ژمـارە ٣٦٠، سـادق بـەگ قائیمقامـی قـەزای سـەڵاحیە لـە قائیمقامیەتـی قـەزای زاخـۆ دادەمەزرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش لـە مێـژووی ٢ تەممـوز ١٣٣٢ بـە فەرمانـی پاشـا رەزامەنـدی نیشـان دراوە و وێنـەی پەسـەند کـراوی بـەرز کراوەتـەوە.



İ.DUİT.00044


هەواڵنامەی کتێب

<table>
<tr><th>İ.DUİT</th><th>00044.000098</th><th>19 موحەررەم 1335 (15 تشرینی دووەم 1916)</th></tr>
<tr><td colspan="3">بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران و تۆماری کەسێتی<br>ژمارە ٢٠٥٨<br>فەرمانی پاشا<br>سـلێمان سری ئەفەنـدی لـە قائیمقامیەتـی قـەزای سـەنغورلی جیابۆتـەوە، بـە مووچـەی چینـی سـێیەم لـە قائیمقامیەتـی قـەزای سـەڵاحیە دامـەزراوە.<br><br>بـۆ جێبەجـێ کردنـی ئـەم کارە نـازری ناوەخـۆ ئەرکـی پێـدراوە، ١٩ موحـەررەم ١٣٣٥ و ٣ تشرینـی دووەم ١٣٣٢.<br>بریکاری نازری ناوەخۆ سەدری ئەعزەم</td></tr>
</table>





İ.DUİT.00045

| İ.DUİT | 00045.000060 | 22 رەجەب 1335 (14 مایس 1917) |
|---|---|---|
| بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کەسێتی و فەرمانبەران<br>٦٣١<br>فەرمانی پاشا<br>ئەمین بەگ قائیمقامی نەجەف بە هەمان مووچە گوازراوەتەوە قائیمقامیەتی سەڵاحیە و دامەزراوە.<br><br>بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی پاشا نازری ناوەخۆ ئەرکی پێدراوە، ٢٢ رەجەب ١٣٣٥ و ١٤ مایس ١٣٣٣.<br>سەدری ئەعزەم و نازری ناوەخۆ | | |




Y.PRK.AZJ.00045.00060.001

<table>
<tr><td>Y.PRK.AZI</td><td>00045.00060</td><td>22 ڕەجەب 1335 (14 مایس 1917)</td></tr>
<tr><td colspan="3">ڕاگەیەندراوی بەندەی داعیە<br>باپیـری خوالێخۆشـبووم شـێخ ئەحمـەد کاکـە بـە عیبادەتـەوە خەریـك بـووە و دژایەتـی عالـی نەکـردووە، بـەڵام لـە ویلایەتـی موسـڵ شـیکردنەوەی خـراپ بـۆ مانـەوەم کـراوە، تـا ئێسـتا لـە زۆر ئەرکـدا خزمەتم کـردووە، لـەم ڕۆژانەش لـە نەزارەتـی ناوەخـۆی شـکۆدار مەزبەتـە هاتـووە تەنانـەت ئامـۆزا و زاواکەشـم سـەید ئەحمـەد و سـەید غەریـب لـە نـاو سـەیدەکاندا ڕێـز و پلـەی خۆیـان هەیـە و مانەوەیـان بـەم شـێوەیە، لاوازیـەك لـە ڕێـزی سـەیدەکان دروسـت دەکات، بۆیـە سـەید ئەحمـەد لـە یەکێـك لـە قائیمقامیەتەکانـی قەزاکانـی مەعمـورەی حەمیدیـە یـا سـەڵاحیە یـا هەولێـر دابمەزرێـت، پلەکەشـی بـەرز بکرێتـەوە، سـەید غەریبیـش لـە بەڕێوەبەرایەتـی غـەوارە بـە بـەرز کردنـەوەی پلەکـەی دابمەزرێـت، لـەم بابەتـەدا بڕیـار و فەرمـان بـۆ جەنابـی پاشـای ئەفەندیمانـە.<br>بەندەی خزمەتکاری تەکیەی شێخ ئەحمەد کاکە</td></tr>
</table>


OSMANLI ARŞİVİ
DH.ŞFR

DH.ŞFR.00076.00243.70.001

| DH.ŞFR | 00076.00243 | 8 شەعبان 1335 (30 مایس 1917) |
| --- | --- | --- |
| بابی عالی<br>نەزارەتی ناوەخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی فەرمانبەران و تۆماری کەسێتی<br>٢٧٩٧٨<br>٢٨<br>موتەسەرفی زور<br>شیفرەی ٢١ مایس ١٣٣٣، بە بڕیاری موسڵ ئەمین بەگ لە قائیمقامی سەڵاحیە دامەزراوە، بۆ ئەوەی بە پەلە ڕەوان بکرێت، هەروەها ئاماژەی پێ بکرێت یوسف کەنعان بەگ لەگەڵ قائیمقامی کامە قەزا گۆڕینەوەی پێ بکرێت گونجاوە.<br>بە ناوی نازر | | |




هەواڵنامەی کتێب


| BEO | 004440.332955 | 21 موحەررەم 1335 (17 تشرینی دووەم 1916) |
|---|---|---|

وەکالەتی نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار

وەڵامـی نـووسراوی ژمـارە ٦٦٠ ی ١ تشرینـی دووەم ١٣٣٢، سـلێمان سری ئەفەنـدی لـە قائیمقامـی قـەزای سـنغورلی جیابۆتـەوە، لـە قائیمقامیەتـی قـەزای سـەڵاحیە دابمەزرێـت، بۆ ئەم مەبەسـتە لە مێـژووی ٣ تشرینـی دووەم ١٣٣٢ بە فەرمانـی پاشا رەزامەنـدی نیشـان دراوە و وێنـەی پەسـەندکراوی بـەرز کراوەتـەوە، بـۆ سـەروو نێـردراوە ئەفەنـدم.



| BEO | 004463.334703 | 17 جەمادی کۆتایی 1335 (10 نیسان 1917) |
|---|---|---|
| نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار<br>وەڵامـی نـووسراوی ١٠٥ ی ٥ نیسـان ١٣٣٣: سری بـەگ قائیمقامـی قـەزای سـەڵحیە لـە قائیمقامیەتـی قـەزای رانیـە دامەزرێـت، بـۆ ئـەم مەبەسـتە لـە مێـژووی ٨ تەممـوز ١٣٣٣ بـە فەرمانـی پاشـا رەزامەنـدی نیشـان دراوە و وێنـەی پەسـەند کـراوی بـۆ سـەروو بـەرز کراوەتـەوە. | | |



هەوڵنامەی کتێب

| 23 رەجەب 1335 (15 مایس 1917) | 004469.335175 | BEO |
|---|---|---|

نەزارەتی ناوەخۆی شکۆدار

وەڵامی نووسراوی ١٣ مایس ١٣٣٣ ژمارە ١٩٨: ئەمین بەگ قائیمقامی قەزای عەنە لە قائیمقامیەتی قەزای سەڵاحیە دامەزرێت، بۆ ئەم مەبەستەش بە فەرمانی پاشا رەزامەندی دراوە و وێنەی پەسەند کراوی هاوپێچ بەرز کراوەتەوە.